سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست

## بابەتەکان:

١- دیپلۆماسیی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران ........................................ ٤
٢- کۆماری کوردستان بەرهەمی دیپلۆماسی نەتەوەیی پێشەوا ........................................ ١١
٣- دیپلۆماسیی میدیایی رۆژنامەی کوردستان ........................................ ١٦
٤- میوانی ئەمجارەی کۆشکی ئێلیزە ........................................ ٢١
٥- ١٧ی جۆزەردان و «کوردستان و کورد» ........................................ ٢٨
٦- دیپلۆماسیی سەربەخۆیی ........................................ ٣٤
٧- هەنگاوەکانی نافەرمانیی مەدەنیی کوردستان بەرەو سەرکەوتنە ........................................ ٣٨
٨- ڕۆژهەلاتی کوردستان و ریفراندۆم ........................................ ٤٣
٩- کۆماری ئەخلاق لە درێژەی کۆماری کوردستاندا ........................................ ٤٩
١٠- میدیایەکی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەلات ........................................ ٥٦

١١- شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان بەرێوەیە ........................................................ ٦٠
١٢- سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە هەناردەکردنی شۆڕشەوە بۆ هاوردەکردنی هەژاری ............................ ٦٣
١٣- ڕۆژهەڵاتییەکان و دیپلۆماسیی شەقام لە دەرەوەی وڵات .................................................... ٦٨

## دیمانەکان:

١٤- وتەبێژی جەیشولعەدل: دەسەڵات دەرفەتی چالاکیی سیاسیی لە دژبەرانی بڕیوە ............................ ٧٢
١٥- مافە نەتەوایەتییەکان لە بەرەی هاوپەیمانییەکانی دژ بە ئێراندا ......................................... ٧٨
١٦- د.ناهید حوسێنی: پێویستیمان بە پێکهێنانی بەرەیەکە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلام ...................... ٩٠
١٧- حیشمەت تەبەرزەدی: باوەڕم بە فیدرالیزمە لە جۆری جوغرافیاییەکەی ...................................... ٩٧
١٨- ناساندنی پرسی کورد بە پشتبەستن بە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ ................................. ١٠٢
١٩- نەتەوەکانی دیکەی ئێران و کۆماری کوردستان ............................................................. ١١٠
٢٠- ڕێژیمی ئێران بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو ............................................................ ١١٦
٢١- فەراز فیرووزی: دانانی ڕەییسی لە لایەن خامنەییەوە بەمانای بەکەم زانینی شعووری گشتیی خەڵکە ..... ١٢٢

# بابەتەکان

## دیپلۆماسیی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران

دیپلۆماسی گرنگترین کەرەستەی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکە بۆ ئەوەی گەشە بە پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی بدرێ و بەهۆی پارێزبەندی دیپلۆماتەکانەوە، وڵاتان دەتوانن پەیامی جیاوازی خۆیان لە بواری سیاسییەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ریکخراوەگەلی نێودەوڵەتی و هەروەها لەو وڵاتانەی کە باڵیۆزخانە و کۆنسوولخانەیان هەیە، بێننە بەرباس. دیپلۆماسی و دامودەزگای وەزارەتی دەرەوە لە هەر وڵاتێک ڕۆچنەی ئەو وڵاتەیە بۆ جیهانی دەرەوە. وڵاتان هەوڵیان ئەوەیە لە دەرگەی کراوەی دیپلۆماسی زۆرترین کەڵک وەربگرن کە قازانجی ئابووری و کولتووری وڵاتەکەیانی پێوە بێت و هەروەها کە ئاگادارین هەر وڵاتێک بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی کە لە سیاسەتی درێژخایەندا دایڕشتووە، پلانی کاری کورتخایەن و درێژخایەنیشی بۆ وەزارەتی دەرەوەی دیاری کردووە.

تیرۆر لە زمانی فەڕەنسیدا واتای ترس و خوڵقاندنی ترسە و لە "دانشنامه سیاسی" داریوش ئاشووری لە پێناسەی تیرۆردا هاتووە کە "پێناسەی تیرۆر بۆ کوشتاری سیاسی بەکار دێت و بەو کەسانەی ئەم کردەوە ئەنجام دەدەن دەوترێت، تیرۆریست". ئەوانەی پەیڕەوی ئایدۆلۆژیای تیرۆریزم دەکەن کەسانێکن کە ڕاهێنراون و ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە بەپێی ئایدۆلۆژیای ئەوان، ڕێگەپێدراوە. تیرۆریزم کردەوەیەکی توندوتیژییە بۆ کوشتنی موخالفینی سیاسی کە بەدوورە لە عورفی کۆمەڵگە و ئەخلاقی ئینسانی و یاسای نێودەوڵەتی و ئاکامی ئەم کردەوەش خوڵقاندنی ترسە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و هەژاندنی ئاڵۆزی و گەشەی توندوتیژییە لە جیهاندا.

حکوومەتە تولیتارەکان لە ڕێی ئەو میدیا بەربڵاوانەی کە لەبەر دەستیان دایە و هەروەها باڵیۆزەکانیان، هەمیشە

هەوڵیان داوە کە تۆمەتی تیرۆر لە خۆیان دوور بکەنەوە و بیخەنە پاڵ خەباتی ئازادیخوازیی بەرهەڵستکارانی وڵاتەکەیان. بۆ شیکردنەوەی جیاوازیی نێوان خەباتی ئازادیخوازیی و تیرۆریزمی دەوڵەتی ئاماژەیەکی کورت بەم چەند خاڵە دەکەم: بۆ تیرۆریزمی دەوڵەتی هیچ گرنگ نییە چەند خەڵکی بێتاوانی وڵاتەکەی خۆیان یاخود ئەو وڵاتەکەی کە تیرۆرەکەی تێدا ئەنجام دەدەن، خوێنیان دەڕژێ و هەروەها بۆ تیرۆری کەسایەتی‌یەکی سیاسی بەرهەڵستکار هەزینەیەکی زۆری مادی دەدەن و تەنانەت ئامادەشن کە پارە و گرێبەستی خەیاڵی بەو وڵاتەی کە تیرۆرەکەی تێدا دەکەن، بیدەن. بەڵام ئازادیخواز لە خەباتەکەی‌دا گیان و ماڵی ئەو خەڵکەی کە خەباتی بۆ دەکات زۆر لا گرینگە و خەڵکی بێتاوان ناکاتە ئامانج. ئامانجی تیرۆریزم مانەوەی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و مرۆڤکوژی تولیتاریستی‌یە بەڵام ئامانجی ئازادیخواز وەدیهێنانی دێموکراسی و مافی مرۆڤە. تیرۆریزم لەلایەن هەر کەس و گرووپێکەوە بێت وڵاتێک پشتیوانی بێوچانی دەکات بەڵام خەباتی ئازادیخوازی تاکە پشتیوانەکەی ئەو میللەتە چەوساوەیە کە هەوڵ بۆ پێشکەوتنی دەدات.

برایان میشێل جێنکینز Brian Michael Jenkins لە هەواڵنێرانی بەناوبانگی بواری تیرۆریزم، لە باسی تیرۆریزمی دەوڵەتی بەناوی "شەڕ لە ڕێی جێگرەوە" پێناسەی دەکات و دەڵێت: "ئەو وڵاتانەی تیرۆریزمی دەوڵەتی پەیڕەوی دەکەن، بەرتەسکی‌یەکانی شەڕی "متعارف" دەزانن بۆیە پێیان باشترە لە ئیمکاناتی ڕێکخراوەگەلی تیرۆریستی کە خۆیان دایانمەزراندوون یان پشتگیرییە ماددییەکەیان وەئەستۆیە، بۆ هەڕەشەی دوژمن یان ئاڵۆزی لە سەقامگیریی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتەی مەبەستیانە کەڵکی لێوەر بگرن". ناوبراو ڕای وایە ئەم شێوە لە تیرۆریزم کە سەرمایەگوزارییەکی زۆر کەمتری لە شەڕی "متعارف" پێویستە، دەتوانێ دوژمن لەپێ بخات و بەتەواویش نکوڵی لە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ تیرۆریستەکان‌دا بکات.

یەکێک لە گرنگترین باسەکان لە بەشی دیپلۆماسی گشتی، بەکارهێنانی شێوەگەلی جۆراوجۆرە بۆ وەدیهاتنی مەبەستگەلی سیاسی. دیپلۆماسی گشتی هەرچەند ڕێگەیەکی جیاوازی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە لە بواری دارشتن، بەڕێوەبردن، نێوەرۆک و پڕوپاگەندە هەیە بەڵام لە کۆتایی‌دا لە پێکانی مەبەست هاوبەشن. دیپلۆماسی "تلفیقی"، ئاوێتەکردنی چەمکی دیپلۆماسی‌یە لەگەڵ ئەو بەشەی کە ناوەندەکانی بڕیاری سەرەکیی وڵات بۆ سیاسەتی دەرەوە، بە پێویست و دروستی دەزانن.

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بەئاشکرا رایگەیاند کە "نە سنوورێک دەناسین و نە زمانێک و نە نەژادێک" و "صدور انقلاب اسلامی"یان کردە بنەمای سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان. بۆ بەڕێوەبردنی پۆستە گرینگەکانی وڵات و هەروەها دیاریکردنی دیپلۆماتیش بۆ دەرەوەی وڵات "تعهد"یان وەپێش "تخصص" خست و لە یەکەم هەنگاویاندا بۆ جێبەجێکردنی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیا توندڕەوییەکەیان "سوپای قودس"یان دامەزراند. وردبوونەوەیەک لە هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ ئەو سوپایەی کە چالاکی سەربازیی و تیرۆریستی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات وەئەستۆیە بەرچاوڕوونی‌یەکی زیاترمان دەداتێ کە بۆچی لەکاتێکدا ئیمامانی شیعە لە نەجەف، بەغدا، کەربەلا، کووفە و مەشهەدن بەڵام ناوی قودس بۆ سوپاکەیان هەڵدەبژێرن؟ ئەوەی من لەم ناوە دەیخوێنمەوە زیاتر مەبەستێکی پاوانخوازی و داگیرکردنی خاکی وڵاتانی لەپشتە. ستراتێژییەک لە پشت دیاریکردنی ئەم ناوەوە هەیە و بەپێی بیلانی کاریی ئەم سوپایەش بۆمان دەرکەوتووە کە بۆ سوپای قودس زمان و نەژاد و سنوور گرنگ نییە و هەر تاقم و گرووپێک لەگەڵ سیاسەتی تیرۆریستیی ئێراندا بێت بە باوەشی ئاوەڵەوە وەریدەگرێت. گرووپی توندڕەوی شیعە بەدژی سوننە، گرووپێکی توندڕەویتری سوننە بەدژی لایەنەکانی‌تری، گرووپی توندڕەوی جوولەکە بەدژی مەسیحی و هتد، هەر هەموویان وەردەگرێت بۆ ئەوەش ئاژاوە و قەیران بەردەوام لە ناوچەکەدا هەبێت هەمەجۆرە پشتیوانی‌یەکی ماددی و سیاسی‌یان دەکات. چونکە بوونی قەیران واتە بوونی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆی سیاسی و ئابووری لە ئێران کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی لە پاوانی خۆیدا تۆمار کردووە. سوپای قودسی ئێران بۆ ئەوەی شەڕ لە گۆڕەپانی نێوخۆی وڵاتەکەی دوور بخاتەوە هەمووجۆرە هەزینەیەکی ماددی و سیاسی دەدات کە بەرهەڵستکارەکانی تیرۆر بکات. ئەم تیرۆرانە بۆ ئێران چارەنووسسازە چونکە دەنگی سەرکوتکردنی نەیارانی نێوخۆی وڵاتەکەشی هەر لە نێو هەراوهوریای ئەم تەپڵی شەڕ و تیرۆرانەدا ون دەبێت.

یەکێک لە رۆچنەکانی ئەم دەستدرێژییە تیرۆریستی‌یەش لەلایەن سوپای قودسەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، باڵوێزخانە و کۆنسوولخانەکانیەتی کە تیرۆریستەکانی بەرگی دیپلۆماتیان لەبەر کردووە و چەمکی دیپلۆمات-تیرۆریست بە بالایان دووراوە. هەر باڵێۆزخانە و کۆنسوولخانەیەکی ئێران بەشێکی تایبەتی بۆ چاودێریکردن و داڕشتنی پلان و پاشان جێبەجێکردنی حوکمی تیرۆر هەیە. حوکمی کۆتایی تیرۆر دەبێ دواجار لەلایەن بەرزترین پلەی ئایینی شیعەوە کە ویلایەتی فەقیهە واژۆ بکرێت. یەکەم تیرۆری ئێران لە دەرەوەی وڵات ژەنەڕاڵ شەهریار شەفیق بوو کە رۆژی ١٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی، کاتێک لە ماڵی دایکی واتە ئەشرەفی پەهلەوی لە پاریس دەهاتەوە دەرەوە بە دوو فیشەکی تیرۆریستان کە ئاخوند سادق خەڵخاڵی نوێنەری ئایەتوڵڵا خومەینی لە "دادگاە

انقلاب" حوکمەکەی بەناوی "مفسد فی الارض" لە دادگایەکی غیابی دابوو، کوژرا.

کوژرانی ژەنەڕاڵ شەفیق و بەئاکام نەگەیشتنی بەداواداچوونی نێودەوڵەتی و دەیشکرێ بڵێم بێدەنگیی نێودەوڵەتی لە ئاست ئەم یەکەم تیرۆرە دەوڵەتییە، دەستی تیرۆری ئێرانی ئاوەڵاتر و زمانی دیپلۆماتەکانی ئەو وڵاتەی درێژتر کردەوە کە تیرۆری نەیارەکانیان لە دەرەوەی وڵات لە رێی ئیمکاناتی باڵوێزخانەکانیان و پارێزبەندی دیپلۆماتەنیان، بەشێوەیەکی سیستماتیک بەڕێوە ببەن.

عەلی ئەکبەر تەباتەبایی، وتەبێژی باڵیۆزخانەی ئێران لە ئەمریکا لە سەردەمی محەمەدڕەزا شا، لە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٥٩ی هەتاوی لەلایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەم دەرگەی ماڵی خۆیدا بە فیشەک کوژرا. ژەنەڕاڵ غولامعەلی ئۆوەیسی لە ١٨ی رێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی، لە پاریس لەگەڵ براکەی غولامحسێن ئۆوەیسی بە فیشەکی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژران. بیژەن فازڵی کوڕی ئەکتەری رەخنەگر رەزا فازڵی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٦٥ی هەتاوی بەهۆی بۆمبەوە لە فرۆشگەی خۆی لە لەندەن تیرۆر کرا. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەرو دکتۆر فازڵ رەسووڵ لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە شاری ڤیەن-ی نەمسا (ئۆتریش) لەکاتی دانوستان لەگەڵ دیپلۆمات - تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا و دووبارە لە هەمان ساڵ لە شاری لارناکا-ی قوبرس و سدیق کەمانگەر لە شاری رانیەی کوردستانی عێراق تیرۆر کران. ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی کازمی رەجەوی لە سوئیس و دووبارە لە هەمان ساڵی خاتوو عیفەت قازی کچی سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەمەد بەهۆی نامەیەکی بۆمبرێژکراوەوە لە شاری وێستروس-ی سوید تیرۆر کرا. ١٣٧٠ی هەتاوی عەبدولڕەحمان بروومەند بەڕێوەبەری دەستەی کارگێڕی "نهضت مقاومت ملی ایران" لە پاریس و دووبارە لە هەمان ساڵ و هەمان شار و وڵات شاپووری بەختیار، ١٣٧١ی هەتاوی فەرەیدوون فەڕوخزاد لە شاری بۆن-ی ئەڵمانیا، دوکتور محەمەد سادق شەرەفکەندی و فەتاح عەبدولی و همایون ئەردەڵان و نووری دێهکۆردی لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی لە شاری بێرلین-ی ئەڵمانیا لە لایەن تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامیەوە تیرۆر کرا. ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی رەزا مەزڵوومان لە ماڵی خۆی لە پاریس بە فیشەکی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کرا. دیپلۆماسی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا کەڵکی لە ئاژاوەی کوردستانی عێراق وەرگرت و پتر لە٣٥٢ کەسی لە کوردەکانی رۆژهەڵاتی لەو دەڤەرە تیرۆر کرد. لە دوایین کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عێراق تەقینەوەی شەوی یەڵدای بەردەم دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی

کوردستان بوو، لە شەوی ١ی بەفرانباری ١٣٩٥ی هەتاویدا کە شەهیدبوونی 5 پێشمەرگەی ئەو حزبە و دوو کارمەندی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی بەدواوە بوو.

دەزگەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران لیستێکی دوورودرێژی لە تیرۆری کەسایەتی سیاسی و بەرهەڵستکارانی بۆ خۆی تۆمار کردووە کە بێگومان ئەمە پەڵەیەکی رەشە بەنێوچاوانی ئەو دەسەڵاتە ئیسلامییەوە و هەمان لیستیشیان بۆ تەقینەوە و تیرۆر بەدژی کەسایەتی و ناوەندگەلی بیانی هەیە کە بۆ نموونە دەکرێ ئاماژەیەک بکرێ بە تەقینەوەی ٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ٢٣٦٢ی هەتاوی لوبنان کە کامیۆنێک بە٩٠٠ کیلۆ مادەی تەقینەوە رووی کردە بینای سەرەکیی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەیرووت و هەر لەو کاتەدا ٦٣ کەس کوژران و پتر لە ١٢٠ کەسیش بریندار بوون، تەقینەوە لە ناوەندی جوولەکەکان لە ئەرژەنتین لە ساڵی ١٣٧٣ کە کوژرانی ٨٥ی کەسی لێکەوتەوە، تەقینەوەی ساڵی ١٣٧٥ی ناوەندی ئەلخوبەر-ی سعوودیا کە کوژرانی ١٩ سەربازی ئەمەریکی و ٤٠٠ کەسی دیکەی لێکەوتەوە. ساڵی ١٣٩٠ هەوڵ بۆ تیرۆرکردنی عادل ئەلجوبەیر باڵوێزی ئەوکات و وەزیری دەرەوەی ئێستای سعوودیا، تەقینەوەکانی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە بانکۆک-ی تایلەند و دێلهی هیندوستان بۆ تیرۆری دیپلۆماتەکانی ئیسرائیل و دووبارە لە هەمان ساڵدا دوو ئێرانی ئەندامی سوپای قودس بەتاوانی گواستنەوەی ١٠٠ کیلۆگرام مادەی تەقینەوە بۆ کێنیا دەستگیر و رەوانەی مەحکەمە و زیندان کران. لە سێپتەمبری ٢٠١٥ش هێزی تەناهی بەحرێن دەستیان گرت بەسەر کارگەیەکی دروستکردنی بۆمب کە پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت تاوانباران پەیوەندییان بە سوپای قودسی ئێرانەوە بووە.

ئێران هەمیشە لەو تیرۆر و تەقینەوانەدا تۆمەتی دەستێدابوونی رەتکردووەتەوە و دیارە هەندێ وڵات بەسات و سەودای بازرگانی لە خوێنی رژاوی بەرهەڵستکارانی ئێران بەدەستی سوپای قودس خۆش بوون و ئێستەشی لەگەڵدا بێت رێگەیان نەداوە ئەو دۆسیانە بکرێتەوە بەڵام دادگەی میکونوس و ئەرژەنتین بەفەرمی تیرۆریستبوونی ئێران و سەرکردەکانی ئەو وڵاتەی، بە بەڵگەوە راگەیاندووە و ئیجرائیاتی خۆی کردووە و نەیهێشتووە ئێران بێ عارەق دەرچێ، بەشێوەیەک کە حەسەن روحانی لە لەو باوەڕەدایە کە تارمایی بڕیاری دادگەی میکۆنوس هەتا ئێستاش بەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی وڵاتەکەیدا ماوە، ئەو دەڵێت: "ئەوە میکۆنوسە کە پێشی یارمەتیدانیی ناوکیی وڵاتانی ئەورووپی بە کۆماری ئیسلامی دەگرێت". (امنیت ملی و دیپلماسی هستەای، حسن روحانی)

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لەم نووسینەدا ئاماژەی پێ بکرێت و دەبێ لەبارەیەوە بکۆڵدرێتەوە بۆ ئێران هێندە دەستی ئاوەڵە هێشتراوەتەوە لە تیرۆری بەرهەڵستکارانی وڵاتەکەی لە دەرەوەی وڵات کە کێ بیەوێت تیرۆری دەکات و لە کوێ پێی خۆش بێت، تەقینەوە دەکات؟

ئەوەی راستی بێت تیرۆر هیچ سنوورێکی بۆ نییە و بەتایبەت کە دەوڵەتێکی خاوەن سەرمایەی نەوتیشی وەکو ئێرانی لەپشت بێت، دەتوانێ بە رێکخستنی گرووپگەلی تیرۆریستی بە ئامانجەکانی خۆی بگات و هەروەها لەجیاتی ئەوەی سامان و سەروەتی وڵاتەکەی بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتن هەزینە بکات، دەیداتە گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین ئەژماری بەرهەڵستکارانی وڵاتەکەی لەوێن. پێشگرتنی ئەم سیاسەتە بۆ ئێران بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی نێوخۆی وڵاتەکەی بەردەوام هەژارتر بن و تاوانەکانی کۆمەڵایەتی رۆژانە ڕوو لە زیادبوون بکات و سیمای کۆماری ئیسلامیش لە جیهانی دەرەوە، رەشتر بێت. گوێنەدانی هەندێ وڵاتی زلهێزیش بە کردەوە تیرۆریستییەکانی ئێران ئەم وڵاتەی زیاتر ملهوڕ کردووە بۆ نموونە دەبینین کەسێکی وەکو "سید حسین موسویان" کە باڵیۆزی ئێران لە ئەڵمانیا لە سەردەمی دادگەی میکونوس بوو ئێستە ساڵانێکە لەوپەڕی تەناهیدا لە ئەمریکا دەژی یاخود ئەو کەسانەی کە ناویان پاش دادگەی میکونوس درایە ئینتەرپۆل بەڵام دەستگیر نەکراون، نموونەی لەم جۆرە زۆرن.

هەروەها خاڵێکی تر کە گلەییە و دەکەوێتە سەر وڵاتان ئەوەیە کە دەزانن باڵیۆزخانەکانی ئێران بۆ مەبەستی کاری تیرۆریستی بەکار دێت بەڵام هەتا بەرۆکیان نەگرێتەوە و تووشی گرفتی گەورەیان نەکات، هیچ جۆرە دژکردەوەیەکیان نابێ و تەنانەت وەکو رووداوی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، تیرۆریستەکان لە بینای باڵیۆزخانەی ئێراندا حەشار درابوون و دواتر ڕەوانەی ئێران کران و ئەو دەوڵەتە ئێستەش هەر رێی بەدواداچوونی بۆ ئەو دۆسیە تیرۆریستییە نەدا.

تیرۆر بەشێکی سەرەکی و بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئێرانە و گرنگترین کەرەستەی ئەو وڵاتەیە بۆ گەشەپێدانی دەسەڵات و نفووزی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکا. لە ٥ - ٨ - ١٣٩٥ (٢٦ - ١٠ - ٢٠١٦) سەرتیپی پاسدار سالار ئابنووش لە وتارێکیدا لە هەمەدان بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە "بۆ پارێزگاری لە ویلایەتی فەقیە سوپای پاسداران سنوور ناناسێت" ئەو هەروەها دەڵێت: "هەموو جیهان دڵنیا بن کە بەزوویی لە

ئورووپا و ئەمریکاش سوپای پاسداران دروست دەبێت... شۆڕشی ئێمە وەکو شۆڕشەکانی ئەلجەزایەر و فەڕەنسا نییە. سوپای پاسداران ناوەندێکی بێوێنەیە لە جیهان و وەکو گرووپی شرطه الخمیس لە سەردەمی حەزرەتی عەلی وان". ئێران بۆ گەشەی دیپلۆماسیی تیرۆر هەنگاوێ بەرەوپێش چووە واتە دیپلۆمات-تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنانەت خۆیان لە هاوکاریکردن لەگەڵ گرووپگەلی تیرۆریستی وەکو ئەلقاعیدە و داعش-یش نەبواردووە. رۆژنامەی واشینگتۆن پۆست لە ساڵی ٢٠٠٣ راپۆرتێکی بڵاو کردەوە لەبارەی پەیوەندی پتر لە دە ساڵەی نێوان ئەیمەن زەواهیری و وەزیری بەرگری ئێران ئەحمەد وەحیدی. بۆ یەکەم جار ئەمریکا لە سێی گەلاوێژی ١٣٩٠ی هەتاوی، ئێرانی بە هاوپەیمانی لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدە تۆمەتبار کرد هەروەها تۆمەتبارکردنی ناوەندی مافی مرۆڤی سووریا بە پەیوەندی نێوان سوپای قودس و تیرۆریستەکانی داعش لە سووریا کە دۆکیۆمێنتەکانی لە زاری ئەسیرەکانی ئێرانی بەشداربووی شەڕی سووریا و ئەسیرەکانی داعش دراوەتە دەست راگەیەندنەکانی بیانی و بڵاویش کراونەتەوە. لەم دواییانەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ١٣ - ٣ - ١٣٩٥(٢ - ٦ - ٢٠١٦) لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە تیرۆریزمی جیهانی ڕایگەیاند: "حکوومەتی ئێران هەرچەند لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ لەبارەی پلانی ناوکی‌یەوە بە تەوافوق گەیشتووە بەڵام هێشتا سەرەکیترین وڵاتی پشتیوانی تیرۆریزمە لە جیهاندا".

لە باسی دیپلۆماسیی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێراندا خاڵێکی ورد و جێی سەرنج کە لەم بارەوە پێویستە لە کۆتایی ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ بکرێت قۆناغی پاش تیرۆرەکەیە لەلایەن ئێرانەوە؛ ئێران بەهەموو توانای ماددی و سیاسی‌یەوە بەو دەستوپێوەندییانەی کە ساڵانێکی درێژخایەنە باڵیۆزخانەکان و کۆنسوولخانەکانیان لەو وڵاتەی کە تیرۆرەکە کراوە هەروەها لە رێی جەنگی نەرم لە میدیاوە، پڕوپاگەندەیەکی زۆر بەربڵاو لە بەلارێدابردنی تاوانباری سەرەکیی تیرۆرەکە و ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکینانەوە وەرێ دەخەن و هەموو هەوڵێک دەدەن لە رێی ئەو گرووپ و تاقمانەی کە سەرمایەگوزارییان لەسەر کردوون، ئێران بتوانێت درێژە بەدیپلۆماسی تیرۆر بدات.

(لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جانێوێری ٢٠١٧

# کۆماری کوردستان بەرهەمی دیپلۆماسی نەتەوەیی پێشەوا

کریس کوچرا دەربارەی کۆماری کوردستان لە کتێبێکی لەمبارەوە، بەمجۆرە باسەکەی دەست پێدەکات "کەس باوەڕی نەدەکرد مهاباد ببێتە ئەو کۆمارەی کە زلهێزەکانی نیگەران کرد". بۆیە منیش لەم بابەتەمدا دەمەوێت سەبارەت بە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی سەرکۆمار پێشەوا قازی محەمەد کە ئاکامەکەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی بوو، بدوێم.

نەتەوەی کورد بەهۆی ئازادیخوازیی و مرۆڤدۆستییەکەیەوە لە درێژایی مێژوودا لە جوغرافیایەک هەڵکەوتووە کە کوردستان وەکو خاڵێکی سپی بووە لە لاپەڕەیەکی ڕەشدا کە دراوسێکانی و هەروەها زلهێزەکانیش هەوڵی سڕینەوەی نەتەوە و خاکەکەیان داوە و لە هیچ کردارێکی نامرۆڤانەی توندوتیژیی خۆیان نەبواردووە. بۆیە کە دەڕوانیتە هێماکانی ئەم نەتەوەیە پتر کەسانی قارەمانی گۆڕەپانی بەرخۆدانیی سەربازیی دژی داگیرکەرن و لە شیعر و هەڵبەست و ڕۆمان و میدیاشدا پتر بایەخ بەو بوارە دراوە و کەمتر ئاوڕێک لەوانە دراوەتەوە کە هەوڵیان بۆ چارەسەریی ململانێکان، لەڕێگەی ئاشتیخوازانە و دیپلۆماسییانە بووە. ڕەنگە بێمتمانەیی بەدوژمنی داگیرکەر وای کردبێت کە ڕێگەی دیپلۆماسییەت و دانوستان زۆر بایەخی پێ نەدرێ دیارە هەندێ جاریش کوردی فیداکاری گۆڕەپانی جەنگ، ئاسانیش لەسەر مێزی دانوستان بەرامبەر دوژمنەکەی نەرمی نواندووە و ئیمتیازی پێ داوە بەڵام پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان هەرچەند مەلایەکی ئایینی و قازییەکی شارەکەی بووە لەو سەردەمەدا، چەند زمانی بیانی زانیوە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بەرپرسانی سەرەکی سوپا و دەوڵەتی ئێران و دیپلۆماتەکانی وڵاتانی بیانی بووە. پێشەوا، پێشەنگ بووە لەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگەی دیپلۆماسیش بە بەشێک لە خەباتەکەی بزانێت و دەسکەوتی زیاتر بۆ نەتەوەکەی لەم ڕەهەندەی خەباتیشەوە، بەدەست بێنێت.

هەڵسوکەوتی پێشەوا لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ئەو دیپلۆماتێکی واقیعبین و کەسایەتییەکی وشیار بووە و توانیویەتی ململانێکانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی و هەڕەشە و گوشارەکان بە هەلێکی ڕاستەقینە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتیی بۆ وەدیهاتنی خەونی نەتەوەکەی بگوازێتەوە.

داگیرکردنی ئێران لە ساڵی ١٩٤١ز. لەلایەن هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و بریتانیا ئەو دەرفەتە کراوەیە نەبوو کە خرابێتە بەردەستی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت شەخسی پێشەوا قازی محەمەد، بەڵکو ئەوە سەرکۆماری کوردستان بوو کە بەهۆی دیپلۆماسییەکی کارا و بەئیرادەوە پێش ڕوودانی ئەو بارودۆخەی ئێران، لە زەمینەسازییەکی جەماوەریی و سەربازیی و دیپلۆماسیدا ئەو هەلەی قۆستبۆوە.

بۆ نموونە ٢٥ی سێپتەمبری ١٩٤١ز. دوو ئەفسەری بەریتانی و ئەمەریکی سەردانی پێشەوا دەکەن و گوێ لە خواستە نەتەوەییەکانی دەگرن بەڵام لە کۆتاییدا دڵساردی دەنوێنن و تەنانەت لە دوو سەردانی پێشەوا بۆ کۆنسوولگەری بریتانیا لە کرماشان پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان، هەمان ساردی لەوانەوە دەبینێت کە وەڵامی "نا" بۆ خواستە نەتەوەییەکانی کورد دەدەنەوە.

هەروەها بەپێی بەڵگەکان لە ٢٥ی نۆڤێمبری ١٩٤١ کە شاندێک لە کوردستانەوە بانگهێشتی یەکێتیی سۆڤیەت دەکرێن، کاتێک "ئەمیر ئەسعەد" باسی پشتگیریی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکات، "باقرۆف" سەرکۆماری ئازەربایجانی یەکێتیی سۆڤیەت، شەفافانە ڕایدەگەیەنێت کە "بارودۆخ بۆ سەربەخۆیی کوردستان گونجاو نییە و کوردەکان دەبێ چاوەڕوان بن" بەڵام هەر ئەم بەرپرسەی یەکێتیی سۆڤیەت لە دیداری شاندی تەوریز بۆ باکۆ بە میوانەکانی دەڵێت: "سنووری نێوان دوو ئازەربایجان ئیتر لە بواری کولتووری و ڕەوانییە بوونی نییە و ڕۆژێک دێت کە تەنها یەک ئازەربایجان ببێت". تەنانەت بۆ ڕووداوەکانی دواتریش ویلیام ئیگڵتۆن لە کتێبی "کۆماری کوردستان ١٩٤٦" هەر لەبارەی ئەم هەڵوێستەی یەکێتیی سۆڤییەتەوە نووسیویەتی: "باقرۆف پێداگر بووە لەسەر ئەوەی کە کوردستان بەشێک بێت لە ئازەربایجانی خودموختار".

دوو شێواز بۆ سەرپەرشتی بابەتگەلی پەیوەندیدار بە پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە جیهاندا لەئارادایە. شێوازی یەکەم چارەسەریی چەکداریی و گۆڕەپانی شەڕە و شێوازی دووهەمیش چارەسەریی دیپلۆماسیانەی کێشەکەیە. بۆ شێوازی یەکەم ژەنەراڵ دەوری سەرەکی دەبینێ و لە شێوازی دووهەمیشدا دیپلۆماتە کە ڕۆڵی هەیە. بێگومان لەکاتی شەڕیشدا بۆ هێنانە بەرباسی کێشەکە و کردنەوەی دۆسییەکە بەڕووی گشتییدا و لە کۆتاییشدا دانوستانێکی کاریگەر و وەلانانی گۆڕەپانی شەڕ، دووبارە هەمان دیپلۆماسییە کە دەوری سەرەکی دەبینێت و هەمیشە وا نەبووە کە براوەی شەڕ براوەی ئاشتی و دانوستان و دیپلۆماسیش بێت. بەپێی هەمان بنەمایە کە دەبینین پێشەوا زۆر

گرنگی بە دیپلۆماسی داوە و لە هەمان کاتدا کە لەشکری مهاباد-ی بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورد، دامەزراندووە بەڵام بەشی سەربازیی لای ئەو پشتگیرییەک بووە بۆ دیپلۆماسی نەتەوەیی و هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی تەمەنی کۆمار، دیپلۆماسی لای ئەو پێگەی تایبەتی هەبووە.

جێگری کۆنسوولی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران لە سەفەرێکیدا بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەبارەت بە دەسەڵاتە ناوچەییەکان و لاوازیی دەسەڵاتی ناوەند بۆ سەرووی خۆی ڕایدەگەیەنێت کە "لە ڕاستیدا چەند کۆمارێکی بچووکی کورد لەم ناوچەیەدا هەن". پێشەوا بەم پرش و بڵاوەی کوردی زانیوە بۆیە زۆر بەخێرایی لەبەر ئەوەی کورد نەبێتە قوربانی سیاسەتەکانی ناوەند و زلهێزەکان، هەوڵی یەکخستنی ماڵی کورد دەدات و دەڵێی هەوڵەکانی شیخ المشایخ-ی باپیری لە ساڵی ١٨٣٠ز. و قازی عەلی باوکی لە ساڵی ١٩٢٠ز. هەر دەبوایە درێژە بدرێت.

لە کاتێکدا کە کومیتەی فەرماندەیی سەربازیی بریتانیا لە ئێران، لە دوو یادداشتدا بۆ ئەفسەرەکانیان ڕایانگەیاندبوو کە "مەبەستی دەوڵەتی بریتانیا پشتگیریی دەوڵەتی ناوەندە و بەهیچ شێوەیەک نابێت بەقازانجی کوردەکان بجووڵێنەوە" و هەروەها لە کاتێکدا کە بەریتانییەکان لایان وا بووە کە قازی محەمەد مەیلەو یەکێتیی سۆڤییەتە، لە لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٣ کە لە دانیشتنێکی پێشەوا قازی محەمەد، لەگەڵ گرێسپێنی Grespigny جێگری مارشاڵی هێزی ئاسمانیی بریتانیا لە عێراق و ئورکورات Urquhart کۆنسوولی بریتانیا لە تەورێز، ئەوان بەئەنقەست وەسفی یەکێتیی سۆڤیەتیان کردووە بۆ ئەوەی دژکردەوەی پێشەوا بزانن کە ئەویش زۆر زیرەکانە لە مەبەستەکەیان تێگەیشتووە و فەرموویەتی: "تەنها بە یارمەتی بریتانیایە کە کوردەکان دەتوانن بارودۆخی خۆیان باشتر بکەن و بگەن بە ئازادی".

هانس جی. مورگێنتا Hans Joachim Morgenthau (February 17, 1904 – July 19, 1980) باوکی سیاسەتی دەرەوە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم و لە بونیاتنەرانی تیۆری واقعبینی کە بە ڕەخنەوە دەڕوانێتە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕای وایە "مەبەستی سیاسەتی دەرەوە دەبێ بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی پێناسە بکرێت و بەرژەوەندیی نەتەوەییش بەپێی دەسەڵات". ئێمە دەبینین پێشەوا لەو سەردەمەدا بەم بەرژەوەندییە نەتەوەییەی زانیوە و لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنێکیدا دیپلۆماسییەتەکەی بۆ بەرژەوەندی

نەتەوەیی نیشتمانەکەی بووە. لە دیدارەکانیدا لەگەڵ کۆنسوول و بەرپرسە ڕووسی و بەریتانییەکان داوایەکی شەخسی و حزبی و بنەماڵەیی نەهێناوەتەگۆڕێ، داوای پێگە و پۆستی لە محەمەدڕەزا شای ئێران و سەرلەشکر حەسەن ئەرفەع فەرماندەی گشتیی ئەرتشی ئێران نەکردووە. هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکانی تەنها باسی پشتگیریکردنی لایەنەکان لە خواستە نەتەوەییەکانی کورد بووە. دیپلۆماسی ئەو هەوڵ بۆ نەتەوەکەی و بەرزکردنەوەی ئاستی خواستی ناسیۆنالیزمی کورد بووە.

ڕێئالیزمی سیاسی مێتۆدۆلۆژییەکی واقعبینانەیە بۆ دەسپێڕاگەیشتن و وەدیهاتنی مەبەستێکی دیاریکراو. ڕێئالیزمی سیاسی بەمانای لەبەرچاوگرتنی ئامانجەکان و لەبیرکردنی نییە بەڵکو شێوازێکە بۆ هەنگاو بەهەنگاو گەیشتن بە ئامانجەکان. پێشەوا زانیویەتی کە یەکێتیی سۆڤیەت و بریتانیا واتە دوو زلهێزی ئەوکاتە، لەگەڵ دامەزراندنی کۆماری کوردستان نین تەنانەت جەعفەری پیشەوەریش لە فێوریەی ١٩٤٥ نارەزایەتی توندی خۆی لەمبارەوە بۆ سەرکۆماری کوردستان ڕاگەیاندووە کە پێشەوا زۆر بوێرانە ڕێگەی بەو هاوبەشە نەداوە کە بڕیاری بەسەر داسەپێنێت و کەسایەتی خۆی و نەتەوەکەی و خواستە بەرهەقەکەی زۆر بە گەورەتر لەو کۆسپانە زانیوە.

دۆخی سیاسی و ئابووری ئێران لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە خراپترین ئاستی خۆیدا بووە هەروەها کەشی سەرکوت و زیندانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەوی وای لە بەشێکی کوردستان کردبوو کە دەرەتانی هەڵمژینی هیچ هەناسەیەکی پشتیوانی بۆ کۆمار لەئارادا نەبوو بەڵام ئەوە ئیرادەی قازی محەمەد و دیپلۆماسی نەتەوەیی ئەو بووە کە یەکێتیی سۆڤیەتی رازی کردووە بۆ پشتگیری لە کۆمارەکەی و تەنانەت مسکۆ ڕێگەی داوە کەرەستەی چاپی ڕۆژنامە و کتێب بۆ کۆماری کوردستان هەنارده بکرێت و پێشەوایش زۆر ئازایانە بەکەڵکوەرگرتن لەو دۆخە، هەوڵی پێگەیاندنی لاوانی وڵاتەکەی داوە و خوێندکاری بۆ زانکۆکانی یەکێتیی سۆڤیەت ناردووە.

ئەمانە هەمووی بەرهەمی ئیرادەی دیپلۆماتێکی نەتەوەییە کە کۆسپ و تەگەرە دەرەکی و نێوخۆییەکانی بینیوە و زانیویەتی بەڵام کاریگەریی نەرێنی و لاوازیی لەسەر ئیرادەی دانەناوە. ئەو دەرفەتە مێژووییەی بەهۆی جەنگی جیهانی دووهەمەوە ڕووی لە کوردستان کردبوو، پێشەوا قازی محەمەد بە هەوڵ و خوێندنەوەی ورد و تێکۆشانی دیپلۆماسی پێشووتری خۆی توانیبووی بیقۆزێتەوە. دیپلۆماسییەکی نەتەوەیی زۆر سەرکەوتووانە کە ئێستەشی لەگەڵدا بێت هەموو پارچەکانی کوردستان بە شانازییەکی مێژوویی دەزانن و لووتکەی ئیرادەی نەتەوەیەک بووە کە

خۆی لە کۆماری کوردستاندا دیتووەتەوە. ئەگەر ئەو ئیرادە و دیپلۆماسییە نەتەوەییەی پێشەوا نەبوایە هەرگیز کۆماری کوردستان دانەدەمەزرا و ئەوپەڕەکەی وەکو ئیالەتێک لە کۆماری ئازەربایجانی ئێران ناوی دەهێنرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

# دیپلۆماسیی میدیایی ڕۆژنامەی کوردستان

یەکێک لە پێناسەکانی چەمکی دیپلۆماسی بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتنە لە کەرەستەگەلی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی، کولتووری و تەکنۆلۆژیا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەوەدا. ڕەوتی پەیوەندیگرتن و ئاڵوگۆڕی زانیاریی بنەمایەکی سەرەکی دیپلۆماسییە و لە کۆمەڵگەی ئێستەدا کە دان و وەرگرتنی زانیاریی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا زۆر خێرا بووە، دیپلۆماسیش ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەخۆوە دیتوە. لە سەرەتای سەدەی سێهەمدا دیپلۆماسی میدیایی ئەو لقەی دیپلۆماسییە کە لە دامودەزگەی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەدا خوێندنەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت و بێگومان لەم نێوەندەشدا میدیا وەکو تەکنۆلۆژییەکی سەردەمیانە کە لە هەموو بوارێکەوە بەردەوام ڕوو لە گەشە و فراوانبوونە، کەرەستەیەکی گرنگە کە لە بەشی دیپلۆماسیی گشتییدا جێگە و پێگە تایبەتییەکەی دیارە و هەرگیز نکوولی لێ ناکرێت.

لە «دیپلۆماسی ئاشکرا» دا هەموو هەوڵەکان لەسەر ئەوەیە کە بیروڕای گشتیی بتوانێت کاریگەریی خۆی لەسەر دەسەڵات، حیزبەکان، کۆمەڵگەی نێوخۆ و هەروەها وڵاتانی تریش دابنێت و لەم بوارەدا ئەوە میدیایە کە دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر بگێڕێت. میدیا بەهەمان شێوە کە کەرەستەیەکی کارایە بۆ سیاسەتوان و دیپلۆمات بەڵام نابێ فەرامۆشیش بکرێت هەر ئەم میدیایە دەتوانێت گرفتی گەورەی بۆ بنێتەوە؛ چونکە میدیا چاوی خەڵکە و لە ڕێی گەیاندنی دەنگی خەڵکەوە ناهێڵێت دەسەڵات بەپێی خواستی خۆی پلانەکانی جێبەجێ بکات بەتایبەت لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتێکی دیموکرات بوونی نییە میدیای حیزبێکی بەرهەڵستکار ڕۆڵی خەباتێکی دیپلۆماسییانە، بەرامبەر دەسەڵات و نەتەوەکانی تر دەگێڕێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تەنانەت ئەگەر بمانەوێ وردتریش بۆی بڕوانین هەر لە سەردەمی چالاکی نهێنی ژێکافەوە لە کاتێکدا ئەو سەردەمە، ئاستی خوێندەواری لە نیشتمانەکەماندا بەرچاو نەبووە؛ زۆر گرنگی بە کاری میدیایی داوە و بەگوێرەی توانای کۆمارێکی کەم تەمەن و حیزبێکی بەرهەڵستکار لە ناوچەیەکی لە بواری ئابوورییەوە لاواز بەڵام لە بواری فیکرییەوە دەوڵەمەند، هەوڵی داوە خواستە نەتەوەییەکەی

بە زمانێکی سەردەمیانە و دیپلۆماسییانە بگەیەنێتە نەتەوەکانیتر و پێیان ڕابگەیەنێت کە خواستی نەتەوەیی کورد واتای ڕەشکردنەوەی نەتەوەکانی دراوسێی نییە و هەروەها لە درێژایی ئەو ساڵانەی ئەرکی ڕاگەیاندنیشیدا ئەو پەیڤەی بە دەسەڵاتی تاران گەیاندووە کە بەکارهێنانی زمانی توند و زبر، لە مرۆڤایەتی و کولتووری نەتەوەیەکی ئازادیخواز، بەدوورە.

ئەگەر بمانەوێت لە چوارچێوەی تیۆری ڕیئالیزم و کۆنستراکتیڤیزمەوە بڕوانینە چەمکی دیپلۆماسی میدیایی؛ ڕیئالیزمەکان کاریگەرییدانان لەسەر بیروڕای گشتیی لە ڕێی دیپلۆماسیی میدیاییەوە بە ئەرکی دەوڵەت دەزانن و کۆنستراکتیڤیزمەکان پێداگریی لەسەر لایەنە مادییەکەی پەیوەندی نێودەوڵەتی دەکەنەوە و دەڵێن مادییەتی سەرزەوینێک وەکو یەکێک لە توخمەکانی دەوڵەت، گرنگ نییە بەڵکو بیرکردنەوەی خەڵکی ئەو سەرزەوینەیە کە گرنگە. ئەوان ڕوانگەیەکی نۆرماتیڤیان بۆ ڕووداوەکان هەیە و دیپلۆماسیی میدیایی چوارچێوەیەک بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی مێشکی خەڵک، دەزانن.

دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە هەر دوو سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا لە کەرەستەکانی ڕاگەیاندنی میدیایی وەکو ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و... هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە ناتەبایی و دوژمنی بخاتە نێو نەتەوەکانەوە و وەها سەرقاڵی کێشەی لاوەکییان بکات کە وزەیان بەخەسار بچێت. دەسەڵاتی تاران هەمیشە ویستوویەتی کە نەتەوەکان بە دژایەتیکردن لەگەڵ یەکتر بخلافێندرێن و کەمتر بیر لە دوژمنی سەرەکی و پیلانەکانی داگیرکەر بکەنەوە. دەسەڵاتی ناوەند کە لە داهات و سامانی نەتەوەیی، پارە و هەزینەیەکی خەیاڵی بۆ ڕاگەیەندنە بێ ئەژمارەکەی کە بە دەیان زمان پەخش و بڵاوکردنەوەی هەیە، سەرف دەکات؛ کاتێک دەڕوانیتە بیلانی ئەم دامودەزگە ڕاگەیاندنە زەبەلاحە دەوڵەتییە کە دەیان هەزار کارمەندی هەیە، بۆت ئاشکرا دەبێت کە حکوومەتی ئێران، ڕاگەیاندنی وەکو ئامرازێک بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتری تەمەنی ئاژاوە و تیرۆر و ستەمکاریی بەکار هێناوە و هەتا پێی کراوە لە ڕاگەیاندنەوە سووکایەتی بە فیکر و داب و نەریت و سیمبولەکانی نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبیانی نەتەوەکەمانی کردووە. هەروەها ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی ئێران بەتێچوویەکی خەیاڵییەوە کە پسپۆڕترین شارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی لەخۆ کۆکردووەتەوە لە جەنگێکی سۆفتوێرییدا بەهێمنی بیرکردنەوە و مێشک و بڕیاردانی خەڵکی ژێردەستەی خۆی، بەمەبەستی دەستەمۆکردنێکی حکوومەتییانە کردووەتە ئامانج.

پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، کوردفۆبیایەکی وەهای بەدژی نەتەوەکەمان جێبەجێ کردوە کە ڤایرۆسەکەی خۆی لە ڕاگەیەندنەکانی غەیرە کوردزمانی دەرەوەی وڵاتیشدا دیتوەتەوە. ئەم کوردفۆبیایەی کە ڕاگەیاندنی حکوومەتیی ئێران ساڵەهایە هەمەجۆرە بانگەشەی بۆ دەکات: بە دەیان فیلمی سینەمایی، فیلمی تەلەفزیۆنی، ئەڵقەی تەلەفزیۆنی، شانۆگەریی و هەروەها بە سەدانیش گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و وێبلاگی بۆ دروست کردوە و لە ڕاستیدا کەرستەی خاوی بەدەست بەشێک لە بەناو ئۆپۆزسیۆنیش داوە کە گوێ بە داواکاریی ڕەوای کورد نەدەن و لە هەندێ بواردا لێکجیاکردنەوەی داگیرکەر و بەناو ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە بەرامبەر کێشەی کورد، گەلێک زەحمەتە. هەر لەمبارەوە جێی ئاماژەیە کە تەنانەت بەشی فارسی میدیای بیانی هەیە زۆر بەئاسانی دەسکاری وەرگێڕانی ڕاپۆرتێکی ئینگلیزی دەکات کە نیوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بەجۆرێک باسێکی لە پشتگیری مافی ڕەوای کورد لە ئێران کردبێت. لە ڕاستیدا کاتێک بەوردی بەدواداچوون بۆ ئەو دەسکارییە نابەجێ و نەرێنی و دوور لە کاری پرۆفێشناڵیی میدیایی لە وەها دامودەزگەیەکی ستاندارد و نێودەوڵەتیدا دەکەیت، دەزانی کە دەسکاریی یاخود سانسۆرەکە لەبەر ئەوەیە لای ئێدیتۆر وەها کوردفۆبیا بووەتە بەشێک لە باوەڕی نەگۆڕی کە هەرچەند وڵات و میدیاکەشی گۆڕیوە بەڵام ئەو کوردفۆبیایەی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی درێژخایەن ستراتیژی کاری میدیاییان بووە، هەتا ئێستەش کاریگەریی نەرێنی بۆ کاری بێلایەن و پرۆفێشناڵی ڕۆژنامەگەریی لەسەر ئێدیتۆرێکی ئێرانی، لە دەرەوەی وڵاتیش داناوە.

دیپلۆماسی میدیایی لقێکی سەرەکی دامودەزگەی دیپلۆماسی بۆ هەر حیزب و حکوومەت و دەسەڵاتێکە کە توانیویەتی وەکو باڵێکی کارای سیاسەتی دەرەوە خۆ بنوێنێت و کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتیی خەڵک دابنێت. هەنووکە کەڵکوەرگرتن لە میدیا کەرستەیەکی گرنگە لە سیاسەت و پەیوەندیگرتن و ڕازیکردن و ڕاکیشانی بیر و هەستی بینەر و خوێنەر و بیسەر. بۆیە کە دەڕوانینە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە یەکەم ژمارەیەوە هەتا ئێستە پتر باوەڕ بەوە دێنین کە ئەم حیزبە و میدیاکەی هەوڵێکی چڕوپڕیان داوە کە بتوانن لەم دەرفەتە بۆ ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانیان و نواندنی هەیبەت و توانای نەتەوەکەیان کەڵک وەربگرن. هەروەها سیاسەتوانان و ئەدیبانی ئۆگری خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵیان داوە لەم ڕۆژنامەوە پردی نێوان حیزب و خەڵک و حکوومەتی ئێران بن و هەستیان بە قورسایی ئەم پێگە قایمە کردوە و هەوڵی گەشەکردن و زیاتر پێگەیاندنیان داوە.

خاڵی جێی شانازی کە پێویستە لە ٧٠٠مین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان باس بکرێت ئەوەیە کە ئەم ڕۆژنامەیە لەبەر ئەوەی کە ئۆرگانی فەرمی ڕاگەیاندنی حیزبەکەیەتی لە درێژایی مێژوویدا هەرگیز نەبووەتە مینبەری بانگەشە بۆ ئاژاوەی نێوان نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران و ئەگەریش حیزبێک یاخود دەسەڵات هەوڵی بەلاڕێدابردنی خەباتی کورد و شێواندنی ڕاستییەکانی داوە، داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیاردەران و نووسەرانی ئەم ڕۆژنامە نەبوونەتە لایەنێکی گرفتەکە، بەڵکو بەباوەڕێکی دیموکراسیخوازانەوە، پرێستیژی حیزب و نەتەوەکەیان بە زمانێکی سەردەمیانە و ئەدیبانە و دیپلۆماسییانە کە بە میرات لە ڕێبەرانی شەهیدیانەوە بۆیان ماوەتەوە، هێناوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی ورد و بێلایەنیان بۆ کردوە و بەدوای ڕێگەچارەدا گەڕاون نەک ئەوەی کە گرێکە بکەنە گرێپووچکە و یاخود کوێرەڕێیەک پێشانی خوێنەریان بدەن. کاتێ دەڕوانیتە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بێگومان لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەدا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە هەمیشە بانگەشە بۆ ماف و ئازادییەکانی مرۆیی و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت و ژیانی تەبایی و یەکسانی و عەداڵەت بۆ کورد و نەتەوەکانی‌تر کراوە و ڕۆژنامە کوردستان سیاسەتی دەرەوەی حیزبەکەی بەرامبەر حیزبەکانی‌تری کوردستان و ئێران و وڵاتانی‌تری بە زمانێکی دیپلۆماسییانە هێناوەتە بەرباس و بۆ هەموو لایەنێکی پەیوەندیداری بە شەفافی و بەبێ دەمارگرژیی ڕاگەیاندووە.

پێگەی کاریگەریی ڕۆژنامەی کوردستان لە نێو چین و توێژەکانی نەتەوەکەیدا لە ئاستێکدایە کە هەمیشە وەکو دەربڕی هەڵوێست و سیاسەتی دەرەوەی حیزبەکەی سەیر کراوە و وتار و بابەت و هەڵوێستی ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن خەڵکی خۆی و پارتەکانی کوردستان و ئێران بەوردی سەرنجی دراوەتێ و خوێندنەوەی هەمەلایەنە و چڕوپڕی بۆ کراوە و ڕۆژنامەیەک نەبوە کە بابەت و هەڵوێستێکی لەلایەن جەماوەر و کەسایەتیگەلی سیاسی و شرۆڤەکارانی سیاسەت و ئەدیبانی کوردەوە، بەسووکی سەیری بکرێت یاخود قورساییەکەی لەبەرچاو نەگیرێت. لە خاڵەکانی شانازی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەیە کە گوشاری حکوومەت و لایەنێکی سیاسی کە تەنانەت یەک وشەش بەقازانجی داگیرکەری پارچەیەکی کوردستانی تێدا بنووسرێت، هەرگیز نەهاتووەتەدی. «کریس کوچرا» ڕۆژنامەنووس و نووسەری شارەزای فەڕەنسی کە کتێب و نووسینەکانی لە بواری کورد و کوردستانەوە دیار و بەرچاوە و بێلایەنییەکی بۆ هەموو لێکۆڵەرێک سەلمێنراوە، لەم بارەوە لە کتێبی «بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد» باسی گوشار بۆ سەر ڕێبەری شەهید دکتۆر قاسملوو لە سەردەمی حیزبی بەعسی عێراق دەکات کە حیزبی بەعس ڕازی بووە بەوەی کە بەس وشەی «خیانەت» لە ڕۆژنامەی کوردستان-ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پارتێکی باشوور

بنووسرێت و گوشارەکانی سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیتر نەمێنێت، بەڵام ڕۆژنـامەی کوردستـان و حیـزبەکەی زۆر سەربەخۆ تەعامولیان کردوە و وەڵامی «نا»یان بەو داوا نابەجێیەی بەغدا داوەتەوە و دیارە باجی نەنووسینی ئەو وشەشیان لەلایەن حیزبی بەعسەوە بەسەردا سەپێنراوە.

لە گۆڕەپانی ئەمڕۆی سیاسەتدا، دەوڵەتەکان و حیزبەکان بەدوای ئەوەوەن کە لە ڕێی میـدیاوە کـاریگەریی خۆیـان بەسەر بیـروڕای گشتییدا دابنێن و جۆرە ڕکـابەرییەک لەم بـارەوە لە نێوانیانـدا هەیە و بە هـاتنی ئینتەرنێت و ماڵپەڕ و کارابوونی سۆشیالمیدیا، هەر دەوڵەت و حیزبێک لە هەوڵی ئەوەدایە ئیمپراتۆرییەکی مەجازی دابنێت و لەم ڕێگەیەوە بگاتە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە جیهانی واقعیدا. بێگومان لەم پەیوەندییەدا زۆر پێویستە بە دوای دەرچوونی ٧٠٠مین ژمارەی ڕۆژنـامەی کوردستان، ئەم ڕۆژنـامەش کـاراتر و چـالاکتر هەروەکو جاران لە بوارەکـانی ڕێنـووس و نێـوەڕۆک و راستگۆیی و هەوڵـدان بـۆ ژیـانێکی ئاشتییانە پتر سەرنج و بـاوەڕی خوێنەر بـۆ لای خـۆی ڕابکێشێت و مینبەرێکی سەرکەوتوو بێت بۆ ڕاگەیاندنی سیاسـەتی حیـزبەکەی لە پێنـاو ئـازادی و دیموکراسی بـۆ نەتەوەی ستەملێکراوی کورد بەگشتیی و ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتـایبەتی.

(لە ژمارەی ٧٠٠ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٧

-----------------------------------------------

# میوانی ئەمجارەی کۆشکی ئێلیزە

هەڵبژاردنی سەرکۆماریی فەڕەنسا هەمیشە بەگرنگی‌یەکی زۆرەوە سەیر دەکرێت چونکە ئەم وڵاتە ناوەندی بڕیاری سیاسیی یەکێتیی ئەورووپایە. تاکە وڵاتی ئەم یەکێتی‌یەیە کە خاوەنی مافی ڤیتۆیە و بەهۆی پێگە ژێئۆپۆلۆتیکی‌یەکەیەوە ڕۆڵی گرنگ لە سیاسەتی ئورووپادا دەبینێت و هەروەها ئەوەی بۆ نەتەوەی کوردیش گرینگە، ئەم وڵاتە پشتیوانێکی بەهێزی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردە کە بناخەی ئەم دۆستایەتی‌یە، دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی شەهید قاسملوو لە گەڵ سەرۆککۆماری کۆچکردووی فەڕانسە، فرانسوا میتران.

لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی سەرکۆماریی فەڕەنسا، یانزە پاڵێوراو بەشدار بوون کە پێنج کەسی سەرەکی‌یان بریتین لە:

١- ئێمانۆئێل مەکرۆن، سەرۆکی حزبی بەرەوپێش.
٢- بنوا ئامون، پاڵێوراوی حزبی سۆسیالیست.
٣- ماریەن لۆپەن، سەرۆکی بەرەی نەتەوەیی
٤- ژان لوک ملانشۆن، دامەزرێنەری بزووتنەوەی فەڕەنسای خۆڕاگر.
٥- فرانسوا فیۆن، پاڵێوراوی حزبی کۆماریخوازان.(١) ئەم پێنج کەسە بێجگە ئامون لە ڕاپرسییەکاندا لە سەدا بیست هەتا بیست و پێنجیان تۆمار کردبوو بەڵام لە ڕۆژی ٢٣ی ئاوریل ئەوە مەکرۆن و لۆپەن بوون کە توانیان لە نێوان ئەو یازدە کەسەدا خۆ بگەیەننە خولی دووەم بۆ یەکلایی بوونەوەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری.

چاودێرانی سیاسی فەڕەنسا هەندێ جار دەستەواژەی "کۆماری شەشەم"(٢) بەمەبەستی گرنگی‌پێدان بەم خولەی هەڵبژاردن بەکار دێنن چونکە هەڵبژاردنێکە سەرکۆماری ئیستا خۆی دووبارە نەپاڵاوتووە و لە نێو بەربژێرەکاندا نیە. پاش شەست ساڵ کەسێکی وەکو مەکرۆن لە سەرووی ڕاپرسی‌یەکانەوەیە کە خۆی لە ڕاست و چەپدا نابینێتەوە، بریتانیا لە یەکیەتیی ئورووپا نەماوە و ڕاستی توندڕەویش هەمان بانگەشەی جیابوونەوە لە

یەکیەتیی ئورووپا دووبارە دەکاتەوە، ئابووری فەڕەنسا پێویستی بە هەوڵێکی جیددیە و باسی پەناخوازان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لە فەڕەنسا کاریگەریی بەسەر وڵاتانی تری یەکیەتیی ئورووپا دادەنێت و خاڵی گرنگی سیاسەتی نێودەوڵەتیش کە ئایا فەڕەنسا لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت دۆخی سووریا چ هەڵوێستیکی دەبێت؟ لەم هەڵبژاردنە دیاری دەکرێت.

### فەڕەنسا لە نێوان لیبراڵ و ڕاستی توندڕەودا

لە کاتێکدا گۆڕەپانی سیاسی فەڕەنسا خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە فرانسوا فیۆن-ی کۆماریخواز ببێتە سەرکۆمار و بەپێی ڕاپرسیەکان لەسەرووی هەموو پاڵێوراوەکانەوە بوو بەڵام لەناکاو دۆسیەیەک لەو درایە مەحکەمە و بێ ئەوەی ئاکامەکەی دیار بێت میدیای لێ ئاگادار کرایەوە و لەم بەرەبەری هەڵبژاردنەدا کاریگەریی نەرێنی لەسەر لایەنگریی لە فیۆن دانا و ڕێگەی بۆ مەکرۆن و لۆپەن خۆشکرد.

* **مەکرۆن** Emmanuel Jean-Michel Frédéric Macron، لەدایکبووی ٢١ - ١٢ - ١٩٧٧ ماستەری فەلسەفەی هەیە و ساڵی ٢٠٠٤ لە قوتابخانەی بەرزی ئیدارە و ئەعمالی دەوڵەتی، کە زۆربەی سیاسەتمەداران و کارگوزارانی وڵات لەوێ خوێندوویانە، خوێندنی تەواو کردووە و چاوەدێر و سەرمایەگوزاری بانکێک بووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ هەتا ٢٠٠٩ ئەندامی حزبی سۆسیالیست بووە و لە ٢٠١٤ هەتا ٢٠١٦ وەزیری ئابووری بووە و پاشان خۆی حزبێکی داناوە و ئامادەکاریی بۆ پاڵاوێراویی سەرکۆماریی وڵاتەکەی کردووە. ناوبراو هەرچەند ئەوکاتەی ئەندامی حزبی سۆسیالیست بووە لەگەڵ کۆتلەی "ڕێگەی سێهەم" بوو بەڵام چاودێرانی سیاسەتی ئەورووپا، مەکرۆن بە کەسێکی سۆسیال لیبراڵ و هەندێکیش بە سۆسیال دیموکراتی وەسف دەکەن. خۆیشی لە دیمانەیەکی لۆمۆند لە ساڵی ٢٠١٥ خۆی بە کەسێکی لیبراڵ پێناسە دەکات و لە گوتارەکانیدا پشتگیریی لە بازاڕی ئازاد دەکات.

مەکرۆن هەر بەوجۆرەی کە لە سیاسەتی ئابووریدا شەفافە لە سیاسەتی دەرەوەشدا زۆر ڕاشکاوانە ڕای خۆی دەردەبڕێت و لە فێوریەی ٢٠١٧ لە دیمانەیەکی لەگەڵ دەیلی تێلێگراف سەبارەت بە ئێستێعماری ئەلجەزایەر بەدەست فەڕەنساوە بە "جینایەتی دژی مرۆڤایەتی" ناساند و ئیدانەی کرد و لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردنیشدا لە ئاورریلی ٢٠١٧ سەبارەت بە سووریا پشتیوانی خۆی بۆ دەستێوەردانی سەربازیی ڕاگەیاند. دەربارەی مانەوەی

فەڕەنسا لە یەکیەتیی ئوورووپا بەهیچ شێوەیەک رازی نییە لەبارەی چوونەدەری فەڕەنسا لەو یەکیەتییە. ئێمانۆئێل مەکرۆن کە کوڕی دایک و باوکێکی پزیشکە بە دروشمی "فەڕەنسا دەبێ بۆ هەمووان هەلی سەرکەوتن بێت" هاتە نێو گۆڕەپانی هەڵبژاردنەوە و پلانی سەرکۆماریی خۆی بە "پلانێک بۆ دروستکردنی فەڕەنسای نوێ" ڕاگەیاند.

* **ماریەن لۆپەن** Marion Anne Perrine Le Pen لەدایکبووی ٥ - ٨ - ١٩٦٨، پاڵێوراوی حزبی ڕاستی توندڕەوی "بەرەی نەتەوەیی" یاسای خوێندوە و لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە ئەندامی حزبەکەی باوکی واتە بەرەی نەتەوەیییە و لە ساڵی ٢٠١١ لەجێی باوکی دانیشت. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە نوێنەری پارلەمانی ئورووپایە. ژان ماری لۆپەنی باوکی، لە ساڵی ١٩٧٤ەوە هەتا ٢٠٠٧ پێنج جار پاڵێوراوی سەرکۆماری بووە و دەنگی نەهێنابۆوە ئیتر ئەم بەرپرسیاریەتییەی بە کچەکەی دا. هەڵبژاردنی ٢٠١٧ی سەرکۆماریی فەڕەنسا، سێهەم جارە کە ماریەن لۆپەن بەشداره و ئەوەی ناوبراوی جیاواز لە پاڵێوراوانی تر، نواندووە؛ بیروڕای ڕاستی توندڕەوانەیەتی.

ماریەن لۆپەن لە کەمپەینێکی نێوخۆیی حزبەکەیدا لە ١٠ - ١٢ - ٢٠١٠ لە شاری لیۆن، نوێژخوێندنی موسڵمانان لە شەقامەکانی فەڕەنسای بە داگیرکاریی وڵاتەکەی لە جەنگی جیهانیی دووەم بەدەست ئەڵمانییەکان شوبهاند. ئەم وتەیەی ناوبراو هەم کێشەی لە نێوان سیاسەتمەدارەکان و هەمیش لە نێو ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و گرووپەکانی ئیسلامی نایەوە و پاشانیش لە دادگە مەحکووم کرا. لۆپەن کە نایشارێتەوە لەگەڵ مسکۆ و خاوەنی کۆشکی کرێملین واتە ڤێلادیمێر پوتین نزیکە لە دیمانەیەکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی راشاتودەی لە ٢٩ - ٦ - ٢٠١٥ دەربارەی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا وتی: "یەکیەتیی ئورووپا کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەقازانجی ئەمریکا لەدەست داوە... ئێمە لە ژێر کاریگەریی واشنگتۆن تووشی هەڵەی گەورە بووین کە خراپترینەکەی سووریا بوو". ئەو دەربارەی دۆخی سووریا لایەنگریی ڕووسیایە و دەربارەی ئەفغانستانیش ڕای وایە کە دەبێ سەربازەکانی فەڕەنسی بکشێنەوە. هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە سنوورەکانی فەڕەنسا دابنرێتەوە و لە یەکیەتیی ئەورووپا و یۆرۆش جیا بێتەوە.

## كۆچبەران و توندڕەویی ئیسلامی و هەڵبژاردنی فەڕەنسا

كار، تەناهی و جیهانیبوون لە تەوەرەكانی هاوبەشی پڕوپاگەندەی پاڵێوراوانی سەركۆماریی فەڕەنسا بوون بەڵام ئەوەی زیاتر زەق بوو و میدیاكانی بەخۆوە سەرقاڵ كردبوو باسی ئەو كۆچبەرانەیە كە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەریی ڕوو لە فەڕەنسا دەكەن. بەپێی دەستووری فەڕەنسا دووچاوەگی بەهۆی نەژاد و ئایین هەروەها سەرژمێریی حەشیمەتی وڵات لەسەر بنەمای نەژاد و ئایینەوە قەدەغەیە.

پاش هێرشی تیرۆریستی "شارلی ئێبدۆ" و تیرۆری حەوت ڕۆژنامەنووس بەدەست ئەو تیرۆریستانەی كە ڕەچەڵەكی عەرەبی موسڵمانیان هەبوو(٣)، بابەتی كۆچبەران یان ئەو هاووڵاتییانەی كە ڕەچەڵەكی وڵاتانی تریان هەیە یەكێك لە باسگەلی سەرەكی پڕوپاگەندەی پاڵێواراوانی هەڵبژاردنە، كە دەیانەوێ سەرنجی دەنگدەر بۆ لای خۆیان ڕابكێشن بەڵام ئەم سەرنجڕاكیشانی دەنگدەرە بەشێوازی جۆراوجۆرە. بۆ نموونە پاڵێوارا‌وێك دەڵێت پێویستە كەڵك لەو كۆچبەرانە وەربگیرێت و پاڵێوراوێكیش دەڵێت هەر نابێ ڕێگەی وڵاتیان پێ بدرێ و ئەوەشی مافی مانەوە و ژیانی هەیە، لێی بسەندرێتەوە. فەڕەنسا بەهۆی ئەوەی هەندێ وڵاتی ئیسلامی وەكو ئەلجەزائیر و مەراكش و.. پێشتر ژێردەستەی بوون و هەنووكە سەفەری ئەو وڵاتە عەرەبی- ئەفریقیانە بۆ فەڕەنسا ئاسانە گرفتێكە كە ڕووبەڕووی بووەتەوە و بەپێی هەندێ ئامار لەسەدا بیست و پێنجی دانیشتووانی فەڕەنسا لەخۆ دەگرن و توندوتیژی و هەروەها ڕووداوگەلی تیرۆریستیش پتر لە ئەستۆی ئەوانە.

لە بەشێك لە پڕوپاگەندەكانی هەڵبژاردن باسی ئەوە دەكرێت كە بەهۆی ئەو نافەڕەنسیانەوەیە كە بێكاری هەیە بەڵام باسی ئەوە ناكرێت كە ئەو كارە سەختەی ئەو بەشەی حەشیمەتی فەڕەنسا خۆی لێ دەدات، فەڕەنسییەكان خۆی لێ نادەن و هەروەها هەندێ كۆمپانیای زەبەلاحی فەڕەنسیش بەكەڵكوەرگرتن لە یاساكانی ئورووپا بۆ خۆدزینەوە لە باج ڕوو لە پۆلەند (لهستان) دەكەن و هەروەها هێزی كاری ئەوێ هەرزانتریشە بۆیان. نژادپەرستی لە فەڕەنسا زیاتر لە كاتێكدا باسی لێوە دەكرێت كە باری ژیان و ئابووری خەڵك لاوازە یاخود بەوپێیە نییە كە چاوەڕوان دەكرا. خاڵی جێی سەرنج لەوەدایە ئەو شوێنانەی كە ماریەن لۆپەن دەنگی هێناوەتەوە، شار و ناوچەی بچووكن كە خەڵك لە داهاتووی ژیانی ئاسوودەیی و تەناهیی خۆی دەترسێت و

دەنگدەرانی ئیمانۆئێل مەکرۆن زیاتر لە شارە گەورەکان.

بێگومان بوونی دیموکراسی‌یەکی ڕەها باشترین کەشە بۆ توندڕەویی ئیسلامی کە سەلەفی‌یەکان لە فەڕەنسا زۆر باش کەڵکی لێوەردەگرن. هێز و جەماوەری بۆ کۆدەکەنەوە و بەهۆی لاوازیی ئابووریی فەڕەنسا ڕێکخستنی بەقووەتی خۆیان لە هەموو شارەکاندا گەشە دەدەن و ئەوەی دەتوانێ پێشگیریی لەم دۆخە بکات تەنیا پەروەردەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێکە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە وشیار بکاتەوە. چونکە بێگومان هەم تەشەنەی سەلەفیگریی لە فەڕەنسا و هەمیش لە بەرامبەریدا نژادپەرستی، هەڕەشەیەکی سەرەکین بۆ دیموکراسییەت و ئازادی.

### "فەڕەنسایەکی چوار لەت" و گرفتەکانی مەکرۆن بۆ سەرکۆماریی

ئاکامی هەڵبژاردنی خولی یەکەمی سەرکۆماری فەڕەنسا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیشەوە زانیاریی نوێی کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە دەردەخات. ژێرۆم جێفرێ بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوە و ناسینی بیروڕای گشتیی فەڕەنسا لە دیمانەیەکدا لە لۆمۆند، لەمبارەوە ڕای وایە کە ئەم هەڵبژاردنە فەڕەنسای کردوەتە چوار بەشەوە. ناوبراو لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی هەڵبژاردندا بەمجۆرە باسی لێکۆڵینەوەکەی خۆی دەکات: "فەڕەنسای یەکەم ئەو فەڕەنسییانەن کە لە شار ئەژین، چینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگەن، خوێندنی بەرزیان تەواو کردوە، زۆربەیان دەنگیان بە ئیمانۆئێل مەکرۆن داوە. فەڕەنسای دووەم ئەو فەڕەنسییانەن خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە و چینی دەوڵەمەندیشن، خانەنشینن، ئەوان زۆربەیان دەنگیان بە فڕانسوا فیۆن داوە. بەشی سێهەم ئەو گەنجانەن لە دەوروبەری شارەکاندا دەژین و چینی مامناوەندن و دەنگیان بە ژان لوک ملانشۆن داوە. فەڕەنسای چوارەم ئەو فەڕەنسییانەن کە لە گوند و شارە بچووکەکاندا دەژین و دەنگیان بە ماریەن لۆپەن داوە. "ئیمانۆئێل مەکرۆن لە پاریس ٣٤،٨٣% و ماریەن لۆپەن لە پاریس ٩٩،٤% دەنگی هێناوەتەوە"(٤).

گرفتەکانی مەکرۆن پاش سەرکۆماریی، ڕاکێشانی سەرنج و ڕەزایەتی ئەم فەڕەنسا دابەشبووە نییە بەڵکو حزبەکەی خۆی کە فریای ئەوە نەکەوتووە بەتەواوی بیرۆکەکانی خۆی تێدا بهێنێتە ئاراوە و کۆتلە و بیری جۆراوجۆری تێدایە، هەتا چەند دەتوانێت پشتگیریی لێ بکات؟ سەرکۆمار کاتێک دەتوانێت پلانەکانی خۆی سەربخات کە پەرلەمانیشی بەدەستەوە بێت بەڵام ئەو لایەنانەی کە لە پڕا ماکرۆن گۆڕەپانی لێ بردنەوە، زەحمەتە بهێڵن

پەرلەمانیش لەدەست بدەن. گلەیی کۆماریخوازان لە مەکرۆن ئەوەیە هەم کەسایەتی‌یەکی سیاسی نییە و هەمیش سیاسەتمەداری بەناوبانگی بە دەورەوە نییە. ئەوان دەڵێن پلانەکانی بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێکی گرنگ و گەورەی وەکو فەڕەنسا ورد و شەفاف نییە. لە بەرامبەریشدا لایەنگرانی مەکرۆن دەڵێن لە نەبوونی ئێمەدا ئورووپایەکی لاواز دێتەدی کە مەترسییە بۆ ئەورووپا و فەڕەنسا و ئاشتی جیهانی، ماریەن لۆپەن دەیەوێت لە یەکیەتیی ئورووپا نەمێنێت و هەروەها ئەوان دەڵێن فەڕەنسا نابێت بەرامبەر کێشە و قەیرانگەلیی نێودەوڵەتی خۆی تەریک بخاتەوە چونکە زلهێزەکانی‌تر پلانەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و ئەوە ئێمەین کە دەتوانین کاریگەر بین لە پاراستنی هاوسەنگیی هێزی نێودەوڵەتی. ڕیچارد هاس(٥) سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە نووسینێکیدا لە ماڵپەری project syndicate دەربارەی هەڵبژاردنی فەڕەنسا کە زۆر بە گرنگ وەسفی دەکات و پێشنیاری خۆیشی دەربارەی دۆخی فەڕەنسا و هاوپەیمانێتیی ئەمریکا لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا بۆ ترەمپ دێنێتەئاراوە؛ ڕای وایە "سیاسەتەکانی پوتین بۆ یەکیەتیی ئورووپا زیانی بەدواوە بووە" و هەروەها بە شەفافی وشیاری دەداتە سیاسەتمەدارانی ئورووپا بەتایبەت فەڕەنسا و دەڵێت: "ئەوەی لە ئورووپا ڕوو دەدات دەتوانێ سەقامگیریی و چارەنووسی جیهان بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە". بۆیە فەڕەنسا لەم قۆناغەدا پێویستی بە سەرکۆمارێکە بتوانێت لە یەکیەتیی ئورووپادا بمێنێتەوە و بەهەبوونی ئابوورییەکی بەهێز هەروەکو جاران ناوەندی قەراری سیاسی ئورووپا بێت.(٦)

١- شەش کەسەکەی تر بریتی بوون لە: خاتوو ناتالی ئارتۆد پاڵێوراوی حزبی خەباتی کرێکاران. فڕانسوا ئاسێلیتۆ ڕێبەری یەکێتیی خەڵکیی کۆماریخوازان. ژان لاسال لە حزبی بەرخۆدان. ژاک شمیناد ڕیبەری حزبی یەکگرتن و پێشکەوتن. فیلیپ پوتو پارتی دژی سەرمایەداری. نیکۆلا دوپو ئانیان لە DLF.

٢- مێژووی سیاسی فەڕەنسا بە پێنج قۆناغی کۆماریی دابەش کراوە کە قۆناغی یەکەم سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی شارڵ لویی ناپلیۆنی سووەمە کە لە ١٨٤٩ز هەتا ١٨٥٢ز بەناوی سەرکۆمارەوە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، لە ١٨٥٢ەوە هەتا ١٨٧٠ بەناوی ئیمپراتۆرەوە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو. بەگشتیی هەتا ئێستە فەڕەنسا ٢٤ سەرکۆماری بەخۆوە دیتووە.

٣- برایانی سەعید و شەریف کواشی، ئومیدی کولیبالی.

٤- پاتریک ڕۆژێ، لۆمۆند، ٢٤ - ٤ - ٢٠١٧

٥- Richard N. Haass, President of the Council on Foreign Relations, previously served as Director of Policy Planning for the US State Department (2001-2003), and was President George W. Bush's special envoy to Northern Ireland and Coordinator for the Future of Afghanistan.

٦- ئەم بابەتە پاش خولی یەکەمی هەڵبژاردنی فەڕەنسا نووسراوە.

(لە ژمارەی ٧٠٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧

---------------------------------------------------

# ١٧ی جۆزەردان و «کوردستان و کورد»

### تاران ١٧ی جۆزەردان

ئەگەر پێش ڕووداوی ١٧ی جۆزەردانی تاران وێنەیەک یان هەواڵێک باسی لە هەبوونی داعش لە تاران بکردایە بێگومان میدیاکانی تاران بەدرۆیان دەخستەوە و میدیاکانی جیهانیش بەگومانەوە سەیریان دەکرد، بەڵام ڕووداوی ١٧ی جۆزەردانی تاران و هێرشی داعش بۆ دوو شوێنی مەبەستدار لە ئێران، بوونی داعشی لە تاران پشتڕاست کردەوە.

لەم ماوەیەدا خوێندنەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم ڕووداوە کراوە و هەر کۆتلەیەکی نێو دەسەڵاتی تارانیش لە ناوەندگەلی تەناهییەوە بگرە هەتا باڵەکانی ڕێژیم هەوڵی داوە، بەسوودی خۆی دژی لایەنی بەرامبەری بەکاری بێنێ. دیارە لە هەر ئەگەر و خوێندنەوە و ململانێیەکدا نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە ئەو ڕووداوە لە ڕاستیدا زەبر و شۆک و هێرشێکی گەورە بوو بۆ سەر ئەو تارانەی کە فەخری وڵاتێکی ئارامی بەسەر خەڵکدا دەبەخشییەوە و لە وەڵامی هەر داخوازییەکی ئابووری و سیاسی و مەدەنیدا دەسەڵاتدارانی تاران، ئەوەیان بەچاوی هاووڵاتییاندا دەدایەوە کە بێدەنگ بن، ئەوە نییە لەم گۆمە شڵەقاوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئێران بێ قڕە و بێ گرفتە و ژیانتان پڕە لە ئاسوودەیی و تەناهی و دوورن لە شەڕ و تەقینەوە و تیرۆر.

سەرکردەکانی سوپای قودسیش بۆ ئەوەی ئێران لەو ئاگرەسوورە بەدوور بگرن کوڕی خەڵکیان لە پاکستان و ئەفغانستانەوە هەڵدەفریواند و لە سووریە بەکوشتیان دەدا و چاوپۆشیشیان لە چوونی لاوانی وڵاتەکەی خۆیان بۆ ڕیزی تاقمگەلی توندڕەوی ئیسلامی لە عێراق و سووریە دەکرد. واتە ئەو وزەی کە دەبوایە سەرفی ئارامی ناوچەکە و نەهێشتنی تیرۆر و شەڕی ماڵوێرانکەریی عێراق و سووریە بکرایە لەلایەن داڕێژەرانی سیاسەتی سەرەکیی ئێرانەوە سەرفی خۆشترکردنی ئاگرەکە بۆ گەیشتن بە نەخشەی دڵخواز یان واقعبینانەتر بڵێین بۆ پاوانخوازیی

ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرا و ئێستەش هەر درێژەی هەیە. عێراق و سووریە و لوبنان و یەمەن و بەحرێن، ئێران تەنیا پشتیوانی سیاسی‌یان لێ ناکا، بەڵکو حەسەن نەسروڵلا بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێ کە هەتا ئێران پارە و چەکی هەبێ ئێمەش پارە و چەکمان دەبێ.

لە درێژەی هەواڵی داعش لە تاران، ئەوەش هاتبوو کە داعشی‌یەکان ئێرانین. ئەم بەشەی هەواڵەکە پتر سەرنجی بینەران و خوێنەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. واتە داعشە ئێرانی‌یەکان، هێرشیان کردووەتە سەر پێتەختی وڵاتەکەی خۆیان. نێوەڕۆکی هەواڵەکە لە مانشێتەکە سەرنجراکێشتر بوو. چۆن دەکرێ ئاکامی نێزیک بە چڵ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی «ویلایەتی فەقیە» ببێتە ئەوەی کە لاوی وڵاتێک بڕواتە نێو ڕیزی توندڕەوترین و تیرۆریستترین ڕێکخراوی ناوچەکە و لە پێتەختی وڵاتەکەی خۆیشی‌دا خۆی بتەقێنێتەوە؟

دەسەڵاتدارەتیی «ویلایەتی فەقیە» بە درێژایی ئەم ساڵانە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، لە دیاریکردنی سەرکۆمار و وەزیرەوە بگرە هەتا سوپاسالارەکانی ئەرتش و پاسداران، لە بەرپرسانی ئەمنییەوە بگرە هەتا دیاریکردنی مەلای مزگەوتەکانی شار و گوندەکانی ئێران. بۆیە نێوەڕۆکی هەواڵەکە لە میدیاکاندا دەنگدانەوەیەکی بەرینی لێ کەوتەوە و شرۆڤەکارانی ناچار بە خوێندنەوەیەکی قووڵتر لە دەسەڵاتداریێتیی ئەشکەنجە و ئێعدامی ئێران کرد.

### ١٧ی جۆزەردان لە ململانێی باڵەکانی ڕژێمدا

ئاستی ململانێی باڵەکانی ڕژێم لەو ڕۆژەدا بەجۆرێک بوو کە هێرشەکەی داعش بۆ تاران لەبیرکرابوو، چونکە باڵەکانی ڕژێم خەریکی هەڵڕشتنی کۆنەڕقەکانیان بوون دژی یەکتر. هەرکامەیان بەجۆرێ ئەویتریانی بەکەمتەرخەمی و هۆکاری ئەم دۆخە ناو دەبرد. کار گەیشتبووە ئاستێ کە هەندێ خەڵکی بێلایەنی دووباڵەکە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد «ئێمە هەموومان بەیەکەوەین» و جارێ کاتی ئەم پاکانەحیسابانە نییە.

لایەنگرانی مەحموود ئەحمەدینەژاد لە کاناڵی تێلێگرامی خۆیاندا نووسیان «کاتێک لە سنوورەکانی ئیسرائیلەوە بێین و لە تاران دابنیشین، دیارە کە دەبێ لەگەڵ ئیسرائیل لە نێو پارلمان شەڕی دەستەویەخە بکەین». ئەحمەد

تەوەكولی لە كەسانی ناسراوی ئەو باڵە لە تویتێكدا نووسیبووی «كاتێ هەواڵی هێرشی داعش، ئەم خوێنڕێژە كۆنەپەرستانەی پەیڕەوی ئیسلامی ئەمریكیم بیست، گوتم چاوی ئاغای كەرباسچی و هاوڕێیانی ڕوون. ڕۆحی شەهیدانی بەرگریكاری حەرەمیش شاد». گرووپێكی دیكەی ڕاستەكان لە سۆشیالمیدیا بۆ لایەنگرانی ڕوحانی بە تانەوتەشەرەوە نووسیبوویان «ئەگەر دەستگیرتان كردن ئێعدامیان مەكەن» و كاناڵی سوپای قودس لە تێلێگرام قسەیەكی خامنەیی نووسیبوو «ئەگەر بەرگریكارانی حەرەم نەبوایەن، دەبوایە لە كرماشان و هەمەدان لەگەڵ داعش شەڕمان بكردایە».

باڵی ڕاستی نێودەسەڵاتی ئێران كە بە باڵی عەلی خامنەیی ناو دەبرێن پاش ئەو شۆكەی لە تەناهیی تاران كەوت، گورجوبڕ ناوی بكەرانی دوو هێرشەكەی تارانی كە زۆربەیان كورد بوون، بە میدیاكان ڕاگەیاند و لە سۆشیالمیدیاوە بەتوندی هێرشیان كردە ڕۆژی دیاریكردنی ڕیفراندۆم لە باشووری كوردستان. ئەوان هەوڵێكی زۆریان دا كە كورد بەتیرۆریست پێناسە بكەن و هەزاران شەهیدی باشووری كوردستان و ڕۆژئاوای كوردستان لە شەڕی دژی داعش لە یاد و بیرەوەریی خەڵكی جیهان و بەتایبەتیش ئێران، ببەنەوە. ئەم باڵە هەوڵێكی ئەمنی و میدیایی دا كە خۆی بەرەو سەركوتی كوردستان ئامادە بكا.

باڵی چەپی نێودەسەڵاتی ئێران كە ئێستە حەسەن ڕوحانی سەرۆكایەتی‌یەكەی وەئەستۆ گرتووە لە دەستێوەردانی سوپای پاسداران لە سیاسەتی دەرەوەی وڵات و پاوانكردنی جومگەكانی ئابووری و داهاتیی ئێران بەگلەییە و ڕایان وایە پاش ئەوەی باڵی ڕاست نەیتوانی ئیبراهیم ڕەئیسی بكاتە سەركۆمار، ئەم شكستە قبووڵ ناكا و دەیانەوێ بەهەر بیانوویەك بێ دۆخی نێوخۆیی ئێران ئەمنی بكەن. لە ناردنی سوپای پاسداران بۆ قەتەرەوە بگرە هەتا هێنانەگۆڕیی ئەم دۆخەش لە تاران بۆ ئەوەیە كە نەیاران و جیابیران وەكو ساڵانی پێشوو پاكتاو بكەن و نەهێڵن ڕوحانی ئەم چوار ساڵە پلانەكانی خۆی جێبەجێ بكا. باڵی چەپ كە بەگومانەوە دەڕوانێتە ڕووداوەكەی ١٧ی جۆزەردان و ڕوحانی ڕاشكاوانە گوتی هەركات وڵات (دیارە بەقسەی ئەو) «بەرەو دیموكراسی» دەڕوا تاقمێك ئەم ڕووداوانە دەخوڵقێنن. ئەم لێدوانە تووڕەیی خامنەیی زیاتر كرد، بەشێوەیەك ناوبراو بەئاشكرا نەیتوانی خۆی كۆنتڕۆڵ بكا و فەرمانی «آتش به اختیار»ی بە لایەنگرانی دا.

بەپێی ڕاپرسییەكی كاناڵی تێلێگرامی «ئامەدنیوز» كە ناوەندەكەی لە فەڕانسەیە، ٦٣%ی بەشداربووانی

ڕاپرسییەکە ڕایان وایە هێرشەکەی تاران، داعش نەیکردووە. کەم نەبوون ئەو تارانیانەی لە ئەکاونتەکانی فەیسبووک و کانالەکانی تێلیگرام، زیاتر لەوەی هەواڵی ڕووداوەکەی تاران بڵاو بکەنەوە نوکتەیان لەسەر بڵاو دەکردەوە و دەنگۆی «کودتای سپای پاسداران دژی ڕوحانی» لە زۆر نووسیندا دەبینرا. هەندێ چاوەدێر بەکودتاکەی تورکیەیان دەشوبهاند و دەیانگوت هەر بەوجۆرەی ئۆردۆغان ئاگای لە کودتاکە بوو و دواتر بەقازانجی خۆی بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی بەکاری هێنا، بەشێک لە دامودەزگای ئەمنیی ئێرانیش ئاگادار بوون و بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بەکاری دێنن و نموونەش تەقینەوەکەی ٣٠ی جۆزەردانی ١٣٧٣ (٢٠ی ژوئنی ١٩٩٤)یان وەکو بەڵگە دەهێنایەوە کە پاش کوژرانی خەڵکێکی بێتاوانی زۆر، لە گرتنی سەعید ئیمامیدا لە سەردەمی سەرکۆماریی محەمەد خاتەمی ئاشکرا بوو تەقینەوەکەی مەزاری ئیمام ڕەزا لە شاری مەشهەدی ئێران، کاری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە.

## ٣ - ١٢ - ٢٠١٤ کوردستان و کورد

میدیاکانی کۆماری ئیسلامی و سۆشیالمیدیاکانی دەسەڵاتی تاران، هەڵمەتێکی بەرفراوانیان بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی و نەفرەت دژی کورد، بەهۆی کوردبوونی داعشییەکانی ڕووداوی تاران، دەست پێکردبوو. ئەوان دەیانویست ئەم بیانووە بۆ هێرشی سەر ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان و سەرکوتی دەنگی ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار بێنن و کەس نەبوو لێیان بپرسێ ئەم ساڵانەی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییەوە کە هەزاران کوردی ئازادیخواز بەدەستی نەتەوەکانیتری ئێران شەهید بووە بۆ هەرگیز کورد ئەوەی بەوجۆرە لێک نەدایەوە و نەیکردووەتە شەڕی مەزهەبی و نەتەوەیی بە دژی مەزهەب و نەتەوەکانی دیکەی ئێران؟

بێگومان ئەوەی لە میدیاکاندا ئەو بیانووانەی وەدرۆ خستەوە و پیلانەکانی سوپای پاسدارانی پووچەڵ کردەوە و پاش ڕوودانی هێرشەکەی ١٧ی جۆزەردان، بووە مانشێتی سەرەکی؛ ڕاپۆرتێکی ڕێکەوتی ٣ - ١٢ - ٢٠١٤ لە ماڵپەری «کوردستان و کورد»ی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

ئەم ڕاپۆرتە کە ئەسقەزا بەزمانی فارسیش بوو، باسی دۆخی گشتیی و تەناهیی شاری پاوە و هەورامانات دەکرد

و لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا باسی چالاکیی ئەندامانی داعش دەکا و هەروەها بۆ بەڵگەمەندبوونی ڕاپۆرتەکە ناوی چەند کەسێکیش هاتووە کە یەکیان «سریاس سادقی» هەمان سەرپەرەستی تیمەکەی داعشە لە هێرشەکەی سەر پارلمانی ئێران لە تاران.

ئەم ڕاپۆرتە سەلماندی کە خەباتی ئازادیخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەهەمان شێوە کە ساڵانێکە دژی کۆماری ئیسلامی لە شەڕ دایە، لە هاتنی داعشیشەوە بۆ ناوچەکە لە خەبات دژی ئەوانیش غافڵ نەبووە. چونکە ئەو دەستئاوەلاییەی ئەندامگیریی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکرێ لە چاوی سیخوڕەکانی ئیتلاعات و سوپای پاسداران بەدوور بێ. کاتێ ناوەندەکانی سەرکوتگەری ئیتلاعات و سوپای پاسداران، وێبلاگنووسێ کە ڕستەیەکی دژی ئایەتوڵاکان نووسیوە، دەگرن و ئەشکەنجە و زیندانی دەکەن یان کەسێک هەر لە شاری پاوە بەهۆی نووسینی کۆمێنتێک لە فەیسبووک دوو ساڵ و نیو زیندانی دەکرێ؛ ئەم چالاکییە ئاشکرایەی داعش کە هەتا نووسینی ئەم دێڕانە هێشتا درێژەی هەیە بێگومان ناکرێ هەروا بەئاسانی و بێڕامان و تێفکرین سەیر بکرێ.

کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران سەرکردەیەکی دیپلۆمات وەکو د.قاسملوو لەسەر مێزی دانوستان و سەرکردە ئایینییەکانی وەکو ناسر سوبحانی و ئەحمەد موفتیزادە شەهید دەکا و، ڕێگە لە هەر جۆرە جموجۆڵێکی مەدەنیانە لە نێوخۆی وڵات دەگرێ؛ لێکۆڵەرانی سیاسی و شرۆڤەکارانی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە خودی خەڵکی کوردستان ناهەقیان نییە هەم بە گومانەوە بڕواننە هەواڵە پڕپارادۆکسەکانی ١٧ی جۆزەردان و هەمیش بەگومانێکی زیاترەوە بڕواننە ئەو لایەنانەی بەئاشکرا و بێ گرفت بە بەرچاوی ئیتلاعات و سوپاوە ئەندامگیریی بەناوی کوردایەتی یاخود مەزهەبیگەرییەوە دەکەن.

ڕەوتە ئیسلامییە بناژۆخوازەکان و هەروەها سەلەفییە جیهادییەکان ئێستاکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاران و هەندێ ناوەندی دەسەڵاتیشیان لەسەر ئیزنی ئایەتوڵڵاکان بەدەستەوەیە و بەناوی کاری خێرخوازییەوە پارە کۆدەکەنەوە کە پێویستە خەڵک بە وشیارییەوە لەو چالاکییانە بڕوانێ کە خروجییەکەی چوونەڕیزی داعشە لە عێراق و سووریە.

پاش پووچەڵکردنەوەی پیلانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن «کوردستان و کورد»ەوە، ئەرکی ڕاگەیاندنی ئەم

میدیایە قورستر بووە. میدیای کوردی و هەروەها میدیاکانی بی بی سی، دەنگی ئەمریکا، بەشی عەرەبی ماڵپەڕی ئەلعەرەبیە، گویا نیوز و زۆر سایتی تری فارسی و بیانی ڕاپۆرتەکەی ٢٠١٤ی «کوردستان و کورد»یان وەکوو بەڵگەیەک بۆ بێبەرییبوونی کورد لە بیرۆکە و حەرەکەی داعش باس کرد. بۆیە پێویستە میدیاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان بەشێک لەو ڕاپۆرتانەی کە بەدەست ڕێکخستنەکانی ئەم حزبە دەگات بڵاوی بکەنەوە و خەڵک لە زانینی ڕاستییەکان بێبەش نەبن و بێگومان لەم شەڕی میدیاییەدا ئەو کەسە دەیباتەوە کە ڕاستی و دروستی لەکاتی گونجاوی خۆیدا بە خەڵک ڕادەگەیەنێ.

(لە ژمارەی ٧٠٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٧

------------------------------------------------

# دیپلۆماسیی سەربەخۆیی

هەروەک لە مانشێتەکەڕا دیارە ئەم چەمکە داهێنانێکی نوێیە لە «دیپلۆماسی تلەفیقی Consolidated Diplomacy» و مەودایەکی بەرفراوان لەخۆ دەگرێ، چونکە هەم باسێکە لەسەر لقێکی دیپلۆماسی و هەمیش باسێک لە سەربەخۆیی و کەڵکوەرگرتن لەم دوو چەمکەیە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراوی سیاسی.

بێگومان «دیپلۆماسیی سەربەخۆیی Diplomacy of Independence» بریتییە لە پەیوەندیی دیپلۆماسیی نێوان حیزبەکان، هەوڵی نەتەوەیەکی ژێردەستە بۆ سەربەخۆیی کە دیپلۆماسیش ڕەهەندێکی خەباتەکەیەتی و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە دامودەزگای دیپلۆماسی و وەزارەتی دەرەوە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و نەچوونە ژێر ڕکێفی وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکان. لەم بابەتەدا باس لە «دیپلۆماسیی سەربەخۆیی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت» دەکرێ.

یەکەم بنەمای سەرەکی دیموکراسی، ئازادییە کە پێویستە مەیل بۆ ئازادی لەسەرووی هەموو بایەخەکانی دیکەوە بێ. چونکە ئەگەر مرۆڤ ناسیۆنالیزمی لە ئازادی پێ بەنرختر بێ دوچاری دەمارگرژیی و فاشیزم دەبێ. خوێندنەوەیەکی دیکەش بۆ ناسیۆنالیزم هەیە کە ڕێک ناسیۆنالیزم و ئازادیی دەخاتە نێو یەک بازنەوە، چونکە نەتەوە یان دانیشتووانی نێو یەکەی جوغرافیایی دیانەوێ دەوڵەت و سیستەمی بەڕێوەبەریی خۆیان هەبێ، دەیانەوێ لە ناوەند و داگیرکەران ئازاد بن. بۆیە هەتا گەیشتن بە دەوڵەت ـ نەتەوە ناسیۆنالیزم دەتوانێ هەر ئازادی بێ؛ قسەکە لەوەدایە دوای گەیشتن بەئازادییە کە شۆڕشگێڕەکان نابێ دیکتاتۆر یان لەپێناو وەهمی پاراستنی ئازادی، ئازادییەکان پێشێل نەکەن؛ دیارە ئەوە باسێکی دیکەیە بەڵام زۆر گرینگە. یاخود هەر بەو پێیەش ئەگەر مرۆڤ، ئایینی لە ئازادی پێ بەنرختر بێ ئەم گرووپە بونیاتگەرایە توندڕەوە مەزهەبیانەی ئێستەی لێ دەکەوێتەوە کە ڕۆژانە بەبیانووی جۆراوجۆر لە وڵاتانی جیهان، خوێنی خەڵکی بێگوناح دەڕێژن. بۆیە مەیل بۆ ئازادی لەسەرووی هەموویانەوەیە و کۆمەڵگەیەکی ئازاد بۆی هەیە بەشێوەیەکی ئازادانە دەنگی خۆی بدا و ناکرێ لە وڵاتێک کە ئیدیعا دەکا ڕێز لە دەنگی خەڵک و دیموکراسی دەگرێ، دەنگی خەڵک پشتگوێ بخرێ.

لە مێـژووی خەبـاتی نەتەوەکـانی دنیـادا لە هەر کـوێیەکی ئەم زەوییـە کە بـۆی دەڕوانـی خواسـتی سـەربەخۆیی خواستێکی نەبڕاوەیە کە نوخبەکانی نەتەوەی ژێردەستە هەرکـامە و لە بـوار و دەرفەتـی خۆیدا هەوڵـی بـۆ دەدا. یەکێک لە فاکتەرەکـانی هەوڵـدان بـۆ سـەربەخۆیی هەر نەتەوەیەک ڕێـبەران یـان حیزبەکـانی ئەو نەتەوەن بـۆیە سـەرەتا دەبـێ خـودی حیزبەکـان توانیبێتیـان تەعـامولێکی سـەربەخۆیانەیان لەگەڵ بەرامبەرەکانیـان لە نەتەوەی خۆیان و هەروەها حیزبەکانی دیکەی نەتەوەکانی دی هەبووبێ. واتە هەم خۆیان سەربەخۆیی سیاسییان پاراسـتبێ و هەمیشە خواستی سەربەخۆییان لە ڕێی نوێنەرەکانیـان لە دانیشـتن لەگەڵ حزبەکـانی دی شی کردبێتەوە و ئەو خواستە نەتەوەییەی گەلەکەیان ڕاگەیاندبێ.

سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبێک کاتێک وەدی دێ کە خاوەنی سەربەخۆیی فیکریـی و ئـابووری بـێ بەڵام نەتەوەیەک کاتێـک داوای سـەربەخۆیی دەکـا ڕەنگە لە بـواری ئـابوورییەوە، مـافی کەمینەکـان و مـافی تاکەکەسی زۆر کێشـە و گرفتـی لەگەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـددا هەبـێ و ئەم گرفتـانە بەهـۆی ژێردەستـییەوە بزانـێ کە کـاتێـک خـۆی بگـاتە دەسەڵات، دەبێ هەوڵی سڕینەوەی ئەم ستەمانە بدا. بەزۆر لە ژێـر چنگـی نەتەوەیەکـی دیکەدا بـوون و زاڵنەبـوون بەسەر چارەنووسی خۆتدا، جۆرێکە لە کۆیلایەتـی و بێگومان مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە قۆناغی کۆیلایەتی تێپەڕیوە و ئەم دۆخە قبووڵ ناکا.

ئەو بیانووەی کە هەمیشە نەتەوەی زاڵ بۆ سەرکوتی بیری ئازادیخوازیی و سەربەخۆیی دژی نەتەوەکانی ژێردەستەی بەکاری هێناوە «پاراستنی چوارچێوەی خاکی وڵات» بووە. ئەو پێناسـەی ئەوان بـۆ وڵات یـان «Homeland» دەیکەن، ڕێک پێچەوانەی ئەو پێناسە و ڕوانینەیە کە نەتەوەی داگیرکراو لێـی دەڕوانـێ. نـاکرێ یەک نیشتمان لە یەک کاتدا هی داگیرکەر و داگیرکراو بێ، بەڵام لەدوای شەڕی جیهانیی دووەم کە میراتەکانی شەڕەکە دابەش کران و هەنـدێک وڵات سـەربەخۆیی خۆیـان وەرگـرت، ئیتـر بەپاسـاوی ڕێگریکـردن لە دووبـارەبوونەوەی شەڕ و کوشـتار، نەتەوە یەکگرتووەکـانیش نیشـتمانەکانیان بە داگیـرکەران دا و داگیرکراوەکـانیش بەشـێوەیەکی یاسـایی لەسـەر خاکەکەی خۆیاندا داگیرکرانەوە. داگیرکەران چونکە بەزۆرەملێ بوونەتە حاکم پێیان وایە هەر ئەوانیش سەربەخۆن لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی ژێردەستەیان و هەمیشە سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکانی دی بەنـاڕەوا دەزانـن بەڵام توانـای یـاریکردنی نێـودەوڵەتی لەگەڵ جەمسـەرەکانی دنیـا و پێشـکەوتنی مـافی مـرۆڤ و پشتگیرییەکانی ڕای خەڵکی ئازادیخواز و پەیماننامەی جیهانی مافی مرۆڤ کە پێداگریی دەکا لەسەر «مافی

چارەی خۆنووسین» و «مافی دەنگدان»؛ دەتوانێ ئەم بیانووەی داگیرکەران مایەپووچ بکاتەوە.

یەکێک لە پێناسەکانی دیپلۆماسی سەربەخۆیی کە بۆ ئەم بوارە باسێکی کورتی دەربارەوە دەکەین، شێوازێکی کەڵکوەرگرتنە لە دیپلۆماسییەت بۆ نەتەوەیەک کە دەیەوێ مافی ڕەوای نەتەوەیی و دیموکراسیخوازیی خۆی بەشێوازێکی مەدەنیانە و لە ڕێی کەڵکوەرگرتن لە ناوەندەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی بۆ وەدیهاتنی کیانێکی سەربەخۆ وەگەڕ بخا. ئەو خاڵە گرنگانەی کە یارمەتیدەری دیپلۆماسی سەربەخۆیین، بەشێوەیەکی کورت ئاماژەیەکیان پێ دەکەین:

* حیزبەکانی هەر نەتەوەیەک لە ڕێی نوێنەرایەتییەکانیان لە وڵاتانی جیهان بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکتر دەتوانن لۆبیی بەهێز ساز بکەن و لە ڕێکارگەلی نێودەوڵەتی کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی کاریگەریی بخەنە سەر حیزبەکانی وڵاتانی دەوروبەریان و هەروەها زلهێزەکان. واتە بەهەمان شێوە کە دەسەڵات هەوڵی بەلاڕێدابردنی داوای ئەوان دەدا ئەمانیش هەر حیزبێک بە ئایدیۆلۆژیای خۆیەوە پەرە و ڕوونکردنەوەی پێویست بدا لەمبارەوە.

* میدیا و سۆشیالمیدیا لەم نێوەندەدا دەورێکی کاریگەر دەگێڕێ و دەتوانێ بەکەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسی گشتیی دەوری خۆی بگێڕێ بۆ ڕاکێشانی ڕای جەماوەری نیشتمانەکەی و کار بکا بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکەش لەم داوایەی تێبگەیەنێ و هەوڵی ئاشتەوایی بدا و سەربەخۆیی و دروستبوونی وڵاتێکی نوێ بەمانای دوژمنایەتی لێک نەدرێتەوە. بەڕێوەچوونی بەردەوامی کۆبوونەوەگەلی ئاکادیمی و سیاسی و گرتنی سمینار لە ئاستێکی بەرزدا و دەنگدانەوەی لە میدیاکان بە زمانێکی دیپلۆماسیانە کە ببێتە جێی سەرنجی خەڵکی بیانی، هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاڵپشتیی دیپلۆماسی سەربەخۆیی.

* هەڵکەوتەی ستراتیژی و ژێئۆپۆلۆتیکی دەورێکی سەرەکی دەبینێ لە دانوستانە دیپلۆماسییەکاندا کە دەکرێ زۆر باش کەڵک لە توانای تەناهیی ناوچەی سەربەخۆییخواز وەربگیردرێ و وەکو کارتێکی فشار لە ململانێکاندا بەکار بێ.

* هەر حیزبێک بۆ ئەوەی خواستی سەربەخۆیی نەتەوەکەی مسۆگەر بکات پێویستە بەشێوەیەکی دیپلۆماسیانە

لەگەڵ نوخبەکانی نیشتمانەکەی، سەندیکاگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵگا، چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەی ڕەفتارێکی هەبێ کە خەمەکانیان بڕەوێنێتەوە چونکە هەر ئەوانن کۆڵەکەی سەرەکیی دروستبوونی وڵاتن. نابێ بەشێوەیەک بێ کە حیزبێک ببێتە خاوەنی ئەم پڕۆسەیە بەڵکو دەبێ هەموو حیزبەکان بەدروستکردنی ئەم ئینتیما نەتەوەییە هەستابێتن و لە یەک ئاستدا خۆیان بەخاوەنی نیشتمان و دۆزەکە بزانن.

* ئابووری ئەو بەشە گرینگەیە کە دیپلۆماسیی نەتەوەیەک کە هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدا زۆر پێویستە کەڵک وەربگرێ لە ئامارگەلی ورد و دروستی توانا پیشەییەکان، وزە، بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و... هەروەها گەشتیارییبوونی نیشتمانەکەی. ڕاکێشانی سەرمایەی وڵاتانی ناوچە و زلهێزەکان یەکێک لە بنەماکانی ئارامی و ئاسایشە بۆ نیشتمان کە لە دوارۆژی داواکاریی سەربەخۆییدا پشتیوانێکی بەهێزی سیاسیین چونکە ئەو وڵاتانەش لەم بازاڕە نوێیە ئابوورییەدا خۆیان بە براوە و خاوەن سەرمایە دەبینن و هەر ئەوانیش دەتوانن کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر ڕای وڵاتەکەیان دابنێن.

لەم بابەتەدا هەوڵ درا لە سێ بەشی دیپلۆماسی سەربەخۆیی، لقی «دیپلۆماسی سەربەخۆیی بۆ پێکهێنانی وڵات» بەشێوەیەکی کورت ئاماژەیەک بە فیکرەکەم بکەم و هیوادارم ئەم بیرۆکەیە گەشەی پێ بدرێ و پەروەردە بکرێ و لە وتارەکانی داهاتوومدا مەجال هەبێ زیاتر بوارەکانی تری دیپلۆماسی سەربەخۆیی واتە «دیپلۆماسی سەربەخۆیی حزب» و «دیپلۆماسی سەربەخۆیی وڵات»یش بە هێنانەوەی نموونەکانیان شی بکەمەوە.

١- یەکێک لە گرنگترین باسەکانیی دیپلۆماسی گشتیی، بەکارهێنانی شێوەگەلی جۆراوجۆرە بۆ وەدیهاتنی مەبەستگەلی سیاسی. دیپلۆماسیی گشتیی ڕێگەی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە جیاوازە کە بۆ مەبەستێکی هاوبەش کەڵک وەردەگرێ لە شێوەگەلی دی، بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بپێکێ ئاوێتەی دیپلۆماسی دەکا کە باسکردن لەم ئاوێتەکردنە لە بەشی Consolidated Diplomacy دایە.

(لە ژمارەی ٧٠٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٧

# هەنگاوەکانی نافەرمانیی مەدەنیی کوردستان بەرەو سەرکەوتنە

ئەو جوغرافیایەی پێی دەگوترێ ئێران، لە درێژایی مێژوودا چونکە دەسەڵاتگەلی ناوەندیی لە کەشوهەوایەکی دیموکراسییانە و ئازادانەدا نەهاتوونەتە سەر کورسی دەسەڵات تا کاروباری خەڵکی وڵاتەکەیان بەڕێوە ببەن و هەروەها کە مێژوو شایەتی دەدا حکوومەتگەلێکی دەستنیشانکراو لەلایەن زلهێزەکانەوە بوون و دەسەڵاتی دەستنیشانکراویش هەموو هەوڵی بۆ ڕەزامەندکردنی زلهێزەکان و چەوساندنەوەی خەڵکەکەی داوە؛ بۆیە هەر جۆرە نارەزایەتییەکی گشتیی و مەدەنی و سەردەمیانە، بەتوندترین شێوەی نامرۆڤانە لەلایەن دەسەڵاتی تارانەوە وەڵام دراوەتەوە. لەم پەڕە ڕەشەی دەسەڵاتدارێتییدا، جینایەت و توندوتیژی و تەنانەت قەتڵوعامی خەڵکیش دەبینرێ و نموونەگەلێکی زۆر لەم بارەوە هەن کە ئێران بەناوی خۆیەوە لە مێژووەکەیدا تۆماری کردوە.

هەر بۆیەشە خەڵکی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەمێ ساڵەوە هەوڵی ئەوەیان داوە بە نافەرمانیی مەدەنی، نارەزایەتیی خۆیان بەرامبەر دوژمن بنوێنن و بتوانن بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و بە کەمتر هەزینەکردنی مادی و مەعنەوی، کاریگەریی زیاتر بخەنە سەر ناوەندی دەسەڵات. وەکو نموونەیەک لە نافەرمانی مەدەنی لە مێژووی ئێراندا دەکرێ بۆ سەردەمی سەفەوییەکان بگەڕێینەوە. لەو سەردەمەدا توندوتیژیی دەسەڵات بەرامبەر خەڵک و بەتایبەت نەیارانی لەوپەڕی خۆیدا بوو بۆیە خەڵک لەو سەردەمەدا وەکوو نەریتێکی لێ هاتبوو کە ئەوکەسانەی لەلایەن دەسەڵاتەوە دەخرانە ژێرچاودێری یاخود زیندانیی زۆریان بەسەر دەسەپێندرا، بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەک بەسەر دۆسیەکەیان لەلایەن دەسەڵاتەوە بکرێ و یان عەفوو بکرێن؛ پەنایان بۆ گۆڕ و زیارەتگەی ئیمامەکان و ئیمامزادەکان دەبرد.

بۆ یەکەم جار لە سەردەمی پاشایەتیی «محەممەد شا»ی قاجار (١١٨٦ - ١٢٢٧ هەتاوی)، هەندێک لە شازادەکان لە باڵوێزخانەی ڕووسیە دژی حاجی میرزا ئاقاسی مانیان گرت. لە سەردەمی «ناسرەین شا»ی قاجاردا (١٢١٠ - ١٢٧٥ هەتاوی) بۆ ئەوەی خەڵک و بەتایبەت کەسایەتیگەلی ناڕازی هانا بۆ باڵیۆزخانەکان نەبەن، ڕێگەی چوون بۆ باڵیۆزخانەکان بەسترا. هەر لەبارەی ئەم بەشەی مێژووی ئێرانەوە دەتوانین ئاماژەیەکی کورتیش بکەین بەو

مانگرتنەی کە بە مانگرتنی شاعەبدولعەزیم بەناوبانگە. لە ڕۆژەکانی ٣ تا١٠ی بانەمەڕی ١٢٨٤ی هەتاوی لە سەرەتای سەفەری «موزەفەدرین شا» بۆ ئوورووپا، بازرگان و تاجرەکان لە شاعەبدولعەزیم مانیان گرت چونکە خوازیاری نەمانی ئەو باجە نوێیە بوون کە گومرک داینابوو. بازرگانەکان هەروەها خوازیاریی نەمانی دووچاوگی لە گرتنی حقووقی گومرک لە موسڵمانەکان و لادانی «ژۆزیف نووز» موستەشاری ماڵیی بەلژیکیی دەوڵەتی ئێرانیان، دەکرد.

لە مێژووی هاوچەرخی ئێرانیشدا دەتوانین ئاماژە بکەین بەو خۆپیشاندان و مانگرتنانەی لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە وەها پەرەی سەند کە دەسەڵاتی پاشایەتی پەهلەویی ڕووخاند و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانی لێکەوتەوە کە ئەویش نەیتوانی وەڵامدەری چاوەڕوانیی خەڵک بۆ ئازادی و دیموکراسی بێ.

هاوکات لەگەڵ خەباتی چەکداریی بەشێک لە پارتەکان لە دژی ئەو ڕێژیمە بەڵام نافەرمانیی مەدەنی و مانگرتن لەلایەن خەڵکەوە هەر درێژەی کێشا و لەمبارەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵێکی پێشەنگی بۆ ئێران گێڕاوە. لە کۆچی بەکۆمەڵی خەڵکی مەریوان لە سەرەتای شۆڕشی ئێران هەتا خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کرماشان و بەرخۆدانی خەڵکی سنە و ڕێپێوانەکانی نێوان شارەکانی سەقز و بۆکان و هتد، چەند نموونەن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نافەرمانی مەدەنی کردوویەتی و بێ پسانەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەر درێژەی پێ داوە.

هەرچەند پاش سەرکوتی بزووتنەوەی سەوز کە خەڵکی ئێران داوای دەنگی خۆیان دەکرد کەم تا کورتێ نافەرمانی مەدەنی وا دیار بوو کە نوشستی بەخۆیەوە دیتووە بەڵام ئەم نافەرمانی مەدەنییە بەجۆرەها شێوەی دی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە درێژەی کێشا و دەبینین کە خەڵکی ئێرانیش لە شارە جۆراوجۆرەکانی وەکوو تاران و مەشهەد و ئیسفەهان و تەورێز و ورمێ درێژەی بەم شێوازە نارەزایەتی دەربڕینە داوە و ساڵانە لە بۆنەگەلی جیاوازدا وەکو «شەرە ئاو» لە هاوین، خۆپیشاندانی سینفی مامۆستایان، خۆپیشاندان دژی وشکبوونی ئاوی دەریاچەکان بەهۆی سیاسەتی نادروستی دەسەڵات، خۆپیشاندانی خەڵکی ئیسفەهان دژی سیاستی ئاوی حکوومەت، خۆپیشاندانی خوێندکاران بەبیانووگەلی سینفییەوە، مانگرتنی بازاڕی زێڕینگەرانی تاران، خۆپیشاندانی ئافرەتان بۆ داوای مافی یەکسان و هتد، نارەزایەتی مەدەنی هەر زیندووە و خەونی دەسەڵات بۆ سەرکوتی نەهاتووەتەدی.

لە ئێران هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە یاسادانەرییەوە هەتا سەربازیی و میدیا و ئابوورییەوە لە پاوانی دەسەڵاتی ناوەندە و لەم پێوەندییەدا بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان چونکە هەم ستەمی ئایینی و هەمیش ستەمی نەتەوەیی لێ کراوە و دەکرێ و زلهێزەکانیش بەهۆی سوودی ئابوورییانەوە نەیانویستووە گوێ لە داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد بگرن، هەمیشە ئەم پارچەی کوردستان کە هەزینەیەکی زۆریشی بۆ ئازادی داوە و زیاترین ستەمی لێ کراوە بەڵام گەورەترین بەرخۆدانی مەدەنیانەشی تۆمار کردووە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تەنانەت قەتڵوعامەکانی قارنێ و قەڵاتانی بەخۆوە دیتووە بەڵام هەرگیز وازی لە خەباتی ڕەوای خۆی نەهێناوە و درێژەدانی نافەرمانی مەدەنی و خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕێکخستنی دامەزراوەگەلی سڤیل و ژینگەپارێزیی و پەروەردەیی، یەکێک لەو ڕەهەندانە بووە کە نیشتمانپەروەرانی کورد بۆ وەستان و بەرخۆدانی خۆیان بەرامبەر دەسەڵاتی داگیرکەر هەڵیان بژاردووە.

لەمبارەوە زۆر جێی خۆشحاڵییە کە کوردستان توانیویەتی ڕۆڵێکی پڕشنگداریی پێشڕەوانە لە ئێراندا ببینێ و ببێتە پێشەنگی نافەرمانیی مەدەنی لەو جوغرافیایەی کە دیموکراسی بەخۆوە نەدیتووە. وەکوو نموونەی هەنووکەیی دەتوانین ئاماژەیەک بکەین بە بەرخۆدانی نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، هەواڵنێران بۆ درێژەدان بە کاری پرۆفێشناڵ و خستنەڕووی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی کوردستانی بندەستی ئێران، بەرخۆدانی ئافرەتانی کورد بۆ گەیشتن بە مافەزەوتکراوەکانیان لە دەسەڵاتێکی ویلایەتی فەقیهدا کە هەموو ئازادییەکی لێ قەدەغە کردوون، بەرخۆدانی چالاکانی مەدەنی بۆ وەڕێخستنی کەمپەینگەلی جۆراوجۆر کە پشتگیریی ژیانێکی شارستانیانە دەکەن وەکو «نا بۆ ئێعدام» و «گەڕانەوەی موعتادەکان بۆ ژیان» و «شکاندنی قەفەس» و «شکاندنی چەکی ڕاو» و هتد.

بێگومان ئەوەی کە ئەمڕۆ چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیکەن ئازایەتییەکە و پێویستە کەسانی خەمخۆر لە بواری بەڕاگەیاندنکردنی ئەو پرسانە و ڕێزگرتن لەو چالاکانە، ئاوڕێک لە دۆخەکە بدەنەوە.

ئەوەی لە نافەرمانی مەدەنیدا گرنگە ئەوەیە کە ڕێگەگەلی زۆر بۆ چالاکان دەکاتەوە کە بەرامبەر گەندەڵیی دەسەڵات بوەستنەوە و خۆیان بە یەک ڕەهەندەوە نابەستن و لە زۆر بواردا دەسەڵاتی ناوەند و هەروەها دەسەڵاتی لۆکاڵی گەندەڵ ناچار بە وەڵامدانەوە و بەخۆداچوونەوە دەکەن. چونکە چالاکانی ئەم بوارە دەرفەتی کەڵکی خراپ وەرگرتن هەم بە ئەندامانی خۆیان و هەمیش بە دەسەڵات نادەن کە خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە و داوای ڕەوا

بخرێتەوە چوارچێوەیەک کە دەسەڵاتی سەرکوتگەری ئێران بیەوێ بۆ خەڵکی جیهان و میدیاکان و هەروەها ناوەندگەلی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ بە ناڕەوا و توندئاژۆیی بیانناسێنێ. بۆ نموونە چالاکیی هەلسووڕاوانی ژینگەپارێزیی لەبارەی خراپبوونی ڕێ و بانی ڕێگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەردەوام کارەساتی دڵتەزێنی لێ دەکەوێتەوە، چالاکییەکە سوودی بۆ خەڵک هەیە و دەسەڵاتیش بۆ ئاوەدانی نیشتمانەکەمان بەچالش دەکێشێ و ناوەندگەلی تەناهیش ناتوانن تۆمەتی ئەمنییەتی لەو چالاکانە بدەن. هەروەها ناوەندێک کە زمانی کوردی و موسیقا فێری لاوان دەکا با لایەنێکی ئەمنی دەسەڵاتیش بیسووتێنێ بەڵام چالاکییەکی مەدەنییە کە داگیرکەر ناتوانێ بیروڕای گشتیی و نێودەوڵەتی دژی ئەم چالاکانە بورووژێنێ و مافی ئینسانییان لێ زەوت بکا. هەروەها چالاکانی مەدەنیش بە درێژەدانیان دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستان زیاتر و زیاتر ڕیسوا دەکەن.

بۆ کۆماری ئیسلامی داگیرکەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئاسانە هەر کەسێک گومانی کاری چەکداری لێ کرد ئێعدامی بکا و دەتوانێ بەشێکی بەرچاوی تێکنۆکراتەکانی خۆیشی لەگەڵ ئەم سەرکوتە هاوڕا بکا و پاساوگەلی جۆراوجۆریشی لە بەرامبەر ناوەندگەلی نێودەوڵەتی بۆ بهێنێتەوە بەڵام کاتێک داواکردنی مافێک لە ڕێگەگەلی ئاشتیخوازانەوە بێ و لە سەردەمی مۆدێرنیتە و بەجیهانیبوون و میدیادا خەڵکی جیهان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، نافەرمانییەکی مەدەنییانە دەبینن کە خەڵک داوای ڕەوای مافی خۆی دەکا هەر جۆرە سەرکوتێک لەلایەن داگیرکەرەوە، توندترین ئیدانەکردنیی ناوەندگەلی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە.

هەرکات خەڵک خۆیان هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بدەن، گۆڕانی بنەڕەتیش لە کۆمەڵگەی کوردستان ڕوو دەدا. بۆ سەرکەوتنی نافەرمانی مەدەنی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە قورساییان لە خۆپیشاندان و مانگرتن، یەکگرتوویی و هەماهەنگییان لە داواکانیان، بەرخۆدان دژی هەرجۆرە گەندەڵییەک لەلایەن دامودەزگاکانی هەر جۆرە دەسەڵاتێکەوە، کەمکردنەوەی درزی نێوان گوفتمانی نوخبە و جەماوەر، زیاتر لە جاران پتەو بکەن. چونکە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکیش لە دەسەڵاتدارێتیدا ڕوو بدا، ئەوە هەبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنییە کە گەرەنتی ژیانێکی شارستانیانە دەکا و ڕێ لە دووبارەبوونەوەی سەرکوت و خوێنڕێژی دەگرێت. بۆیە ئەرکی چالاکانی ئەم بوارە هەرچەند زۆر پیرۆزە بەڵام ئەرکێکی قورسە کە پشوودرێژیشی دەوێت و مێژووی بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەلماندوویەتی کە نەتوانراوە پێشگیریی بەم ئەرکە پیرۆزەی نیشتمانپەروەرانمان بگیردرێ.

(لە ژمارەی ٧٠٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

--------------------------------------------------

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕیفراندۆم

ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبر لە باشووری کوردستان ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بەڕێوەچوو کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی مەدەنیانە شارەکانی ئەو پارچەی کوردستانیان بەبوونیان و داواکردنی خواستە نەتەوەییەکەیان پتر ڕازاندەوە. خۆپیشاندانی بەرینی خەڵک و دەنگدانەوەی لە میدیاکانیی جیهاندا بووە هۆی نیگەرانیی دەسەڵاتی داگیرکەر و لە هەمان کاتیشدا ئەم پرسە هاتەئاراوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە گەلێ شێوازی خەباتی بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی تاقی کردووەتەوە و لە پێناویشیدا هەموو جۆرە گیانفیداییەکی کردووە؛ ئایا دەکرێ داوای «ڕیفراندۆم» بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆی بکا؟

لە حەوت ئەسڵی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، باسی ڕیفراندۆم کراوە. ئەسڵەکانی ٦،٥٩،٩٩،١١٠،١٢٣،١٣٢،١٧٧؛ بەڵام پاش هاتنەسەرکاری ئەم دەسەڵاتە تەنیا سێ جار ڕیفراندۆم کراوە کە ئەویش هەر لە پێناو دەسەڵات و قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا بووە. لە ڕێکەوتەکانی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ (بەڵێ یان نا بە کۆماری ئیسلامی)، ١٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (پەسندکردنی دەستوور)، ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٨ (پەسندکردنی چاکسازییەکان لە قانوونی ئەساسیدا).

یەکەم کەس لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کە داوای بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی کرد سەرکۆماری ئەوکات، د.ئەبولحەسەن بەنیسەدر بوو کە بۆ چارەی کێشەکانی نێوان خۆی و سەرۆک وەزیرانەکەی ئەم بابەتەی ورووژاند، بەڵام یەکێک لە موخالفینی توندی ئەو محەمەد خاتەمی بوو کە ئەویش نەیدەزانی سەردەمانێکی دی لە سەرکۆماریی خۆیدا وەکو هەڕەشەیەک بەکاری دێنێ و دیارە بەقسەی نەکرا. هەروەها ئەحمەدینەژادیش لە سەردەمی سەرکۆمارییەکەیدا لە باسی دانی «یارانە»دا بابەتی ڕیفراندۆمی وەکو هەڕەشەیەک هێنایە ئاراوە کە دواتر بەناردنی نامەیەک بۆ مەجلیس کێشەکەی کۆتایی پێ هات.

بێگومان کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆربەیان چینێکی ماماوەندن کە هەندێ لە پێداویستییەکانیی سەرەتایی ژیانیان، بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆیانەوە دابین کردووە و «تاران» وا چنگی خستووەتە نێو چڵ و پۆی ژیانیانەوە کە جێ پەنجەی ستەم لە هەموو بەشەکانی ژیانیان بەدی دەکرێ. بۆیە حیزبێکی سیاسیی بەرهەڵستکار لە هەنگاوی یەکەمدا پێویستە بیرۆکەی ئەوەی هەبێ کە چۆن ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی گرفتی تێ نەکەوێ و بۆ گەیشتن بەمافەکانیان بەتایبەت لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕەوتی مەدەنی پشتگیریی زیاتری لێ دەکرێ، هەنگاوی ژیرانە و پێویست بنێ. لە ڕوانگەی توێژەر و مامۆستایەکی زانکۆوە کە تایبەت بۆ ئەم بابەتە قسەم لەگەڵێدا کرد لە پێناسەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گوتی: «کۆمەڵگەیەکی ئێحساسییە و ناسیۆنالیزمی کلاسیک زاڵە بەسەریدا و لە بواری جووڵەی شۆڕشگێڕانەشەوە چاوەڕێی کرداری نەرمیان لێ بکەن».

کاتێک ئۆپۆزسیۆنێک نەتوانێ لە ڕێی بەکارهێنانی هێزەوە کێشەکەی خۆی چارەسەر بکا و داگیرکەر زاڵ بێ بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا؛ ناچارە کەڵک وەربگرێ لە یەکێک لەو «سۆفت پاوێر»انەی کە حیزبێکی سیاسی بەرهەڵستکار دەتوانێ بە دژی دەسەڵاتێکی داگیرکەر بەکاری بێنێ. ئەویش کەڵکوەرگرتنە لە یاساگەلی نێودەوڵەتی و پەنابردنەبەر دامودەزگەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دادگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان.

### لەم دۆخەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕیفراندۆم دەکرێ؟

بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم و هەروەها پارادۆکسەکانی نێوان ئەسڵەکانی مافی مرۆڤ و یاساگەلی نێودەوڵەتی تەوەری ئەم ڕاپۆرتەیە کە هیوادارم بتوانرێ ڕۆچنەیەکی نوێمان بۆ بکاتەوە. سەرەتا سەرنج دەخەمە سەر ڕیفراندۆم و «گشتپرسی Plebiscite» کە لە میدیاکاندا ئەم دوو چەمکە سیاسییە خراونەتە پاڵ یەک.

دکتۆر یاسین ئاشوور، مامۆستای زانکۆ و دوکتۆرای زانستی سیاسەت لە وەڵامی پرسیاری جیاوازیی ڕیفراندۆم و Plebiscite چییە، دەڵێ: «ڕیفراندۆم بە یەکێک لە ڕووکارە گرنگەکانی دیموکراسی ناڕاستەوخۆ دادەنرێ کە تێکەڵەیەکە لە نێوان سیستەمی نوێنەرایەتیی دیموکراسی ڕاستەوخۆ. ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ گەل بەو پێیەی کە ئەوان سەرچاوەی دەسەڵاتن بۆ وەرگرتنی زانینی ڕاوبۆچوونیان دەربارەی ئەو بابەتەی کە دەخرێتە بەردەمیان کە بە ‹بەڵێ› یان ‹نەخێر› دەنگی لەسەر بدەن. ڕیفراندۆم تەنها فۆرمێک نییە بەڵکوو لە چەندین فۆرمی جیاواز

پێک هاتووە». لەوانە:

لە ڕووی بابەتەوە، ڕیفراندۆم بەپێی ئەو بابەتانەی کە چارەسەری دەکا، جیاواز دەبێ. وەک ڕیفراندۆمی (دەستووری - سیاسی - تەشریعی). هەریەک لەمانە بەپێی مەبەستەکانیان جیاوازە و ڕێوشوێنی خۆی هەیە بۆ کردنی.

لە ڕووی هێزی پابەندبوون بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم یان ئەوەتا کە حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی وڵات پابەند دەبن بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمەکەوە؛ واتە ئەگەر زۆرینە، دەنگی بە ‹بەڵێ› دا، ئەوکات ئەو بابەتەی خراوەتەوە ڕیفراندۆمەوە دەبێ ئەنجامەکانی جێبەجێ بکرێ. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا واتە لە ڕاپرسیی راوێژکاریدا (Plebiscite) زۆر جار تەنها بۆ زانینی ڕای گەلە. حکوومەت یان پارلەمانیش دەتوانن پابەندی ئەنجامەکەی نەبن. واتە ئەگەر ئەنجامی (Plebiscite) ‹بەڵێ› سەرکەوتنی بەدەست هێنا مەرج نییە لەسەر حکوومەت یان پارلەمان کار بە ئەنجامەکەی بکەن. واتە زیاتر بۆ زانینی ئارەزووی خەڵکە بەڵام لە ڕیفراندۆمدا دەبێ حکوومەت و پارلەمانیش ناچار بکرێن کار بە دەرەنجامەکەی بکەن».

لە وەڵامی پرسیاری نەتەوەیەکی ژێردەست لە حکوومەتێکی دیکتاتۆریدا کە بڕیارەکانی نێودەوڵەتی قبووڵ ناکا، چۆن گەلە ژێردەستەکەی دەتوانێ داوای

ڕیفراندۆم یان Plebiscite بکات؟ دکتۆر یاسین ئاشوور دەڵێ: «وەک لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێداوە و چەمکی (نەتەوەی ژێردەست)ت بەکارهێناوە، ئەوە دەرئەکەوێ ئەم وڵاتە جارێ بڕوای بەئازادیی گەلان و مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان نییە. چونکە لەم جۆرە وڵاتانەدا هەمیشە نەتەوەی ژمارە زۆر (اکثریت)، بە کۆمەڵێک پاساوی ئایدیۆلۆژی، جا چی سیاسی بێ یان ئایینی، دەیەوێ ئیرادەی خۆی بەسەر گەلانی نێو وڵاتەکەدا بسەپێنێ و هەمیشە ئەوان بکەری سەرەکیی هەموو کایەکانی دەوڵەت بن.

کەواتە هەر لە بنەڕەتدا ئەو جۆرە وڵاتانە کە تۆ ناوت بە دیکتاتۆری بردوون کەمترین بڕوایان بەژیانی دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئازادانە و ئارەزوومەندانەی نێوان پێکهاتەکانی نێو وڵاتەکە نییە؛ بۆیە زۆر ئاساییە

لەلایەن دەسەڵاتی ئەم وڵاتانەوە پەرچەکردار و ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵێک بۆ ئازادی بدرێ. بێگومان لە نێو ئەم جۆرە سیستەمە سیاسییانەدا نەتەوەی دووەم یان ‹ژێردەستە› ناتوانن نە ڕیفراندۆم نە (Plebiscite) ئەنجام بدەن. چونکە ئەم دوو پرۆسەیە خۆی مەغزای سەرەکیی نێوەڕۆکی دیموکراسییە. بەو پێیەش کە لە نێو سیستەمە دیکتاتۆرییەکاندا، دیموکراسی ئەستەمە بۆیە ئەم دوو پرۆسەیەش گەلێک ئەستەم دەبێ. تاکە ڕێگەیەک کە ڕیفراندۆمی تیادا ئەنجام بدرێ ئەوەیە کە لەلایەن وڵاتانی دیکەوە هەروەها لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە فشاری جددی و زۆر بخرێتە سەر دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە دیکتاتۆریانە و ملکەچی ئەوە بکرێن کە ڕێز لە ئیرادەی گەلان بگرن. بێگومان ئەمەش دەکەوێتە سەر بەهێزی و لاوازیی وڵاتەکە».

دکتۆر یاسین ئاشوور لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆ ئەوەی دۆسیەی نەتەوەیەکی ژێردەستە بڕواتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ چی بکرێ؟ گوتی: «باشترین میکانیزمێک بۆ ئەوەی دۆسیەی نەتەوە بەشخوارەکان بچێتە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە تا چەند دەستەبژێری سیاسی، یاسایی، فەرهەنگی، ڕۆشنبیران و ئەوانی دیکەی نەتەوە بەشخوراوەکان لە بەرامبەر پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکانی نەتەوەکەیان دڵسۆزن و هەتا چەند خاوەن توانا و لێهاتووییەکی ئەوتۆن کە بتوانن ڕای گشتیی وڵاتان بەلای دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی خۆیاندا ڕابکێشن و ڕووی راستەقینەی نەتەوەکەیان پیشانی جیهان بدەن. بەم ڕێگەیە دەتوانرێ دۆستایەتی و سۆزی دەرەوە بۆ دۆسیەی نەتەوەکەت ڕابکێشی و لە چوارچێوەی لۆکاڵی بیهێنییە دەرێ و بیکەیتە پرسێکی هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە زۆرجار وڵاتانی دیکە دەبنە ڕێگر لە بەردەم ئەم کارەدا».

لە یاسا و زانستی سیاسەتدا بەسەرنجدان بەوەی کە ڕیفراندۆم بۆ شێوازەکانی سیاسیی دەوڵەتە بەڵام Plebiscite بۆ کاروباری زۆر گرنگ کە پەیوەندی بە دەسەڵاتی حکوومەتەوە هەیە، کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هەروەها ڕیفراندۆمیش بۆ کاروباری ئاسایی نەک کاروباری گرنگی دەوڵەتی، کەڵکی لێوەردەگیرێ. بەواتایەکی دی ڕیفراندۆم لە Plebiscite دەچێ و جۆرێکە لەو کە ناتوانێ خۆ لە کاروباری گرنگ و دەسەڵاتی حکوومەتەکان و گۆڕینی ڕژێم و دەستوور بدا. بۆیە Plebiscite لە یاسا و زانستی سیاسەتدا پێی دەوترێ Representative Democracy واتە دیموکراسی نمادین.

ئەم باسە تیۆرییانە و واقعی سیاسی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێن کە لەم دۆخەی ئێستەدا، بۆ

وەرگرتنی ئازادانە و ڕاستەوخۆی دەنگی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان پێشتر دەبێ هەوڵی تۆکمەی دیپلۆماسی لە ئاستێکی بەرین لە دادگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان درابێ. یەکێک لەو خاڵانەی کە لەم پێوەندییەدا دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ دۆزی ڕەوای ڕۆژهەلاتی کوردستان بەدژی داگیرکەر ئەو بڕیارانەن کە وڵاتانی زلهێز بەپێی بەرژەوەندیی و سیاسەتی دەرەکی خۆیان بەرامبەر ئێران دەیدەن کە دەتوانین لە نوێترینیاندا ئاماژە بە سیاسەتەکانی سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە ڕۆژی ١٣ - ١٠ - ٢٠١٧ دەربارەی سپای پاسداران بکەین.

ترامپ ئەو هێزەی بە هێزێکی تیرۆریست کە لە دەست ڕێبەریی ئێران دایە ناو برد و هەروەها وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکاش پاش ئەم قسانەی سەرۆکی وڵاتەکەیان، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا گەمارۆی بەسەر تەواوێتیی ڕێکخراوی تیرۆریستی سپای پاسداراندا ڕاگەیاند. کورد لە ڕۆژهەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ژینۆساید کراوە و لە دادگەی میکۆنۆسیش تیرۆریستبوونی دەوڵەتی ئێران سەلمێنرا و سەدان ئەندامی حزبی دیموکراتیش بەدەست سپای پاسداران تیرۆر و شەهید کراون.

### یاسای نێودەوڵەتی و ڕیفراندۆم

پسپۆڕی یاسای نێودەوڵەتی و مامۆستای زانکۆ، مامۆستا سیروان حەمەشەریف لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە کورد چی بکا دەنگی بگاتە کۆمەڵگە و مەحکەمەی نێودەوڵەتی و باسی دۆسیەکانی خۆی بکا، گوتی: «زۆر گرینگە کورد کە نەتەوەیەکە دەیەوێ باسی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی بکا لە بواری نێودەوڵەتییەوە وا هەڵسوکەوت بکا کە بینوێنێ نەتەوەیەکی پێشێلکار نییە. لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە یەکێک لەو ڕەخنانەی کە لە یاسای نێودەوڵەتی دەگیرێت ئەوەیە کە تەنیا بۆ دەوڵەتە نەک بۆ نەتەوە. تەنانەت نەتەوەیەکیش کە ژینۆساید کراوە ئەگەر خۆی دەوڵەتی نەبێت هەر ناچارە لە ڕێی ئەو وڵاتەوە کە لێی دەژیت، دەوڵەتەکەی ئەم سکاڵایە بەرز بکاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی عێراق لە دادگەی نێودەوڵەتی لاهە ئەندام بێت ئەوکات کوردی باشوور دەتوانن سکاڵا لەسەر دەوڵەتەکەیان تۆمار بکەن و بێگومان ئەمە گرفت و کۆسپێکە لە بواری نێودەوڵەتییەوە کە لەبەردەم کوردی زیاتر لە چل ملیۆنیی بێدەوڵەتدا هەیە. باشترین چارسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەتە بۆ ئەوەی کە لە بواری نێودەوڵەتییەوە باسی ژینۆساید و ئەو تیرۆرانە بکەی کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە».

لە وەڵامی ئەوەی کە کورد لە ڕۆژهەڵات چۆن دەتوانێ هەوڵ بۆ ڕیفراندۆم بدا لە کاتێکدا ژێردەستەی وڵاتێک و حکوومەتێکی دیکتاتۆرە کە گوێ بە یاساکانی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ نادا، سیروان حەمەشەریف دەڵێ: «دەسەڵاتی ئێران بەهۆی هەڵسوکەوتەکانییەوە کارێکی وەهای کردووە کە دەرگەکانی نێودەوڵەتی بەسەر خۆیدا داخستووە و بەچاوی هەموو جیهانەوە سەرۆک ترامپ باسی تیرۆریستبوونی سپای پاسدارانی کرد. باشترین ڕیگەچارە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات کە بتوانێ ئەویش ڕۆژێک ڕیفراندۆم بەڕێوە ببا ئەوەیە کە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو خواستەکانی پلانێکی تۆکمە دابنێ. بۆ نموونە ئەم هەلەی کە دەربارەی سپای پاسداران ئاماژەم پێدا، بیقۆزێتەوە. واتە بەیەکگرتوویی خۆیان لە دەرەوەی وڵات دیپلۆماسییەکی بەرین وەرێ بخەن و لەم دەرفەتەدا دەنگی خۆیان بە میدیاکانیی جیهان و ڕای گشتیی خەڵک بگەیەنن و لۆبی بکەن کە باسی ژینۆساید و تیرۆرەکانی دەسەڵاتی زاڵدا بکەن».

ئەو پسپۆڕەی یاسای نێودەوڵەتیدا لە درێژەی قسەکانیدا ئەو گلەییەشی لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە لە ڕاستیدا بەهۆی یاساکانی نێودەوڵەتییەوە «نەتەوە یەکگرتووەکان نییە بەڵکوو دەوڵەتە یەکگرتووەکانە». مامۆستا سیروان حەمەشەریف بۆ گەیشتن بە ڕیفراندۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆتایی لێدوانەکەیدا گوتی: «دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دەوری سەرەکی دەبینێ و لۆبیکردن زۆر پێویستە بۆ ئەوەی دۆسیەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەلایەن ئێرانەوە، ئاشکرا بکرێن. میدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژینۆساید و تیرۆرەکان و پێشێلکارییە مرۆییەکانی ئێران دژی کورد بەتەواوی و بەوردی باس بکەن و هەروەها حزبەکانیش لە ڕێی ئەو میدیایانەی کە لەبەردەستیان دایە، ئینتیمای نەتەوەیی لە تاکی کورد دروست بکەن و هەمیشە ئامادە بن لە هەر دەرفەتێکدا کەڵکی خۆیان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانیان وەربگرن. ڕۆژهەڵات دەبێ بەهەر شێوازێکی گونجاوی نێودەوڵەتی باسی مەزڵوومییەتی خۆی بۆ جیهانیان بکات و سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بیسەلمێنێ کە دەوڵەت جیاکاریی دەکا و لە نێو نەتەوەکانی ئێراندا دووچاوگی بەرچاو هەیە».

(لە ژمارەی ٧١٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## کۆماری ئەخلاق لە درێژەی کۆماری کوردستاندا

بەپێی قسەی بەرپرسان و کارناسانی بوومەلەرزە، یەکشەممە ٢١ی خەزەڵوەر کاتژمێر ٩ و ٤٨ خولەکی شەو بەکاتی ئێران، لە ٣٠ کیلۆمەتری باکووری ڕۆژاوای سەرپێڵی زەهاو و ٣٢ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە، بوومەلەرزەیەک ڕووی دا کە ١٥٠ ملیۆن نەفەر لە ئێران و عێراق هەستیان پێ کرد. پیرحسێن کولیوەند سەرپەرشتی فریاگوزاریی ئێران لە سەرەتای ڕووداوەکەدا ڕایگەیاند ٤٣٠ کەس کوژراون و حەوت هەزار و ١٥٦ کەسیش بریندار بوون. لە عێراقیش بەپێی ئاماری خاچی سوور ٩ کەس کوژران.

سبەی ڕۆژی بوومەلەرزەکە، ڕاپۆرتەکانیی مەیدانی ئاشکرایان کرد کە زۆربەی زیانەکە لە ناوچەکانی پارێزگەی کرماشان بەتایبەت سەلاسی باوەجانی و سەرپێڵی زەهاوە و داوای بەهاناوەهاتنی بەپەلەیان کرد و ئاماری کوژراوەکان بەردەوام خۆی لە هەڵکشان دەدا و بەرپرسانی دەوڵەتیش هیچ دەنگێکیان نەبوو تەنانەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانیش دۆخەکەی نەدەگواستەوە و ماتەمینیی پێوە دیار نەبوو.

دەنگۆی ئەوەی ئایا بەڕاستی بوومەلەرزە بووە یان نا لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا بڵاو بووەوە و وەکو هەمیشە ئەم بێباوەڕییە بە دەسەڵات وایکرد کە هەر کورد پشتی کورد بگرێ. بۆیە سەرانسەری ڕۆژهەڵات هەڵمەتێکی بەرفراوانی یارمەتی کۆکردنەوەیان دەست پێکرد و لە بواری گواستنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتیشەوە سەبارەت بە وەزعی ژیانی لێقەوماوان، ڤیدیۆ و وێنەکان لە هەموو شوێنێکەوە بڵاو دەکرایەوە. ئێران نەیهێشت ڕۆژنامەنووسانی بیانی سەردانی پارێزگەی کرماشان بکەن و لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکاندا بەشیان هەبێ؛ بۆیە تەلەفزیۆنەکانی خەبەریی لە ئەورووپا بۆ نموونە فەڕانسە کە باسی بوومەلەرزەکەی ئێرانیان دەکرد هەر وێنەی باشووری کوردستانیان دادەنا. تەنانەت لە پیشاندانی یارمەتیی خەڵک بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەش تەلەفزیۆنی ئێران، وێنە و ڤیدیۆکانی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی بڵاو نەدەکردەوە و هەر گرنگی بە شارەکانی دیکە دەدا.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەستی بە بێزاری هەرچی زیاتری خەڵک لە دەسەڵات کرد، ڕوحانیی سەرکۆماری نارد

بۆ نێو خەڵکی بەڵاڵێدراو و ئەویش هەر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوە بێ ئەوەی دابەزێ لەکاتێکدا هەوڵی دەدا لەم دەرفەتە بۆ شەڕی دەسەڵاتی خۆی کەڵکوەربگرێ و ڕەخنە لە پرۆژەی «مسکن مهر»ی ئەحمەدینەژاد بگرێ - کە دیارە بەشێکی بەرچاو لە زیانەکان و کوژراوەکان هی ئەو بینایانەن-؛ دەستی کرد بە وەسفی هێزەکانی سەرکوتکەری سپای پاسداران کە بەهوتافکێشانی خەڵک بەناچاری شوێنەکەی چۆڵ کرد.

**بوومەلەرزەکە هێندە بەقووەت نەبوو لێکمان جیا بکاتەوە**

بوومەلەرزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا و کوژراو و بریندار و ماڵوێرانی زۆریشی بۆ ڕۆژهەڵات بەدواوە بوو بەڵام هەستی پاک و بێگەردی خەڵکی مرۆڤدۆست و کوردپەروەری ڕۆژهەڵاتی پتر بەیەکەوە نێزیک کردەوە و هەر دامودەزگە و قوتابخانە و گەڕەک و ماڵێک بۆ خۆی ناوەندێکی کۆکردنەوەی یارمەتی بوو کە نەیاندەویست هەوڵی خۆبەخشی نەتەوەی زوڵملێکراوی کورد، دوو دەستی تەحویلی دامودەزگەی حکوومەتی ئێرانی بدەن. بۆ نموونە ئەگەر لەسەر جادەی هەر شارێکی ڕۆژهەڵات دوو خێمە دەبینرا کە یەکیان هی ناوەند یان کەسێکی باوەڕپێکراوی شارەکەیە و ئەویتریان هی دامودەزگەیەکی حکوومەتە، خەڵک یارمەتیی خۆیان بە حکوومەت نەدەدا و دەچوونە لای ئەو خێوەتەی کە بە هی خۆیانیان دەزانی و دڵنیا بوون یارمەتییەکەیان لەلایەن سپای پاسدارانەوە نادزرێ و بەدەستی کەسێک دەگا کە پێویستی پێیەتی. ئیتر لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بابەتی بێسوود نەدەبینرا ئەوەی بوو بە پەلە پەیامناردنی کەسانی خێرخواز بوو کە فڵانەگوند یارمەتی بۆ نەچووە و بەڵکوو فریا کەون کە فڵانە شتومەکمان پتر پێویستە. ڕۆحی نەتەوەیی کورد ئیرادەی وەبەرخۆ کردبوو کە ئەمە نیشتمانی داگیرکراوی خۆیەتی و هەر خۆیشی دەبێ بەهانایەوە بچێ و سەروگیانی بۆ دابنێ.

هەڵمەتی پشتیوانی مادی و مەعنەوی هەموو شار و گوند و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ورمێوە بگرە هەتا ئیلام و لوڕستان و کوردەکانی تاران و خوراسان و دەنگدانەوەی ئەم یەکدڵییە وایکرد کە مرۆڤدۆستانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لە هونەرمەندەوە بگرە هەتا وەرزشکار و مامۆستای زانکۆ و وەکیلی دادگوستەری و هتد، وەدوای یارمەتیدانی خەڵکی کوردی پارێزگەی کرماشان بکەون و بەچاوی خۆیان ببینن کە دەسەڵاتی ئێران چەندە درۆزنە و چۆن کۆسپ دەنێتەوە بۆ گەیاندنی یارمەتیی خەڵکی خۆبەخش و هەروەها ببینن کە بەهەموو شێوەیەک ئایەتوڵڵاکان ڕێگریی دەکەن لەوەی یارمەتی بگاتە دەست دانیشتووانی گوندەکانی کوردی سوننە و کوردی ئەهلی

هەق.

ئەم دۆخە دەسەڵاتی ئێرانی زیاتر پەشۆکاند و ئیتر لەوە ترازابوو کە دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستان پێش بەم هاودڵییە بگرێ و ئەوەی لەم نێوەندەدا خەمی زەوی لەرزەکەی کەم دەکردەوە ئەم شەپۆلی ئینساندۆستییە بوو کە حکوومەتی شەرمەزار کردبوو.

### دووەم حەماسەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ی مانگی خەزەڵوەر دوو خێرخواز بەناوەکانی «ئەبووبەکر مەعرووفی» خەڵکی بۆکان و «میلاد ئەحمەدی» تازەلاوی ٢٠ ساڵەی خەڵکی دالاهو، بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی بوومەلەرزە لێدراو چووبوونە ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو کە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەست دا.

خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شار و گوندەکانی پارێزگەی کرماشانەوە بگرە هەتا پارێزگەی سنە و شاری بۆکان، بە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و نووسینی درووشمگەلی کوردایەتی و بەدەستەوەگرتنی گوڵ، هاتنە سەرجادە و ئەوپەڕی ڕێزی سەرکردەئاسایان لە کەسێک نا کە بۆ یارمەتیی خەڵکی کرماشان، گیانی فیدا کردبوو. ئەم دووبارە نواندنە مەدەنیانەی خەڵکی کوردپەروەر و ئەمەگداری ڕۆژهەڵات، دەسەڵاتی ئێرانی زیاتر وەزاڵە هێنا.

هەردوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران بەدرێژایی مێژوویان سەبارەت بەسەرکوتکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد سیاسەتی دووبەرەکیان پەیڕەو کردووە واتە هەوڵیان داوە بەناوی جیاوازیی مەزهەبییەوە لە نێوان کوردی ڕۆژهەڵات دووبەرەکی بنێنەوە. کورد لە ڕۆژهەڵات بەو شعووره سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کە هەمیشە هەیبووە دوژمنی ڕنج بە خەسار و دڵسارد کردووە و سەلماندوویەتی کورد یارسان بێ یان سوننە، شیعە و... هەر کوردە و کرماشان و ئیلام بەشێکی دانەبڕاون لە کوردستان. لە گەڕانەوەی تەرمی شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی بۆ زێدەکەی خۆی واتە بۆکان، ئیتلاعاتی ئێران زۆر هەوڵ دا وا بکا ئاپۆرای خەڵک پەرتەوازە بکا و نەهێڵێ بەرخۆدانی مەدەنی پیلانەکانی دەسەڵات پووچەڵ بکاتەوە، چونکە ئێران لە هەر جۆرە گردبوونەوەیەکی خەڵک دەترسێت و بە لەرزۆکبوونی ستوونەکانی دەسەڵاتی خۆی دادەنێ؛ بەڵام هەر بەو جۆرەی کە

مێژوو تۆماری کرد سەرکەوتن هەمیشە بۆ ئیرادەی گەلی وشیار و زیندووە و دووبارە توانیان پیلانەکانی دەسەڵاتی تیرۆر و داگیرکاریی ئێران، پووچەڵ بکەنەوە.

وێنە و فیلمەکانی شارەکانی ڕۆژهەڵات کە لەسەر جادە وەستاون بۆ پێشوازیکردن لە تەرمی شەهید ئەبووبەکر کاتێک دەیبینی هەرچەند چاو و دڵ لەو هەموو هەستە پاک و بێگەردە کە نموونەی لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دەگمەنە و دەتگریێنێ بەڵام باوەڕیشت پێ دێنێ کە هەموویان ماڵباتێکن و یەک خەمیان هەیە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر دەرفەتێکدا پێویست بووبێ پشتیوانی باکوور بووە بۆ باشوور برای لەفەدووانە بووە و بۆ ڕۆژاواش شەهیدی پێشکەش کردووە. شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی لە ڤیدیۆیەکیدا کە هی پێش دواسەفەریەتی، بەدەنگە خۆشەکەی باسی ئیرادە بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەی دەکا خواستێک کە لە دڵی هەر کوردێکە وا خۆی بە درێژەدەری کۆماری کوردستان دەزانێ. پێشوازیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە تەرمەکەی بە ڕۆحی ئەو نەمرە و شەهیدانی تری کوردستانی سەلماند کە کۆماری کوردستان لە دڵدا زیندووە و وەدیهاتنی نێزیکە.

**«کرماشان ڕۆژهەڵاتە، کوردستان یەک وڵاتە»**

لەو دروشمانەی کە لە شاری سنە بۆ پێشوازی لە تەرمی شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی بەرز کرابۆوە و ئاپۆرای خەڵک لە دامودەزگە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم نەترسان و بەشانازییەوە هەر دووبارەیان دەکردەوە و بەلامەوە گرنگن و دەکرێ کەم تا کورتێک دەروونناسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی چین و توێژەکانی خەڵکی لێ بخوێنیتەوە؛ ئەو دوو دروشمەن: «مێژووی ئێمە سەلماندوویەتی کە کوردستان لانکی مرۆڤایەتییە» و «کرماشان ڕۆژهەڵاتە، کوردستان یەک وڵاتە».

هەفتا ساڵ پتر لە سێدارەدانی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵات تێدەپەڕێ و لە هەر دەرفەتێکدا و لە هەر گردبوونەوەیەکدا کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر باسی «دەوڵەتی جمهوریی کوردستان» دەکەن. زۆر جاریش کوردەکانی پارچەکانیتر و توێژەرانی ئەم بوارە دەپرسن ئەوە چۆنە کوردەکانی ڕۆژهەڵات وەها دڵپاکانە بە پیر نەهامەتی و خۆشی پارچەکانیترەوە دەچن و هەروەها بۆ باسە نەتەوەییەکانی خۆیشیان لە هەر دین و ئایین و حزب و لایەنێک بێ، یەکگرتوون؟ بۆیە منیش ناچار بووم بەدوای وەڵام و گەڕان بەدوای چەمکی

دەوڵەتەوە بم. چەمکی دەوڵەت لە باس و خواسی توێژەرانی بواری سیاسەت و زانستی سیاسەتدا پێگەیەکی سەرەکی هەبووە چونکە دەوڵەت گرنگترین سەرچاوەی ڕێسا و جێبەجێکردنی یاسا و دابینکردنی بایەخە مادی و مەعنەوییەکان دێتەهەژمار و کاری سەرەکیشی سەقامگیریی ئاسوودەیی و ڕێکخستنی ئەندامەکانی کۆمەڵگەی سیاسییە بۆ ئەوەی هاووڵاتییان لە بەختەوەریدا بژین. لە زانستی سیاسەتدا بۆ ئەوەی کە دەوڵەت بگاتە ئەو قۆناغەی کە باسی لێوە کرا، بۆچوون و ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆر وتراوە.

بەشێکی بەرچاو لە بیرمەندانی زانستی سیاسەت بۆ دانانی کۆمەڵگەیەکی بەپڕەنسیب و سەرکەوتوو و شارستانیانە، بەدوای شێوازگەلی ئەخلاقییەوە بوون و هەندێ چەمکی وەکو ئەخلاق، بەهاکانی کۆمەڵایەتی و.. هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی سیاسییانەوە.

باروخ ئێسپینۆزا (١٦٣٢ - ١٦٧٧ز) فەیلەسووفی هۆڵەندی سەبارەت بە دەسەڵاتی دەوڵەت بەپێچەوانەی توماس هابز (١٥٨٨ - ١٦٧٩ز) فەیلەسووفی بەریتانی کە ڕای وابوو حکوومەت دەبێ دەسەڵاتی تەواوی هەبێ و خەڵک لە ترسا ئیتاعەتی لێ بکەن، ئێسپینۆزا باسی ئەخلاقی مرۆڤایەتی لە بەڕێوەبەریی حکوومەتدا دەکا و ڕای وایە کە خەڵک دەبێ ئازاد بن و ئیتاعەتیان لە دەوڵەت بەهۆی ئومێدەوە بێ بۆ داهاتوویەکی گەش، نەک لە ترسا بێت. ئەو بەرگرییەکی بەهێز لە کۆمەڵگەیەکی کراوە و بەدوور لە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتەوە دەکات و دەربارەی ئامانجی حکوومەت دەڵێت: «حکوومەت دەبێ ڕێگریی بکات لەوەی کە خەڵک لەبەر نەفرەت، تووڕەیی، بێمتمانەیی و ڕق شەڕی یەکتر بکەن. ئامانجی حکوومەت دەبێ ئازادیی بێت».

گێئورک ویلهێلم فرێدریش هێگڵ (١٧٧٠ - ١٨٣١ز) فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی ڕای وایە، هەبوونی دەوڵەت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، پێویستە. ڕەخنەگرانی هێگڵ ڕایان وایە ناوبراو بەقەدەر باروخ ئێسپینۆزا خۆی لە کراوەیی کۆمەڵگە نادا بەڵام ئەوە هێگڵ - ە کە ڕای وایە «مرۆڤەکان نەک کۆمەڵایەتی بەڵکو دەوڵەتمەند و سیاسیشن. بوونی دەوڵەت لەناکاو نییە و بەهۆی پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییەوە کە بۆ سەردەمی یۆنان دەگەڕێتەوە، دروست بووە».

هێگڵ، دەوڵەت لە سێ مانادا بەکاری دێنێ کە لە ڕاستیدا هەر سێکیان بەشێکن لە یەک حەقیقەت بەڵام لە سێ

ئاستی جیاوازدا. ئەو سێ مانایە بریتین لە: دەوڵەتی دەرەوە «کۆی یاساکان»، دەوڵەتی سیاسی «دەوڵەت بەپێی ناوەندگەلی تایبەتی حکوومەتی»، دەوڵەتی ئەخلاقی «مانای تەواو و گشتگیری بیرۆکەی هێگڵ». چەمکی دەوڵەتی ئەخلاقیی هێگڵ، کاملترین مانای دەوڵەتە و هەموولایەنەکانی ئەو دوو دەوڵەتەکەی تر لە بەرزترین ئاستدا لەخۆ دەگرێ. لەم دەوڵەتەدا ئینسان بەوپەڕی پێگەیشتوویی مێژوویی خۆی گەیشتووە و مانای ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی ژیان و چوارچێوەی دەوڵەت و ئەخلاقی ناوەندەکان دەزانێت. لە دەوڵەتی ئەخلاقیدا ئینسانەکان بەوپەڕی وشیاریی و ئیرادەی تاکەکەسی گەیشتوون و ئەم توانایییەش لە کردەوەکانیان لە دامەزراوە و ناوەندەکاندا بەئاشکرا خۆ دەنوێنێ. نەریتەکان و ڕێساکانی بەهای مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی کاری هاوبەشی ناوەندەکاندا هەن و ئیتر بەشێکە لە ڕەفتاری ڕۆژانەی هاووڵاتییان کە بەئیرادەی خۆیانەوە هەڵیانبژاردووە و هیچ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەریش ناتوانێ پێش بەم ئیرادە و ڕەفتارە بگرێ چونکە ئیتر ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بووەتە نێوەڕۆکی ئیرادەی هاووڵاتی و هەڵسەنگاندنی ناوەندەکانیش هەر بەپێی ئیرادەی تاکەکەس بۆ ئامانجی ئازادی و پێکەوژیانە.

ئەو دەوڵەتانەی کە مەبەستیان گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووە زۆر هەوڵیان داوە بەم دەوڵەتی ئەخلاقە بگەن و پێناسەگەلی جۆراوجۆر و هەوڵی جیاوازیان بۆ داوە و بیرمەندانی سیاسیش لە قەیرانگەلی سیاسی وڵاتەکەیاندا هەندێ ڕێگەچارەیان بە سەرۆکانی خۆیان داوە. لە ئێرانیش هەندێ لە سیاسەتمەدار و بەرپرسانی سەرووی دەسەڵات ئەم چەمکەیان بەکار هێناوە و بەڵێنی وەدیهاتنیان داوە بەڵام دەسەڵاتی ناوەندی تاران تەنیا کاتێک دژی مافی نەتەوەکانی جوغرافیای ئێران شەڕی نەکردووە و بەدوای ئاشتیخوازییەوە بووە کە بێدەسەڵات بووە. دەوڵەتی دینی لە ئێران کە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە بانگەشەی نموونەیەکی ئارمانی لە دەوڵەتی ئەخلاقی دەکرد، کارنامەی ئەم ساڵانەی دەسەڵاتی ڕێک پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت و متمانەی نەک لای کورد بەڵکو تەنانەت لە تارانیش لەدەست داوە و دیتمان لە ڕووداوی یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماوی بوومەلەرزە لێدراوی پارێزگەی کرماشان ئەو خەڵکەی تاران کە یارمەتیان کۆکردبۆوە خۆیان یارمەتییەکانیان دەگەیاند و لە بەشی ڕاستەوخۆی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی باسی گوێنەدانی دەوڵەتیان بە وەزعی خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکرد.

بۆیە لە کۆتاییدا دەربارەی ئەو پرسیارەی کە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات لە بەرخۆدانی مەدەنییاندا وەها دڵپاکانە بەبێ جیاوازیی لەگەڵ شایی و خەمی پارچەکانیتر و هەروەها شار و گوندەکانی خۆیشیانن، دەگەینە ئەو وەڵامی چونکە

ڕۆژهەڵاتی كوردستان خۆی بەدرێژەدەری سەركۆمار پێشەوا قازی محەمەد دەزانێ كە ئامادە بوو بۆ مانەوە و ژیانی نەتەوەكەی لە سێدارە بدرێت و بناخەدانەریی پەیامی مەدەنییەت و ئاشتیخوازیی لە نیشتمانەكەی بێ و بیسەلمێنێ كە لە سەردەمی درۆ و فرت و فێڵ لە سیاسەتی دەوڵەتاندا، دەكرێ لەگەڵ میللەتەكەی خۆت كە هەر ئەوانیش لە دواڕۆژی تەنگانەدا پەنا و پشتیوانتن؛ ڕاستگۆ و فیداكار بیت و ئەخلاق و دەوڵەت بەیەكەوە گرێ بدرێت.

ئەگەر ساڵەهایە كۆماری كوردستان وەكو جوغرافیایەكی سیاسی نەماوە بەڵام بەرهەمەكەی واتە كۆمەڵگەیەكی هاودڵ و پشتیوانی یەكتر لە جوغرافیایەكی بەرینتر لە كۆماری كوردستانی ئەوكات كە هەموو ڕۆژهەڵاتی گرتووەتەوە، زیندووە و وشیارە و هیچ دەسەڵاتێكی سەربازییش ناتوانێ سەركوتی بكات و بەرخۆدانی مەدەنی خەڵكی ڕۆژهەڵات بەگرتنە پێشی ئەخلاقێكی ئینساندۆستانەی بەرفراوان وەها لە گەشەدایە كە ڕووناكییەكەی كوێریی چاوی داگیركەری پێوە دەبێ.

(لە ژمارەی ٧١٤ی:كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد - ڕێكەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------

# میدیایەکی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵات

لەم کۆمەڵگە مۆدێرنەی کە تەکنۆلۆژیا زاڵە بەسەر زۆربەی بەشەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا، میدیا یەکێکە لەو کەرەستانەی کە هەر تاکێک بەپێی سەلیقە و حەزی خۆی بەرنامەیەکی دیاریکراو لە تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ یاخود ستوونێک لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکدا دیاریی کردووە و بەدواداچوونی بۆ دەکا. ئیتر ناچمە سەر سۆشیالمێدیا کە بەهۆی ئەپلێکەیشێنە جۆراوجۆرەکانی نێو موبایلەکانمانەوە، کەسمان نییە بتوانێ دوورەپەرێز بێت لە بەداواداچوونی هەواڵ و بابەتەکانی ڕۆژ لە ڕێی مۆبایلەکەیەوە. هەرچەند «کاغذ اخبار»ی میرزای شیرازی پاش 260 ساڵ ئێرانی بردە نێو جیهانی ڕاگەیاندن، بەڵام هەنووکە ئەم وڵاتە بەهۆی تەرخانکردنی بووجەیەکی خەیاڵی بۆ کاری میدیایی بە زۆربەی زمانەکانی دنیا، زیاتر لە دەیان تەلەفزیۆنی دەوڵەتی و سەدان ئاژانسی هەواڵ و ڕۆژنامە و گۆڤاری هەیە کە یارمەتیی دەوڵەتی وەردەگرن و سیاسەتی هیلالی شیعەی ئێران بەڕەنگ و ڕوویەکی فریودەرانەوە لەبەر چاوی بینەر، سەرنجڕاکێش دەنوێنن.

میدیا ڕووبارێکی بەردەوام و هەمیشەیی لە زانیاریی دەبەخشێتە خوێنەر و بینەر و بیسەری خۆی و کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر جۆر و شێوازی هەڵوێستوەرگرتنی تاکی کۆمەڵگە بەرامبەر دەسەڵات و چین و توێژەکان دادەنێ و هەم دەتوانێ شەپۆلخوڵقێن بێ و هەمیش دەتوانێ شەپۆلەکان دابمرکێنێتەوە. من لەم پێناسەیەدا «ڕووبار»م بەکار هێنا، ڕووبار دەکرێ ئاوی خاوێنی هەبێ و بەپێچەوانەکەشی دروستە. میدیا دەتوانێ ڕۆڵی هەبێ لە ڕوونکردنەوەی بەردەنگەکەی لەو دۆخەی کە تێیدایە و هەروەها دەشتوانێ بەردەنگەکەی بە لاڕێ ببا و لە ڕاستییەکان دووری بخاتەوە. ئەوەی لێرەدا نابێ لێی خافڵ بین سەرچاوەی ئەم ڕووبارەیە کە سیاسەتداڕێژەری ئەسڵییە و کلیلی وشیاریی و زانیاری وەرگرتنی کۆمەڵگەی لایە.

تایبەتمەندیی سەرەکیی میدیا ئەوەیە کە لە هەموو شوێنێک هەیە و فرێکانسێکی تەلەفزیۆنێکی ئاسمانی یاخود پەخشە ئانلاینەکەی دەتوانێ میلیۆنان کەس لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بینەری هەبێ و شەپۆلی خوازراوی خۆی، ڕێک بخا. ستوارت هال Stuart Hall (١٩٣٢ کینگستۆن، جامائیکا. ٢٠١٤ لەندەن بریتانیا) لە تیۆریسیەنە

بەناوبانگەکانی بواری کولتوور سەبارەت بەکاریگەریی میدیا لەسەر کۆمەڵگە، کۆمەڵگە بە بازنەیەکی داخراو وەسف دەکا کە ڕاگەیەنە گشتییەکان وەکو شاڕێیەک لە پڕۆسەی دانی شوناس بە کۆمەڵگە ڕۆڵ دەگێڕن.

### نەبوونی میدیایەکی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بێگومان بوونی جۆرەها میدیای سەردەمیانە و تەلەفزیۆنی ئاسمانی و وێبلاگ و ماڵپەڕ ئەو کۆسپەی بەردەم دەسەڵاتێکی پاوانخوازی وەکوو ئێران هێناوەتە ئاراوە کە ئەو جۆرەی دەیەوێ، نەتوانێ لەم بوارەدا ڕمبازێن بکا و بیروڕای گشتیی بەدڵی خۆی هەڵسووڕێنێ؛ ئەمما ئەوەی لەم نێوەندەدا بۆشاییەکەی دیارە نەبووی میدیایەکی نەتەوەییە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند لایەنەوە میدیاکان بەهەموو شێوەیەک هەوڵی بەلاڕێدابردن یاخود کەمتر زانیاری گەیاندیان دەدەن کە ئەگەر بمەوێ بەپێی دەرفەتی ئەم وتارە بەکورتی باسیان بکەم بەم جۆرە دابەشیان دەکەم:

### ١: میدیاکانی کۆماری ئیسلامی

ئەو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی ناوەندەکەی لە تارانە و بەهەموو ئێراندا پەخش دەبێتەوە، بێگومان سیاسەتی ئێران بەجۆرەها فیلم و سریال و کارتۆن و شانۆ بڵاو دەکەنەوە و هەروەها لە بواری هەواڵ و ڕاپۆرتیشدا ئەو دارشتنە لە فیلتەر دەردەچێ کە سەرکوتگەرانیی ئێران دەیانەوێ. سەبارەت بە سیاسەتی سانسۆر لە دەسەڵاتی ئێران هەر ئەوندە بەس کە دەتوانن سەرنجی ئەو ئیدانەکردنە بەدوای یەکانەدا بدەین کە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانیی نێودەوڵەتی لە بواری میدیاییدا ڕایدەگەیەنن.

### ٢- میدیا فارسییەکانی دەرەوەی ئێران

ئەم بەشە لە میدیا بە چەند بەش دابەش دەکرێن کە بەکورتی باسیان دەکەم:

ئا: ئەو تەلەڤیزیۆنە ئاسمانیانەی کاری هەواڵ و ڕاپۆرت دەکەن و هەرچەند بەڕواڵەت خۆیان وەکوو میدیایەکی سەربەخۆ و پرۆفێشناڵ پێناسە دەکەن، بەڵام بووجەی دەوڵەتێکیان لەپشتەوەیە و زۆربەی کارمەندانی بەشی هەواڵ و سیاسەتیشی هەر ئەوانەن کە تا دوێنێ لە دامودەزگەکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئێراندا بوون و سەلیقەی شەخسیی خۆیان زاڵ دەکەن بەسەر کاری ڕۆژنامەگەریاندا و؛ بەنیسبەت کوردەوە مانشێتەکانیی میدیاکانی کۆماری ئیسلامی بەبێ دەستکاری، دەگوازنەوە. ئەگەریش لەو میدیایانەدا کەسێک پشتگیریی کورد یان هەر نەتەوەیەکی ستەملێکراوی ژێردەستیی ئێران بکا بەجۆرەها تاوان گوناهباری ئەکەن بەڵام ڕوتووشکردنی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ئێران بۆیان شتێکی ڕەوایە و هیچ گوناهێکیان نەکردوە!

ب: ئەو تەلەڤیزیۆنانەی کە سیاسی نین، فیلم و ئاڵقەی بیانی و بەتایبەت تورکی و ئەمریکای لاتین دۆبلاژی فارسی ئەکەن و لەگەڵ کولتووری نەتەوەکەماندا زۆر ناتەبان و دیتنی سوودێکی بۆ خەڵک تێدا نییە و بەس بۆ ئەوەی خەڵک لە واقعی ڕۆژ و سیاسەتە سەرکوتگەرییەکانی ئێران دوور بکەنەوە؛ ئەو کاناڵ و تەلەڤیزیۆنانە دەورێکی کارایان گێڕاوە.

## ٣- میدیا کوردییەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان

ئەو تەلەڤیزیۆنە ئاسمانییە کوردییانەی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان پەخشیان دەگاتە ڕۆژهەڵات و تەنانەت کوردەکانی خوراسانیش سەیریان دەکەن، لە زۆر بابەتەوە توانیویانە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بینەر دابنێن. بێگومان میدیاکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوانیش بە دوو بەشی سیاسی و ناسیاسیدا دابەش دەکرێن کە ناسیاسییەکان هەر هیچ نەبووبێ بەهۆی بەرنامە تەفریحی و کولتوورییەکانیەوە توانیویەتی ڕۆڵی هەبێ لە پێشگرتن بە لەنێوچوونی زمانی کوردی (هەرچەند هەڵەوپەڵەی زۆری تێدا دەبینرێ) و ئەوەی لای من گرنگە و دەمەوێ باسی بکەم میدیا سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بێجگە ڕۆژهەڵاتە. ئەو میدیایانە کە هەرکامەیان میدیای حیزب و کۆتلەیەکی سیاسین و لە خەوشدارکردنی لێکدانەوەی ڕاستییەکانی ڕۆژەڤدا ڕۆڵی ئەرێنی دەگێڕن. ئەو میدیا سیاسییانە چونکە باوەڕیان بەهێزی پشتیوانی جەماوەریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە بۆیە بەشێکی هەواڵ و ڕاپۆرتیان بۆ ئەو بەشەی کوردستان تەرخان کردوە. دیارە هەموویان وا نین چونکە بەشێکی بەرچاویان زیاتر ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانە بڵاو دەکەنەوە کە دەسەڵاتی داگیرکەری ئێران دەیەوێ و دژی

جووڵانەوەی کوردن لە ڕۆژهەلات بەڵام بەشێکیان ڕووداوەکانی ڕۆژهەلات دەگوازنەوە ئەمما بەو دارشتنەی کە خۆیان مەبەستیانە و چونکە دەسەڵاتێکی گەورەی ئابووری لەپشت ئەم میدیانەی پارچەکانی دیکەی کوردستانەوەیە هەموو هەوڵێک دەدەن سەرنجی بینەری ڕۆژهەڵاتی بۆ پڕکردنەوەی جەماوەری سیاسی خۆیان ڕاکێشن.

**میدیایەکی نەتەوەیی بۆ درێژەی خەباتەکەمان زۆر پێویستە**

لە بواری سۆفتوێرەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داینەمۆی خەباتێکی بەرین بووە بۆ کوردستانی گەورە و هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، پارچەکانی کوردستان لە هەردوو بواری سۆفتوێر و هاردوێرەوە شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتیان بۆ درێژەی خەباتەکەی خۆیان پەلکێش کردوە و میدیاکانی ئەو پارچانەش لە بۆشایی نەبوونی میدیایەکی گشتگیری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات هەلیان قۆستووەتەوە و تەنانەت هەندێ جار ڕێگەیان بەخۆیان داوە ببنە دەمڕاستی ئەو پارچەیە و زیانیشی پێ بگەیەنن.

هەنووکە لە بواری تەلەفزیۆنی ئاسمانیی ئۆپۆزیسیۆنەوە بەس کورد کاناڵ هەیە کە دەنگی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵات دەگوازێتەوە و ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیانەوێ دەنگی خۆیان بگەیەننە جەماوەریان زۆر پێویستە پلانێکی تۆکمە دابرێژن بۆ هەبوونی ئاژانسێکی هەواڵی بێلایەن و هەروەها تەلەڤیزیۆنێکی سیاسیی گشتگیر کە پەیامی نەتەوەیی پێ بێ و خەڵکیش لە ڕۆژهەڵات ئیتر لەم پرش و بڵاویی میدیاییە ڕزگاریان دەبێ و بۆ وەرگرتنی زانیاریی دروست و هەڵوێستی شیاو دەزانن ڕوو لە کوێ بکەن و بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتەکەیان کام تیڤی یان هەواڵنێریی هی ئەوانە و بەڕاستی خەمخۆریانە.

(لە ژمارەی ٧١٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧**

---

**٢٠١٨**

## شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان بەڕێوەیە

لە کاتێکدا حاکمییەتی ئێران پەلی هاویشتبوو بۆ وڵاتانی دەوروبەر و دەستێوەردانی سیاسی و سەربازیی لە ناوچەکەدا دەکرد و دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەی لە سەردەمی سەفەوییەکان بەربڵاوتر کردبوو و خۆی بە ئەمنترین وڵاتی ناوچە پێناسە دەکرد، لەناکاو خۆپیشاندانی بەرین و بەربڵاو لە ڕۆژی ٩ی بەفرانبارەوە بۆ ماوەی پتر لە ١١ ڕۆژ بە بەربڵاوی لە زیاتر لە ٩٢ شاری ئێران بەڕێوە چوو. خۆپیشاندانەکان حاکمییەتی ئێران و هەروەها ئۆپۆزسیۆنیشی تووشی شۆک کرد چونکە هەم کۆماری ئیسلامی ئێران باوەڕی نەدەکرد خەڵک درووشمی تێپەڕین لە حاکمییەت بدەن و هەمیش ئۆپۆزسیۆن پێشبینی وەها بەربڵاوبوون و جەماوەرییبوونی خۆپیشاندانەکەی نەدەکرد.

بەپێی ئامارێکی حکوومەتی، لانیکەم چوار هەزار کەس بەتۆمەتی بەشداریی لە خۆپیشاندانەکاندا گیراون و بیست و یەک کەسیش لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی سەرکوتگەر و خەڵکی ناڕازییدا کوژراون و ناوی حەوت لاویش هەتا ئێستە هەیە کە لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست داوە. ئەو حەوت کەسە بریتین لە: «سینا قەنبەری لە تاران، وەحید حەیدەری لە ئەراک، موحسین عادلی لە دزفول، ئاریا روزبێهی بابائی لە لوڕستان، عەلی پولادی خەڵکی گوندی گویتری سەر بە مەرزن ئاوای شاری چالوس لە پارێزگەی مازندەران، سارۆ قارمانی و کیانوش زەندی لە سنە». ئەم ئامارانە بەدەستەوەن و بەپێی نامەی چل کەس لە نوێنەرانی مەجلیس بۆ عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیس ئێران، ڕایان وایە کە ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوەکانی ژێر ئەشکەنجە لە زیندانی ئیدارەی ئیتلاعات لەوەی کە دەوترێ زیاترە و داوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان بۆ ئەم بابەتە کردوە.

لێرەدا هەندێ خاڵ هەیە دەربارەی خواستی خۆپیشاندەران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت شارەکانی کرماشان

و سنه كه لەوێ نـاڕەزایەتیی بەریـن بەڕێـوە چـوو و پێویسـتە باسـی لـێ بکـرێ، ئەویـش ئەوەیە كە ئەگەر لە شارەکانی ئێران خواستەکان سیاسی و ئابووری بوون لە سنە و کرماشان خواستەکان وێڕای ئەوە نەتەوەییش بـوون. واتە خەڵک داوای مافی نەتەوایەتی خۆیشی دەکرد و خاڵی جیاکەرەوەی ئەو خۆپیشاندانانە لەگەڵ بەشەکانی تری جوغرافیای ئێران لەوەدا بوو کە خۆپیشاندەرانی کورد لە هەر دەرفەتێکدا هەلیان قۆستووەتەوە بۆ دەربڕینی بێزارییان لە تەواوێتیی دەسەڵات و هەروەها خواستی نەتەوەییان هێناوەتە ئاراوە کە لە هەردوو ڕێژیمی شا و کۆماری ئیسلامیدا پێشێل کراوە.

زۆر جار ئەو کەسانەی کە بەداواداچوون بۆ دۆخی ئێستەی ئێران دەکەن یەکەم پرسیاریان ئەوەیە کە ئایا ناڕەزایەتییەکان بەردەوامیی دەبێ یاخود وەکوو ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکان و بزووتنەوەی سەوز کۆتایی پێ دێ؟ خاڵی جێی سەرنجی ئەو ناڕەزایەتییانەی ئەمدواییە لە ئێران دیترا ئەوە بوو کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە چین و توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگەوە نەبوو بەڵکوو هەموو خەڵک خۆی تێدا دەدیتەوە. توانرا بە سەرکوتگەریی توند و بێبەزەییانە و کوشتنی لاوان بۆ ماوەیەک بێدەنگیی لێ بێنن بەڵام ئەم ئاگرە نەکووژاوەتەوە چونکە ئەو داواکارییە ئابووری و سیاسییانەی کە ناڕازییەکان هەیانبوو هیچکامی جێبەجێ نەکراوە و هەروەکو خۆی ماوەتەوە. ئەمجارەیان ئیتر خەڵکی ناڕازیی گوشارە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان وای لێکردووە کە هیچ مافێکی لە ژیاندا بۆ نەماوە واتە ناچارە کە دووبارە لەم ڕۆژانەدا بگەڕێتەوە بۆ سەر شەقام و داوای مافی خۆی بکا و واز لە ناڕەزایەتی دەربڕین نەهێنێ و درێژە بەو خەباتەی بدا کە پێویستە نەوەی داهاتوو بگاتە ژیانێکی ئاسوودە و خوشگوزەران.

باڵێکی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران پێی وایە ڕێکخستنی ئەم خۆپیشاندانانە لەلایەن باڵی ڕاستەوە بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی ڕووحانی بووە و هەنووکە ئەم بێدەنگییە واتای کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەیە و ڕەنگە لە داهاتوویەکی نێزیکدا هەندێ گۆڕانکاریی سەرەتایی لە ژیانی سیاسی و ئابووری خەڵکدا بکا، بەڵام لەو ئاستەدا نیە کە پێش بە شەپۆلی دووبارەی ناڕەزایەتییەکان بگرێ چونکە خەڵک دەبینن ئێستە ئەو لایەنەی کە بەتوندی سەرکوت دەکا خودی دەوڵەتەکەی ڕووحانییە و هەروەها تیۆریسیەنەکانی باڵی بەناو ڕیفۆرمیستیش بەهەمان زمانی زبری دوور لە ئەدەب باسی خۆپیشاندەران دەکەن.

خەڵک لە ویلایەتی فەقیهـ و دامودەزگەی سەر بە سەید عەلی خامنەیی بێزارن و هەر لە سەردەمی محەمەد ڕەزا خاتەمیدا ئەمەیان سەلماند و ئەگەر ئەمجارە ڕووحانی زۆرینەی دەنگی بۆ سەرکۆماریی هێناوە لەبەر ئەوە بوو کە ناوبراو خۆی بە دژی ئێعدامەکانی ساڵی ٦٨ و هەروەها داکۆکیکاری مافی خەڵک پێناسە دەکرد. دەوڵەتی ڕووحانی لە ڕوانگەی خەڵکەوە تاوانباری سەرەکیی توندوتیژییەکانە و کوژرانی لاوان لە ژێر ئەشکەنجەدا لە وەزارەتی ئیتلاعات بووە و زمانی زبری هاوبیرانیشی هەر هەڕەشە و گوڕەشە بووە لە ناڕازییان.

گلەییەک کە هەنووکە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیانە چەند لایەنە و گلەییەکە سەرەتا ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە لە نێوخۆن و لافی سەربەخۆیی لێ دەدەن بەڵام چاویان لە ئاست ئەم زوڵمەدا داخست. ئەو لایەنانەی لە هەندێ دامودەزگەشدا بەشداریی حکوومەتدارین و ناتوانن خۆیان لەم گلەییانە بدزنەوە و سەریان بە ژێر بەفرەوە بکەن و لەو سەرپۆشە تەناهییەی دەسەڵات بۆی دابین کردوون خۆیان لە نەتەوەکەیان بشارنەوە. گلەیی دیکەی ئەو چالاکانە لە ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری دەرەوەی وڵاتە کە نەیانتوانی دەنگێکی هاوبەشیان هەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخەکە و تەنانەت هەندێکیشیان ویستیان خۆپیشاندانەکان بەناوی خۆیانەوە تۆمار بکەن و هەموویان بەیەکەوە لۆبییەکی بەقووەتیان نیە کە بەرەنگاری درۆ و فرت و فێڵەکانی لۆبی ئێران و میدیاکانی دەرەوەی سەر بە ئایەتوڵڵاکان ببن.

بە پێی ئەو خوێندنەوەی کە شارەزایانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دۆخی هەنووکەیی ئێران هەیانە ڕایان وایە ناڕەزایەتییەکان بەشێوەگەلی دیکەی وەکوو مانگرتن و نافەرمانی مەدەنی و هتد درێژەی دەبێ و بێگومان ئیتر دەسەڵاتی تاران ئەو توانایییەی نیە کە ڕۆژانە هێزە سەرکوتگەرەکانی، کە ئەوانیش تووشی کەمبوونەوە هاتوون و هەر نەبێ بەشێکن لەو خەڵکە، بەلێشاو ناڕازییان لە هەموو شارەکان سەرکوت و دەستگیر بکەن. کۆتلەکانی نێو دەسەڵات بەیەکەوە ناسازێن و زەوی لەرزە و نوقمبوونی کەشتیی ئێران و ڕووداوەکانی دیکەی ئەمدواییانە پتر لێنەهاتوویی حاکمییەتی بۆ خەڵک سەلماندووە و بێزارتری کردوون، بەڵام ئایا پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەریی ئێرانی هەتا چەند ئەو هێزەن کە شەپۆلی دووبارەی ناڕەزایەتییەکان بەرەو ڕووخانی دیکتاتۆری ئایەتوڵڵاکان لە ئێران ببەن؟

(لە ژمارەی ٧١٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە هەناردەکردنی شۆڕشەوە بۆ هاوردەکردنی هەژاری

سیاسەتی دەرەوە بەمانای بەدواداچوونی ئامانجەکانی وڵاتێک لە کەشی نێودەوڵەتیدا و لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە و دەوڵەتان و وڵاتانی دیکەیە. سیاسەتی دەرەوە، ڕێنوێنیدەری جۆری گرتنی هەڵوێستە لە جیهان و کۆیەک لە مەبەستەکانی نێودەوڵەتی و ڕێگەکانی گەیشتن بەو ئامانجەلە لەخۆ دەگرێ. بێگومان هەر وڵاتێک بەپێی بەرژەوەندی خۆی، سیاسەتەکەی دادەڕێژێ و بەپێی کات و لە قۆناغەکانی مێژووییدا گۆڕانی بەسەردا دێت. سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێک سەرچاوەگرتوو لە پرۆسەیەکی چەندلایەنەی هەڵوێستگرتنە کە ئەژمارێکی زۆر لە دامودەزگە حکوومی و ناحکوومییەکان تێیدا بەشدارن. هەرکام لەو ئەکتەرانە بەدوای ئامانجی جیاوازی خۆیەتی کە ڕەنگە ئامانجەکان پێچەوانەی یەکتریش بن و ئەم جیاوازی و دژبەرییە لە گرتنەپێشی سیاسەتی دیاریکراودا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر یەکەیەک، بەجۆرێ دەستێوەردانی سیاسەتی دەرەوە بکا. ناهەماهەنگی لە سیاسەتی دەرەوەدا دەبێتە هۆی ئاکامگەلی نەخوازراو و وەدینەهاتنی ئەو سیاسەتە سەرەکییەی کە بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵات داڕێژراوە. ئەم بابەتە ئەوکات جددی دەبێتەوە کە ئامانجگەلی جۆراوجۆر، هاوکات بەیەکەوە جێبەجێ دەکرێن. لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەکتەرگەلی ناسراو دەورێکی سەرەکی دەبینن؛»هەرچەند ڕوونە کە وڵاتان وەکوو یەکەیەکی سیاسی گرنگترین ئەکتەری گۆڕەپانی نێودەوڵەتین بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بەرپرسانی ئاست باڵای نیزامگەلی سیاسین کە لەلایەن وڵاتانەوە هەڵوێست دەگرن.»( Plano (1998), P. 89)

«بەهاکان، ئەو توخمە پێکهێنەرانەن کە کاریگەری لەسەر کرداری مرۆڤ دادەنێن. هەرکەسە و هەوڵ دەدا بەهاکانی جێی باوەڕی خۆی لە چوارچێوەی ئامانجی سیاسیدا بسەپێنێ و کەسانی خاوەن هەڵوێستیش لە سیاسەتی دەرەوەدا هەوڵ دەدەن، بەهاکان و ئەزموونەکانیان لە هەڵوێستەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە و هەر لەم کاتەشدا ئەوان دەچنە ژێرکاریگەریی هۆکارگەلێکی زۆری کەشیی نێوخۆیی و دەرەکی». ( Bilton, Tony, Kevin Bonnet; Introductory Sociology; Second Edition London: McMillan, 1987.)

یەکێک لە بابەتگەلی گرنگ سەبارەت بە هەڵوێستگرتن لە سیاسەتی دەرەوە، ئاگەداریی لە نوێترین زانیارییە سیاسی و ئابوورییەکانە لە ئاستی جیهانیدا. ڕۆژانە زانیاریگەلێکی زۆر دێتە بەردەست کەسانی پسپۆڕ و خاوەن

هەڵوێست بۆ دارشتنی سیاسەتی دەرەوە، ئەگەر لەو زانیارییانە بەدروستی و لەکات و دەرفەتی پێویستی خۆیدا بەبێ گوێدانە ڕوانینی تاکەکەسی و دەمارگرژیانە کەڵک وەربگیردرێ بەقازانجی گشتیی دەبێ و هەموو تاکەکانیی وڵات لێی سوودمەند دەبن. «جوغرافیا بەڕوونی پایەدارترین هۆکارێکە کە بنەمای دەسەڵاتی نەتەوەیی پێک دێنێ.» (مورگنتا، هانس، سیاست میان ملتها). بۆیە خاڵی گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتداران و ئەکتەرانی دارێژەری کاریگەر لە سیاسەتی دەرەوەدا کەڵک لە جوغرافیا وەربگرن و لەجیاتی ئەوەی دراوسێکانیان بکەنە دوژمنی خۆیان ببنە هاوپەیمان و یان لانیکەم پێوەندییەکی دۆستانەیان هەبێ کە لە ئابووریدا ڕەنگدانەوە ئەرێنییەکەی خۆبنوێنێ.

## سیاسەتی دەرەوە و هەناردە کردنی شۆڕش

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، «هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران» بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەت بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هێڵی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بووە و گرتنەپێشی ئەم سیاسەتە کە هەتا ئێستەش درێژەی هەیە و سپای قودس جێبەجێی دەکا؛ ناوچەکەی تووشی ئاڵۆزی و خوێنرێژیی زۆر و بەردەوام کردوە.

هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی ئایەتوڵڵاکان و درێژەدانی شەڕی عێراق و هەروەها دژایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی دراوسێ کە هەمووی لەپێناو سیاسەتی «هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران»ەوە بوو، زیاتر و زیاتر ئێرانی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تەریک خستەوە و دەرفەتەکانی گەشەکردنیشی لەدەست دا. دەستگرتن بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا و دواتریش هێرشکردنە سەر باڵوێزخانەکانی بریتانیا و سعوودیە و هەروەها تیرۆرەکانی سپای قودس لە دەرەوەی وڵات، گرژیی و ئاڵۆزی نانەوە لەگەڵ میسر و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و بەحرێن، ئاستنزمبوونیی پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئوردۆن و پشتگیریی بەئاشکرا لە حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس و حوسییەکانی یەمەن؛ ئەو هۆکارانەن کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەلماندوویەتی ئەوە سپای قودسە کە لە ڕێی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دادەڕێژێ و لە ڕاستیدا وەزارەتی دەرەوەش ئاسانکاریی بۆ ئەو هێزە تیرۆریستییە دەکا و بە زمانێکی دیپلۆماسییانە پاساوی بۆ دێنێتەوە.

پاش نەمانی حکوومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و حیزبی بەعس لە عێراق و سەرکۆماریی عەبدڕەبو مەنسوور هادی لە یەمەن، ئەوە ئێران بوو کە بۆشایی دەسەڵاتی لە ناوچەدا پڕ کردەوە و تیرۆری نەیارانیی کردە چەقی سیاسەتی دەرەوەی لە ئەفغانستان و عێراق و یەمەن. لە پاش دەوڵەتی نۆیەمیشەوە ڕووی کردە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئاسیای شەرقی و ئورووپای وەلانا و لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیشدا پشتگیریی لایەنگرانی خۆی لە ئاسیای ڕۆژاوا و باکووری ئەفریقیا کرد.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خاک و خەڵکەکەی دانەڕێژراوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای شێوازێکی تایبەت لە بڕوای ئیسلامی_شیعی دامەزراوە کە ئابووریی وڵات بۆ بڕەودان بەو باوەڕە لە دەرەوەی وڵات سەرف بکرێ. گرتنەپێشی ئەم سیاسەتە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەرچی زیاتر کەلێنی نێوان سیاسەتی دەرەوەی ئێران و وڵاتانی دراوسێ و زلهێزەکان بەرینتر بێتەوە و لە بواری ئابووریشەوە هیچ داهات و سەرمایەگوزارییەک ڕووی تێ نەکا.

## سیاسەتی دەرەوە و هاوردەکردنی هەژاری

لە ژئۆپۆلۆتیکی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پاش شەڕی سارد کە لەلایەکەوە ڕووسیە، ئێران، عێراق، حیزبوڵڵای لوبنان و گرووپەکانی ئەفغانستانن؛ ئەمریکا و ئیسرائیل و شوڕای هاوکاری کەنداو و میسریش لەلایەکی دیکەوەن و تورکیەش لە نێوان ئێران و ئیسرائیلدا بەپێی بەرژەوەندییە ئابوورییەکەی یاری دەکا. بێگومان دەستێوەردانەکانیی ئەم دواییانەی ڕووسیە و تورکیە لە ناوچەکەدا بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی ئابوورییە و ئەوە یەکێک لە ئەرکەکانی دامودەزگەی پێوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکە کە سەرمایەگوزاریی بیانی بۆ وڵاتەکەی ڕابکێشێ یاخود سەرمایە لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ وڵاتەکەی بێنێ و هەلی کار و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەکەی برەخسێنێ.

ئێران لەکاتێکدا پشتی بە ڕووسیە بەستووە کە ڕووسیە خۆی پەیوەستە بە نەوت و گاز و لە ژێرکاریگەریی دابەزینی نرخی نەوت و گەمارۆی ئەمریکایە و بەهای نرخی ڕوبڵی ڕووسیە نیوە بووە. پێنج ساڵ پێش لەمە ئەم وڵاتە ٥٢٧ میلیارد دۆلار هەناردەی بوو بەڵام ئێستە هەناردەی ئەو وڵاتە گەیشتووەتە ٢٨٢ میلیارد دۆلار، گەشەی

ئابوورییەکەشی لە ٣/٥% ەوە بووەتە ژێر سفر.

سعوودیە ماوەیەک پێش لەمە ٥٠٠ کۆمپانیای ئەمریکی، ئورووپایی و ژاپۆنی بانگهێشت کرد کە لە باکووری مەدینە بۆ دروستکردنی شارێک کە تەواو تەکنۆلۆژی بێ، سەرمایەگوزاری بکەن. لە ساڵی ڕابردوودا سەنگاپوور - کە دورگەیەکە هەر بەقەدەر تاران دەبێ - ٦٧ میلیارد دۆلار سەرمایەی بۆ وڵاتەکەی ڕاکێشاوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێران لە ساڵی ٢٠١٥دا - کە دەڵێن باشترین ساڵ بووە بۆ ڕاکێشانی سەرمایەگوزاریی بیانی - تەنیا ٨٧٠ میلیون دۆلاری بۆ سەرمایەگوزاری ڕاکێشاوە. ئەمریکا لە ساڵی ڕابردوودا ٧٠٠ ملیۆن دەزگای ئایفۆنی فرۆشتووە و عەرەبستان لە ساڵی ٢٠١٦ نزیکەی ١٦٠ ملیۆن دۆلاری بۆ لابیکردن لە ئەمریکا هەزینە کردووە کە گرێبەستی سەربازیی ٤٧٠ میلیارد دۆلاری نێوان ئەمریکا و سعوودی یەکێک لە هێماکانی بوونی ئابووریی سعوودیەیە لە ئەمریکا کە بووەتە هۆی خوڵقاندنی ٣٨٠ هەزار هەلی کار بۆ ئەمریکییەکان.

باسەکە ئەمەیە کە ئەو ڕێسایانەی کە لە کۆنگرەی ئەمریکادا ٤٢٣ دەنگی بەڵێ و ٢ دەنگی نای وەرگرت، داوای لە کۆمپانیاکانی دنیا کردووە کە هیچ جۆرە سەرمایەگوزارییەک لە ئێراندا نەکەن. ماوەیەک پێش لەمە شاندێکی ئێران سەردانی سوئیسی کرد کە سەرمایەگوزاریی لە ئێراندا بکەن بەڵام ئەوان پێیان گوتبوون کە ناتوانن دژی بڕیاڕی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا هیچ جۆرە مامەڵەیەکیان هەبێ.

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بنەمای هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی شیعی - ویلایەتی فەقیهە، لەدەستدانی سەروەت و سامانی ئێرانی لێ کەوتۆتەوە و نەیتوانیوە سەرمایە و وەبەرهێنانی پێویست و لە ئاستی شیاودا بۆ وڵاتێکی بەرینی وەکوو ئێران ڕابکێشێ. ئێران دەیتوانی داهاتی نەوت بۆ گەشەی ئابووریی وڵات تەرخان بکا و لەسەدا نەوەدی وڵاتانی جیهان سیاسەتی دەرەوەیان بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و وەبەرهێنانە لە وڵاتەکەیان، بەڵام پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئاژاوەنانەوە لەلایەن ئایەتوڵلاکانەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێران و خەڵکی ئەو وڵاتە زۆرینەی لەژێر هێڵی هەژاریدا بژین. هەرچەند ئێران لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا ئیدعای ئەوە دەکا کە لە ئەفغانستانەوە هەتا یەمەن ئیمپراتۆرییەکی ڕانەگەیەندراوی ویلایەتی فەقیهی دامەزراندووە، بەڵام ئەم گورگە کاغەزییە چونکە ئابوورییەکەی ڕووخاوە، فشارەکانی سەر خەڵکی ئێران وایکردووە بەردەوام خۆپیشاندانی بەرین دژی دەسەڵاتی مافیایی ببینین و، گرکانی ئەم گڕانە لە سەرانسەری ئێراندا خەریکە دەبێتە پارچە ئاگرێ،

کە سووتانی ئەو گورگە کاغەزییەی بەدواوە دەبێ و لە داهاتووشدا بنیاتنانی وڵاتێک بە خەزێنەیەکی بەتاڵەوە گەلێ ئەستەمە.

(لە ژمارەی ٧٢١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨

--------------------------------------------------

# ڕۆژهەڵاتییەکان و دیپلۆماسیی شەقام لە دەرەوەی وڵات

## کاریگەریی دیپلۆماسیی خەڵک لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتان

لایەنگرانی هەر کێبڕکێیەک دەتوانن سەبارەت بە یارییەکە گەشبین یان ڕەشبین بین. دەتوانن تووشی ئیحساسات و دەمارگرژیش بن و ئومێد و نائومێدیش بیانگرێ بەڵام یاریزانەکان، چ ئەوکاتەی خۆیان ئامادەی یارییەکە دەکەن و چ لە کاتی یاریکردندا هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی سەربکەون و بەو هۆیە گۆڕەپانەکە بەجێ ناهێڵن کە گوایە تیمی ڕکەبەر بەهێزە؛ یان بەو هۆیە یارییەکی لەسەرەخۆ ناکەن چونکە تیمی ڕکەبەریان لاوازە. یاریزانەکان، ڕۆڵی ڕاستەقینەیان بەپێی بەرپرسیارێتییان بەئەنجام دەگەیەنن، نەک بەپێی گەشبینی و ڕەشبینی و ئێحساسات و دەمارگرژییان.

بەپێی پێناسە باوەکانی دیپلۆماسی لە کتێبە کلاسیکەکانی زانستی سیاسەتدا، هەڵوێستی دەوڵەتەکان لە گۆڕەپانی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا پێویستیی بە پشتگیریی دەسەڵاتە لە بەشەکانی ئابووری، جوغرافیا، تەکنۆلۆژی، سەربازیی و سیاسی. بەڵام لە پێناسەی نوێی دیپلۆماسیدا، ئەوەی دیپلۆماسی گشتی پێک دێنی، نەک ئەو هاردوێرانە بەڵکوو سۆفتوێریش گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەو خاڵانەی کە سۆفتوێری دیپلۆماسی گشتیی پێک دێنن بریتین لە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیا، کولتوور، سۆشیالمیدیا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەم خاڵانە کاریگەرن بەسەر سیاسەتەکانی خودی ئەو دەوڵەتەدا و هەروەها کاریگەریشن بەسەر هەڵوێستی دەوڵەت یان دەوڵەتانی بەردەنگدا. لە دنیای ئەمڕۆدا هەرچەند دەوڵەت، سیاسەتی دەرەوە دیاری دەکا و دامودەزگەی دیپلۆماسیشی بەدەستەوەیە بەڵام خاوەنی هەموو دەسەڵاتی دیپلۆماسی نیە و خەڵکیش ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

دوو بۆچوون دەربارەی چۆنیەتیی کاریگەریدانانی خەڵک بەسەر دارشتنی سیاسەتی دیپلۆماسی و پەیوەندی نێودەوڵەتیدا هەیە. یەکەمیان باوەڕی بەهێزی گەل نیە و پێی وایە ناتوانێ لە یاریی ئاڵۆزی نێودەوڵەتیدا

دەوری هەبێ و بەهۆی کاریگەریی میدیاوە، بیروباوەڕی خەڵک بەرهەمی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەیە کە دەیانەوێ سەرنجیان ڕابکێشن. واتە لەم ڕوانینەدا خەڵک دەبێ تەنیا داکۆکی لە سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتەکەیان بکەن و بە باش و خراپ کاریان پێی نەدابێ بەڵام لەڕاستیدا لە هەزینەدانەکانی سیاسەتی هەڵەی دەوڵەت لە بەشی دەرەوەدا یەکەم زیانمەندیش هەر ئەو خەڵکەن کە بەپێی ڕوانینی کلاسیکی دیپلۆماسی وەلا نراون.

لە بەرامبەر ئەو ڕوانگەیەدا، بیرۆکەیەکی دیکە هەیە کە ڕۆڵی خەڵک لە سیاسەتی دەرەوە بەپاسیڤ نازانێ و بەڵکوو بەئاماژەدان بەنموونەگەلی زۆری مێژوویی؛ شی دەکاتەوە کە جیهانی ئەمڕۆ، یاریزانانی نادەوڵەتیش تەنانەت لە هەندێ جاردا پتر لە دەوڵەت کاریگەرییان لە هێڵەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا هەیە. لەم بیرۆکە نوێیەدا کە وەڵامی ئەرێنی خۆیشی لە جیهانی پێشکەوتوودا وەرگرتووە و سەرکەوتووبوونی سەلمێنراوە، دیپلۆماسی بە دوو بەشی جیاواز دەزانێ بەڵام ئەو دوو بەشە جیاوازە بە یەکەوەن کە یەکیان دەوڵەت بەڕێوەی دەبا و ئەویتریان بەرهەمی ئیرادە و خواستی گشتییە و هەردوو بەشی جیاوازی دیپلۆماسی بەسوودی دەوڵەت و میللەتە.
خاڵی گرنگی دیپلۆماسیی خەڵکی ئەوەیە کە نێوەرۆکی شەفافە و خۆی بەپێبەندی ڕەچاوکردنی چوارچێوەی پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکان نازانێ و هەر ئەم خاڵەش بووەتە هۆی ئەوەی کە داهاتووەکەی پێشبینی نەکرێ. کۆماری ئیسلامی ئێران چونکە حکوومەتێکی دیکتاتۆرە کە گرنگی بە بۆچوون و هەڵوێستی خەڵکەکەی دەربارەی سیاسەتی دەرەوە نادا؛ هەمیشە هەموو وزە و توانای خۆی بۆ ڕازیکردنی زلهێزەکان و دەوڵەتانی خاوەن بڕیار سەرف دەکا. بۆیە ئەو دەوڵەتانە سەبارەت بەڕەزامەندبوونی خەڵکی ئێران بۆ ئایەتوڵڵاکان، پشت بەهەمان پڕوپاگەندەوە دەبەستن کە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی یاخود دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، بانگەشەی بۆ دەکەن.

### ڕۆژهەڵاتییەکانی تاراوگە و دیپلۆماسیی شەقام

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و بەرخودانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە زۆر هۆوە خەڵکێکی زۆری ئەم پارچەیەی کوردستان؛ ئاوارەی هەندەران بوون. دیارە هەموو ئەو کەسانەی ڕوویان لە وڵاتانی بیانی کرد، سیاسی یان ئەندامی حزبێکی بەرهەڵستکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوون بەڵام ئەو خاڵەی کە ناکرێ حاشای لێ بکرێ، ئەوە بوو کە سیاسەتی سەرکوتکارانەی ئێران لە هەموو بوارەکانەوە بووە هۆی ئەوەی کە ئەژمارێکی بەرچاو لە

نوخبەوە بگرە هەتا خەڵکی ئاسایی نیشتمانی خۆیان بەجێ بهێڵن.

حیزبهکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ئەوکاتەی لە گۆڕەپانی شەڕ دژی داگیرکەردا زۆرترین وزەیان بۆ بەرخۆدانی پێشمەرگانە هەبوو، لە ڕاستیدا گرنگییەکی ئەوتۆیان بەکاری دیپلۆماسی وەکو پێویست نەدا؛ بێجگە شەهید دکتۆر قاسملوو کە «جاناتان ڕێندێل» وتەنی بەتەنیا خۆی بەقەت هەموو حزب و کەسایەتییەکان بۆ کاروباری دیپلۆماسی چالاک بوو. پاش ئەوەش کە گۆڕەپانی بەرخودانی پێشمەرگانە دژی ئێران لە کزیی دا، ڕێچکەی گرنگینەدان بە هێزی تاراوگەنشینی ڕۆژهەڵات لەلایەن حیزبەکانی ئەو پارچەوە هەمدیسان بەردەوامە و دەبینرێ. هەر حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بۆ خۆی کۆمیتە و نوێنەری هەیە و کەمتاکورتێ لەگەڵ وڵاتاندا دیپلۆماسییان بەردەوامە. هەتا ئێستەیشی لەگەڵدا بێ ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ وڵاتانی بیانی نەیتوانیوە جەماوەری خۆی لە تاوارگە و نێوخۆی نیشتماندا ڕازی بکا، چونکە کەڵکی لە هەموو وزەکان وەرنەگرتووە.

لەو ڕووداوە نەخوازراوانەی کە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان هاتوونەتە ئاراوە و پێویستی بە پشتگیریی و هاتنەسەر شەقام و ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتانی زلهێز بۆ کاریگەری خستنەسەر دۆسیەی کورد بووە، ڕیزی یەکەم و زیاترین ئەژماریی بەشداربووان؛ ڕۆژهەڵاتییەکان بوون. واتە لە ڕاستیدا بەهۆی گرنگینەدانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی بە «دیپلۆماسی شەقام» کە چەند دەتوانێ کاریگەریی لەسەر بیروڕای خەڵکی ئەو وڵاتە و هەروەها لە سەردەمی مۆدێڕنیتەدا کاریگەریی لەسەر میدیا و دەوڵەتانیش هەبێ، ئەم وزەیە سەرفی ناساندنی خەباتی ڕەوای ڕۆژهەڵات نەکراوە.

ئێستە کە ڕۆژانە هەواڵی مانگرتنی سەرانسەریی سەندیکاگەلی جۆراوجۆر لە ئێران و هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە پێشەنگی بەرخۆدانی مەدەنییە دەبیسترێ و «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»یش مەوجوودە، کاتێکی گونجاو و پێویستە کە ئاوڕێکی جددی لە وزە و توانای دیپلۆماسیی شەقام بدرێتەوە و کوردی تاراوگەنشینی ڕۆژهەڵاتیش یەکدەنگ و یەکگرتوو هەڵوێستی هەبێ.

هەموو ئەو خاڵانەی کە ئاماژەن بۆ ڕوودانی ڕۆژی مەزنی سەرکەوتنی نەتەوەکەمان بەسەر دەسەڵاتی ئایەتوڵلاکانی

تاراندا، لەبەر چاومانن. ئیتر کاتی ئەوە نیە وەکوو بینەرێک لە دوورەوە شرۆڤەی دۆخەکە بکەین. مرۆڤ هەرچەند توانای ئەوەی هەیە کە پێشبینی مەترسییەکان یان ڕووداوە نەخوازراو و خوازراوەکانی داهاتوو بکا بەڵام بێگومان خۆدوورخستنەوە و بەئەنجامنەگەیاندنی بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی، ڕوودانی کارەساتی قەرەبوونەکراوی بەدواوە دەبێ.

هەتا ئێستە مێژوو بەئێمەی کوردی سەلماندووە کە بێڕەحمە و چاوەڕوانی نەبوونمان، لە گۆڕەپانی کردەوەدا، ناکا. دەبێ گەشبینی و ڕەشبینیمان لەم هەلومەرجەدا وەلا بنێین و بەهەژاندنی شەقامی وڵاتانی بیانی، خەڵک و دەسەڵاتیان لە خواستەکانیی بەرخۆدانە ڕەواکەمان تێبگەیەنین و بە پێشاندانی وزە و هێزی ئازادیخوازانەمان ببینە قورساییەک کە لە نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران دوانەکەوین.

جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆ بەتایبەتمەندیگەلێکی وەکو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و میدیا کە هەیەتی، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە تەنیشت دەوڵەتەکانەوە، نەتەوەکانیش گرنگی خۆیان هەبێ و جیهان هەر هی دەوڵەتەکان نەبێ بەڵکو هی نەتەوەکانیش بێ.

کوردی ڕۆژهەڵات کە ئێستە حەشیمەتێکی بەرچاویان لە هەندەران دەژین و دەتوانن کەڵک لە جیهانی ئازاد و دێموکرات و مۆدێڕن وەربگرن، پێویستە لە ڕێی حیزبەکانیانەوە یاخود بە میکانیزمێکی دیکە ڕۆژێکی مێژوویی هاوبەش وەکو سیمبولێک هەڵبژێرن و لە وڵاتێکی دیاریکراودا هێزی خۆیان و خواستیان بۆ گۆڕانی ئێران و بوونیان وەکو نەتەوەیەکی کورد بە جیهان و هەروەها زلهێزان و هێزەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش؛ بسەلمێنن.

* «ڕۆژهەڵاتییەکان» لەم بابەتەدا مەبەست خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە لە دەرەوەی وڵات دەژین.

(لە ژمارەی ٧٢٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٨

# دیمانەکان:

## وتەبێژی جەیشولعەدل: دەسەڵات دەرفەتی چالاکیی سیاسیی لە دژبەرانی بڕیوە



ڕێکخراوی جەیشولعەدل ساڵی ١٣٩١ دامەزراوە و لەو کاتەوە کۆمەڵە چالاکییەکی لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە. «عێرفان شەهنەوازی»، وتەبێژی ئەو ڕێکخراوە لێدان و کردنە ئامانجی شوێن و مۆرەکانی ڕێژیم، هێرش کردنەسەر پێگە و بنکەکانی هێزەکانی چەکدار و گرفتنانەوە بۆ ئەو پیلان و سیاسەتانەی ڕێژیم کە دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەلووچ و ئاییینزای سوننەن، بە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی جەیشولعەدلی دەزانێ.

جەیشولعەدل لەو چەند ساڵەدا توانیویەتی زیاتر لە سەد چالاکیی جۆراوجۆر بکا کە هێرشکردنە سەر پێگەی گرووپی تیرۆریستیی سپای پاسداران و بەبارمتەگرتنی چەکدارانی ڕێژیم و خستنەخوارەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان، گرنگترینیانن. بەگوێری هەندێک سیاسەت جارێ ئەم ڕێکخراوە تەنیا لە جوغرافیای بەلووچستان چالاکە کە ١٩ شارستانی پارێزگەی بەلووچستان دەگرێتەوە.

ڕۆژنامەی «کوردستان» توانیویەتی وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ عێرفان شەهنەوازی، وتەبێژی ئەم ڕێکخراوە پێک بێنێ و لەگەڵ بەڕێزیان باس لە سیاسەت و خوێندنەوەی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئێران بکا.

**کوردستان**: بۆچی دژی کۆماری ئیسلامی خەباتتان دەست پێکرد؟

**جەیشولعەدل**: بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان وا باشترە شوناس و کاکڵی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ چەمکی کۆماری و چەمکی ئیسلامیتان بۆ باس بکەم کە زۆر لێک دوورن و ڕێژیمی «دیکتاتۆری نفاقی» پڕ بە پێستی ئەو ڕێژیمەیە.

ڕێژیمێک کە تەنانەت لەنێوخۆیشیدا بەجۆرێک سیستمەکەی داختووە کە ئەگەر کەسانێک نەرمتر لە سیاسەتە دیاریکراوەکان بڕوانن؛ ئیزنی خۆدیتنەوە لە دەسەڵاتیان پێ نادرێ (نموونە ڕەدی سەلاحییەتی بەربژێرەکانی سەرکۆماری). ئەم ڕێژیمەی ئێستا خەبات لە دژی دەکەین، هێندە لە گۆڕان و ئیمتیازدان بەو کەسانەی لە بازنەی هزری ئەو سیستمەدا نین دەترسێ، کە تەنانەت ئیزنی خۆدیتنەوە بەو کەسانەی نزیک لە خۆیشی نادا کە شک و گومانی هەبێ بێ ئەولا و ئەملا فەرمان و بڕیارە دەرکراوەکان جێبەجێ بکەن. کەواتە چۆن ئیزن بەوانە دەدا کە بەتەواوی بەپێچەوانەی سیاسەتە گشتی و بنەماییەکانی ئەو ڕێژیمە بیر دەکەنەوە!؟

بەدڵنیاییەوە ئەو بەستێنانەی لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ چالاکیی سیاسی بۆ خەڵکێک کە بەپێچەوانەی سیستم بیردەکەنەوە دیاری کراون، کۆمەڵە گەمەیەکن کە ئامانج و ئاکامی لەپێشدا نووسراوە. کەواتە بۆ ئەو کەسانەی بەڕاستی خوازیاریی باشبوونی بارودۆخ و چارەسەری کێشە و ئارێشەکانی وڵاتن، ڕێگەیەک جگە لە خەبات نامێنێتەوە. لە ڕاستیدا خەباتی ئێمە ئاکامی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنی ئەو سیستمەیە.

**کوردستان**: خەباتی ئێوە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر سیاسییە یان سەربازی؟

**جەیشولعەدل**: شۆڕشی ئێمە، خەباتە بۆ داکۆکی لە شوناس و وڵات و ئاییینمان. واتە خەبات بۆ لانیکەمی مافە

مرۆییەکانی نەتەوەیەک. دیارە کاتێک مرۆڤ بۆ سەرەتاییترین مافەکانی خەبات دەکا، هەموو چەشنە بەربژێرێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکاردێنێ. ئێمەش لە جەیشولعەدلدا هیچ سەرەتییەکمان بۆ چالاکی سەربازی لەچاو چالاکیی سیاسی دانەناوە، جگە لە دۆخی ئارایی وڵات و ئەو کەشە داخراوەی دەسەڵات پێکی هێناوە. بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێ کە جەیشولعەدل تەنیا خەباتی سەربازی دەکا، بەڵام دەبێ بڵێم ئەو بارودۆخەی وڵاتەکەمان پێیدا تێ دەپەڕێ، چالاکی سیاسی تێیدا جێی نابێتەوە. چالاکیی سیاسی زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ئەمڕۆ تەنیا دەرکردنی بەیاننامە و هەوڵوێستگرتنە سەبارەت بە بارودۆخی وڵات.

ئەگەر بەوردی بڕوانین دەبینین ئەو وڵاتە جۆرێکە هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی ئیزنی چالاکیی نیە. واتە دەسەڵات هیچ چالاکییەک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆی قبووڵ ناکا. هەر بۆیە چالاکیی سیاسی بەو شێوەیەی لە وڵاتانی دیکەدا باوە لە ئێران ڕێگەی پێ نادرێ. لە ڕاستیدا ڕەوشەکە بۆ چالاکیی سیاسی هێندە ناخۆشە و مەترسیدارە کە هیچ هاووڵاتییەکی ئێرانی ناتوانێ بڵی ئەمن سەر بە فڵانە حیزب و لایەنی سیاسیم. ئەندامبوون لە هەموو پارت و لایەنە دژبەرەکاندا لەلایەن دەسەڵاتەوە بە تاوان دادەنرێ و تاک تووشی سزا دەبێ. کەواتە ئێستا لەو ڕەوشەدا تەنیا باسکردن لە چالاکیی سیاسی یا هەرچەشنە چالاکییەکی دیکە بەبێ چالاکی سەربازیی کارێکی ژیرانە نیە. بۆیە لەو ماوەیەدا جەیشولعەدل زیاتر لە بواری سەربازییەوە چالاک بووە.

ئێمە پێمان وایە چالاکیی سیاسی وەک یەکەیەکی فیدایی وایە کە دیوارە پتەوەکانی دوژمن تێک دەشکێنێ و بەستێنەکە بۆ چالاکیی سیاسی خۆش دەکا. بە واتایەکی دیکە ڕێژیم پەلکێشی مێزی دانوستان دەکا و ڕێژیم ناچار بەوە دەکا بۆ کۆنترۆڵی بارودۆخەکە ئیمتیاز بە دژبەران بدا.

**کوردستان**: تا چ ڕادەیەک پێوەندیتان لەگەڵ پارتە بەلووچەکانی دیکە و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەیە؟

**جەیشولعەدل**: هێڵی سیاسیی ڕێکخراوی جەیشولعەدل هەمیشە لە سەر ئەو بنەمایەیە کە لەگەڵ هەر ڕەوتێک کە دژی بەرژەوەندیی شوێنکەوتووانی سوننە و نەتەوەی بەلووچ نەبێ، هاوکاریی هەبێ. جەیشولعەدل پێی وایە هەڵچنینی دیوار لە نێوان پارت و لایەنەکاندا بەواتای درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمی ئاخوندییە. کەواتە پێویستە ئێمە دەگەڵ هەر ڕەوت و لایەنێک کە ئەو بنەمایانەی سەروو لەبەرچاو دەگرێ دەست بدەینە دەستی یەک و هەروەها

دەستی رەدیشمان بە سنگی ئەو ڕەوتانەوە نەناوە و نایبنێین. دیارە دەبێ بڵێم زۆربەی ڕێکخراو و لایەنەکان بەهۆی جۆری چالاکیی چەکدارانەی جەیشولعەدل حەزیان لە پێوەندیگرتن لەگەڵمان نیە کە بەدڵنیاییەوە لەو دۆخەشدا هیچی لەگەڵ ناکرێ. سەبارەت بە پارتەکەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش دەبێ بڵێم جەیشولعەدل پێوەندیی لەگەڵ زۆربەی لایەنەکان هەیە بەڵام لەگەڵ پارتە کوردی و عەرەبەکان پێوەندیی بەهێزترە.

**کوردستان**: ئێوە داوای چ چەشنە مافێک بۆ خەڵکی بەلووچ دەکەن؟

**جەیشولعەدل**: نەتەوەی بەلووچ لەمێژ ساڵە لە زۆربەی هەرە زۆری مافەکانی بێبەشە و زوڵمی لێ دەکرێ. ئێمە دەڵێین ئەو کەرامەت و ماف و ڕێزەی لە هاووڵاتییەکی شیعەی فارس زمانی تارانی دەنرێ لە هاووڵاتییەکی سوننەی بەلووچیش بنرێ.

**کوردستان**: ڕاتان لەسەر سیستمی داهاتووی ئێران چیە، ئایا لەگەڵ فیدراڵیزم بۆ ئیران هەن؟

**جەیشولعەدل**: پێمانوایە دەبێ هەموو ڕەوت و لایەنەکان لەسەر ئەم بابەتە پێوەندی و دانوستانیان هەبێ تا بە ئاکامێکی دروستی وا بگەن کە پارێزەری بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی ئێران بێ. لەسەر فیدراڵیزمیش ئەمن پێموایە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لە ڕابردووشدا هەمیشە بە شێوەی فیدراڵیزە و حکوومەتی خۆجێییەوە ئیدارە کراوە. بەڵێ پێموایە فیدراڵیزم باشترین بەربژێرە بۆ ئێران.

بەو خۆپیێشاندان و ناڕەزایەتییە بەربەرینانەی ئێرانی گرتۆتەوە، پێتانوایە داهاتووی خەبات دژی سیستمی گەندەڵ ویلایەتی فەقیه چۆن دەبێ؟

پێموایە نارزایەتییەکان چوونەتە قۆناغێکی تازەوە کە پێشتر نەبینراوە. ئەو ناڕەزایەتییانە بە پاڵ کێشەی نێوخۆیی دەسەلاتداران و هەروەها گەندەڵیی بەربەرینی نێو بازنەی دەسەلات و گوشارە نێودەوڵەتییەکان دەتوانێ بۆ هەمیشە پرێسکەی ویلایەتی فەقیه تێکەووە پێچێ.

دیارە ڕێژیمیش دەستی لەسەر دەست دانەناوە و بۆ سواربوون بەسەر ئەو بارودۆخەدا هەنگاوی ناوە و خەریکە. چالاکی و هەوڵەکانی ڕێژیم و کێشە و دووبەرەکیی نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن و، هەروەها نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گەیشتن بە ڕوانینێکی هاوبەش و یەکگرتوو بەم زووییانە، دەتوانێ خەڵکی وڵات وەک گرنگترین بەشی پازڵی ڕووخاندنی ڕێژیم لە درێژەدان بە ناڕەزایەتییەکان دڵسارد بکاتەوە و ئەو کەشەی ئێستا، لە گەرموگوڕی بخا.

**کوردستان**: کۆماری ئیسلامیی ئێران چ زوڵم و زۆرییەک لە خەڵکی بەلووچ دەکا؟

**جەیشولعەدل**: لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا و یان ئەگەر وردتر بڵێم لە ماوەی ٩٠ ساڵی ڕابردوودا نەتەوەی بەلووچ نەک هەر لە مافەکانی بێبەش کراوە، بەڵکوو بەجۆرێک لە جوغرافیای ئێراندا پشتگوێ خراوە. دیارە گوشارەکان لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەگوێرەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی سیستم لەسەری دەڕوا، زۆر زیاتر بووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی بەلووچ بەتەواوی لە ئیدارەی وڵات و تەنانەت پۆست و بەرپرسایەتییە باڵاکانی پارێزگەی بەلووچستان و هەروەها بەرپرسایەتییە سەربازیی و ئەمنییەتییەکانیش بێبەش بێ. نەتەوەی بەلووچ لە دوو ڕوانگەی نەتەوەیی و ئێتنیکییەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە زوڵمی لێ دەکرێ. بەواتایەک نیشتمانی بەلووچەکان لەلایەن دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهەوە بەبێ ئەوەی ڕێز لە بەرژەوەندیی خاوەنەکانی بگیرێ، داگیرکراوە. لەم ڕوانگەیەوە دەسەڵات وەک نەتەوە داگیرکراوەکانی دیکەی ئێران هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێمە دەکا و بەردەوام هەوڵ دەدا زمان و فەرهەنگ و ئایینزای خۆی بسەپێنێ.

ئەم چەشنە ڕوانینە لە نەتەوەی بەلووچ بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو نەتەوە مەزنە لە هەموو پێوەرە خۆشبژێوی، پەروەردەیی و تەندروستییەکاندا بکەوێتە ڕیزی ئاخر. لە بەلووچستان لە هەموو شوێنێک زیاتر واز لە خوێندن دەهێنرێت. قوتابخانەکانی بەلووچستان نزمترین ئاستی ستانداردیی پەروەردەیی وڵاتیان هەیە و شارەکانی بەلووچستان بەتایبەت چابەهار و زاهیدان لەچاو حەشیمەتەکەیان لە ڕیزی پەڕاوێزنشینترین شارەکانی ئێرانن. بێکاری بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵک ڕوو لە هەندێ کار و پیشەی وەک کڕین و فرۆشتنی سووتەمەنی و شتی وا بکەن کە ساڵانە دەیان کەس لەوان دەکەونە بەر تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و گیانیان لێ دەستێنرێ. کاتێک باشتر و ڕوونتر لەو زوڵمەی کە لە نەتەوە بەلووچ دەکرێ، دەگەین کە دەبینین دەیان هەزار

بەلووچ بێ پێناسەن. واتە بەکردەوە لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا کۆماری ئیسلامی پشتگوێی خستوون و هەر چەشنە هەوڵێکیان بۆ گەیشتن بە شووناسی ئێرانیبوونیان لەلایەن دەسەڵاتەوە تووشی شکست هاتووە.

زۆر سپاسی ئێوە دەکەین بۆ ڕەخساندنی ئەم هەلە کە بتوانین زیاتر لە دۆخی خەباتەکەتان و هەروەها بارودۆخی خەڵکی زوڵملێکراوی بەلووچ ئاگەدار بین.

هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی ٧٢٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

----------------------------------------------------

# مافە نەتەوایەتییەکان لە بەرەی هاوپەیمانییەکانی دژ بە ئێراندا

ئەم ڕۆژانە بە هۆی خۆپێشاندان و مانگرتنەکان کە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی ئێران دەچتە قۆناخێکی جیددی و ڕۆژانە دەبینین بە شکڵ و لەونی جۆراوجۆر مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕین بە تایبەت لەلایەن ڕێکخراوەکان بەڕێوە دەچن، هەروەها بە هۆی دۆخی نێونەتەوەیی کە بە دژی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێکردووە، جووڵە و گۆڕانێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەست پێدەکرێ. لەو بارودۆخە نوێیەدا حیزبگەل و کەسایەتیی جۆراوجۆری ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی هەوڵ دەدەن بەرە پێک بێنن، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لەم بەرە و ئیئتلافانەدا مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران بە کوێ دەگا؟ ئەو ڕەوت و کەسایەتی و لایەنانە چ جۆرە ڕوانگە و خوێندنەوەیەکیان بۆ مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران هەیە و، هەروەها ئەو حیزبانەی کە لە پێناو مافی نەتەوەیی گەلەکەیاندا خەبات دەکەن و تێ دەکۆشن، ویست و داخوازیەکانیان چنە؟



### متمانە و پشتبەستن بە گەلان و کۆنترۆلی دەورانی تێپەڕ

**بەڕێز ڕەئووف کەعبی**، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی فیداییانی خەلقی ئێران دانیشتووی فەڕانسە، لەمەڕ دۆخی هەنووکەیی ئێران و ئەگەری گۆڕان لە نیزامی سیاسیی ئەم وڵاتەدا دەڵێ:

دەکرێ بڵێین، بەپێی ئەو میناکە دیار و بەرچاوانە لە کۆمەڵگەی و ناسینی شێوەی موباریزە و تێکۆشان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکان، دۆخی سیاسیی وڵاتی ئێمە گەیشتۆتە قۆناخێک کە ئەگە بمانهەوێ بەپێی وتەی بەناوبانگ حوکم بدەین ئەوهای لێ دێ: گۆڕانی سیاسی کاتێکە کە «بەرزەکان» نەتوانن و «نزمەکان»یش نەیانهەوێ. دەبێ بڵێین ئەوەی کە ئێستا لە کۆمەڵگەدا دەیبینین یانی باری ئابووری، بێکاری، گرانی، دەرکردنی بەربڵاو لە تەنیشت ئەو هەمووە هەرج مەرجە هەمەلایەنە، تەنیا ڕێگەچارەی ڕێژیم، سەرکوت و کوشتار و سێدارەیە. ئەوە پێشان دەدا ڕێژیم بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانە بەو هەمووە ئیمکاناتە زۆرە، ئەگە نەڵێین هەر هیچ، بەڵکوو زۆر کەمە، لە لایەکی دی بە سەرنجدان بەو پێواژۆ کۆمەلایەتییانەی ئەم دواییانە، یانی، ڕابوونی بەفرانباری ڕابردوو، مانگرتنی بەربڵاوی کوردستان، مانگرتن و نارەزایەتیی بارهەڵگرەکان، بزووتنەوەی مامۆستایانی فوتابخانە و... دەکرێ بڵێین بەڵێ، ئێمە لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە کۆمەڵگەی ئێراندا نزیک دەبینەوە. هەرچەندە ئەم حوکمە پێشمەرجی هەیە، چوونکە گۆڕان، پێویستیی بە چەند هۆکار هەیە کە دەکرێ لە جێگەی خۆیدا ئاماژەیان بۆ بکرێ. هەر لەم بارەیەوە بەڕێز سەید حەسەن شەریعەتمەداری، لە دامەزرێنەری یەکیەتیی کۆماریخوازانی ئێران دانیشتووی ئاڵمان، لەم باوەڕە دایە کە: لە ڕاستیا لە ئێران نیزامێک بە مانا باوە نێونەتەوەییەکەی نەماوە، ئەوەی کە هەیە بێ پرەنسیپی و نەبوونی نەزم و ڕێوجێیە کە ناوی نیزامی بە خۆیەوە ناوە و دوو پاڵپشتی هەیە، ڕمبێک بۆ سەرکوت و گەندەڵی کە هەموو چین و توێژەکان و کاربەدەستانی نیزامی بۆ قازانج پێگەیاندن لە ڕانت و سامانی نەتەوەیی ئێران دەگەڵ یەکتر، یەکگرتوو کردووە، جا ئەمانەش بەم هۆکارە دەخوازن هێز و دەسەڵاتیان بپارێزن. ئەوانە لە قۆناخی یەکەمدا پارێزەری ڕێژیم نین و زۆرتر دەیانەوێ بەرژەوەندییەکانی کەسیی خۆیان بپارێزن. کاتێ لە نیزامێکی سیاسی قۆناخێک دەست پێدەکا کە ئیتر باوەڕ بە نیزامی سیاسی و کارهانینی ئەو بوونی نییە و زۆرتر بەرژەوەندییەکانە کە لە دەوری یەکتر کۆیان دەکاتەوە، لە وەها دۆخێکدا دارمانی مێشک و ئاوەز دەست پێدەکا کە لە ڕاستیدا قۆناخی جیایی و تەواوکەری خەڵک لەو نیزامەیە. باوەڕی خەڵک بەوەی کە ئەم ڕێژیمە هی خۆیان نییە ماوەیەکی زۆرە گشتگیر بووە و ئێستا لە پلە جۆراوجۆرەکانی نیزامیش، هیچ کۆدەنگییەکیان بۆ پاراستنی ڕێژیم و تەنانەت بەرەوپێشبردنی پرۆژەکانی خۆشیان نییە. لایەنەکانی نیزام نە دەتوانن کۆدەنگ بن کە دەگەڵ ئەمریکا ئاشتی ڕابگەیەنن یا لەبەرامبەر ئەمریکادا بوێرانە ڕاوەستن و یان باری ئابووریی وڵات چارەسەر بکەن، تەنانەت ڕێک بکەون کە خەڵک سەرکوت بکەن یا بە پێچەوانە بجوڵێنەوە هەتا بتوانن چاکسازیی بنەڕەتی دەست پێبکەن و دەگەڵ خەڵک پێک بێن و داواکارییەکانیان بەجێ بگەیەنن. بۆ هەموو ڕێگەچارەکان دژبەرانێک هەن توند و قایم ڕاوەستاون و تەنیا لە سەر


مژارە ئاساییەکان پێکەوە یەکگرتوون، ئەویش تالانکردنی خەڵکە. ئەم قۆناخە لە زانستە سیاسییەکاندا بە دارمان ناو دەبرێ. ئەگە ئاڵتێرناتیوێکی بەهێزی جێ متمانەی خەڵک هەبێ، تێپەڕین بەم دۆخەدا کەم تێچووترە دەنا دارمانی ئەو ڕێژیمە ڕەنگبێ ببێتە هۆی دارمانی کۆمەڵگەش و تێچوو و خەسارەی یەکجار زۆری بەدوا دابێ، کەوابوو دەبێ جێگرەوەیەکی وەها بەهێز و جێ متمانە پێک بهێنرێ کە ڕاگواستن لەم نیزامە بۆ سیستەمێکی دێموکراتیک لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ بە تێچووی کەمتر دابمەزرێ.

**بەڕێز کەعبی لە تێکۆشەرانی چەپی ئێران کە لەنێو کۆڕی سیاسیی دەرەوەی وڵات کەسایەتییەکە کە هەوڵێکی زۆری داوە بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان هەموو حیزبە ئێرانییەکاندا پێک بێنێ، لەمەڕ ئەوەیکە دەبێ ئەو پلاتفۆرمە چ تایبەتمەندییەکی هەبێ بۆ کاریگەری لەسەر نێوخۆی وڵات؛ بە ڕاشکاوی ڕای دەگەیەنێ:**

«ڕەوتێکی سیاسی یا بەرەیەک لە کۆمەڵەیەک لەو ڕەوتانە کاتێک دەتوانی کاریگەر و بەڕاستی لەنێو کۆمەڵگەدا جێگەوپێگەی هەبێ، کە یا لە نێو کۆمەڵگەدا هەبێ، یان دەنگی داخوازی و ویستی سەرجەم بزووتنەوەکان دەنگدانەوەی تایبەتی لەو کۆمەڵگەدا هەبێ. کەوابوو لە قۆناخی یەکەمدا کاریگەرییەکی کە مەبەستی ئێوەیە، لە سەر ماک و میناکێکە کە بناخەی نەزەری و فیکریی ئەو کاریگەرییە وێنا دەکا. لە کۆمەڵگەدا شەبەنگ و چینی جۆراوجۆر لە ڕاوبۆچوون و بیرۆکە هەیە، بەڵام هەتا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە لایەنێکی سیاسی، کە من مەبەستمە دەگەڕێتەوە، دەبێ بڵێم باوەڕبوون بە چەند هۆکار و ماک دەتوانێ تەکویستی گشتیی و شکانەوەی هەموو کۆمەڵگەی ئێمە کە بتوانێ ئەو پرسیارە بەرسڤ بداتەوە بەم شێوازە دەبێ: سەرەتا فەلسەفەی وجودیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرجەم لایەنەکانییەوە، تەنیا هۆکاری دۆخی شێواوی هەنووکە و بە هۆکردی ئەو گۆڕانە دەژمێردرێ. کەوابوو سنووربەندی دەگەڵ بوونی ئەو ڕێژیمە و سەرتر لە ئەو، بە پێویستییەکانی بزووتنەوەی ئێستا دەژمێردرێ.

دواتر، ماکی دێموکراسی و بە فەرمی ناسینی ئیرادەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک لە دە دەستگرتنی دەسەڵات و هێز، ئەم بیرۆکەیە هیچ دژوازییەکی دەگەڵ ڕێگەچارەکانی کە ئیرادەی خەڵک وەلاوە دەنێ و هێز و دەسەڵاتی سیاسیی تایبەت بە دەستەیەک کە بە ناوی ئایین و سەڵتەنەت دێن، نییە. خۆیابوونی ئەو بیرۆکەیە واتە حوکمەتێک لە سەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت بە پاڵپشتیی دەنگی ئازادانە و ڕاستەوخۆی خەڵک. خاڵێکی

تر، فرەنەتەوەیی بوونی ئێرانە کە بە ناسین و بوونی واقعی ئەو ڕاستییە لە کۆمەڵگەی ئێران، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەگەڵ کولتوورێکی هاوبەش یا تاقە زمانێک بەرەوڕوو نین بەڵکوو جۆراوجۆری لەم بەستێنەدا حاکمە. بە فەرمی ناسینی ئەو باسە یەکێک لە پێویستییەکان و دواتر کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵگەی ئێرانە. خاڵێکی تر بە گشتیی کە بە سەر دۆخی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە واتە کرێکارەکان و زەحمەتکێشان، کارمەندان و معاش وەرگران و هاوڕێیەکانیان، نەبوونی بەرابەری نێوان ژنان و پیاوان، نەبوونی ماف لەهەموو جومگەکان، نەبوونی ئیمکانی دامەزراوە و دیکە بیرۆکەی تر لە کۆمەڵگایەکی ئازادە، کە ئەمڕۆ لەناو بەشی هەرە زۆری هاونیشتمانیانی ئێمە ڕەگی داکوتاوە، لە کۆتاییا ئاماژە بەوەش بکەم بەپێی ئەزمونی مێژوویی بە تایبەت ئەوەی کە هەر لەو ئێرانە و وڵاتانی ناوچەی هاوسێ، هەتا ئێستا ڕووی داوە، ئەگە کۆمەڵانی خەڵک و نوێنەرانی سیاسیی ئەوان، خۆیان خولقێنەری بیرۆکە و پلانی تایبەتیی خۆیان نەبن، ئەوە لە دەرەوەڕا بۆیان دادەنێن و دەشبێ قەناعەتی پێ بکەی، هێزە دەرەکییەکانیش هەرچەند دژایەتیی ئەو ڕێژیمە بکەن دواجار بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دادەگەڕێن، لە لایەکی تر هانا بردن بۆ تێرمی شەڕ و کاری نیزامی لە نێوخۆ، لە پلەی یەکەم بە زەرەری ئەو هێزانەیە کە دەخوازن بە هێزی خەڵکی خۆیان، دەسەڵاتی سیاسی بگۆڕن. کەوابوو دژایەتی دەگەڵ ئەسلی هەرجۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی و سیاسەت و ئالتێرناتیو چێکردن، لە کۆمەڵە هۆکردێکە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەرێنی یا نەرێنی لەسەر ئەم ڕەوتە دادەنێ. متمانە بە کۆمەڵانی خەڵک و پشتیوانییان، یارمەتیدەرێکی گرینگە بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی.




**حەسەن شەریعەتمەداری**

**موهەندیس حەسەن شەریعەتمەداری لە سەرکردەکانی پێشووی حیزبی کۆماریی گەلی موسڵمان لە ئازەربایجان بە**

گرینگیدان بە دامەزراندنی بەرە لە قۆناخی ئێستا بۆ تێپەڕین دەڵێ:

«بە باوەڕی من هەر جۆرە ڕێکخراو یا چەتری هاوبەش لە ڕەوتەکان، کەسایەتییەکان و ئەحزابی سیاسی بە مەبەستی تێپەڕین لەو ڕێژیمە بە شێوەی ئاشتیخوازانە و مەدەنی ئیشێکی گەلێک پیرۆزە، لە ڕاستیدا هیچ دێموکراسییەک بەبێ بوونی حیزبگەلی بەهێز و سەربەخۆ، تەمەندرێژ و ڕاوەستاو نییە، ئێمە دەبێ هاندەری ئەو جۆرە بەرە و پلاتفۆڕمانە بین. کەشی لەبار بۆ گەشەی زیاتری ئەو حیزبانە بخوڵقێنین بۆ بەرمێن بوون و متمانەی زیاتری خەڵک. لێبەلێ لە سەردەمی تێپەڕین بەر لەوەی حیزبەکان بتوانن کارێک بکەن، بە هۆی دەروونناسیی تایبەتیی کۆمەڵگەی ئێران، ئەوە ڕێبەرانی ڕێکخراوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن دەگەڵ کەسایەتیی سەرووحیزبی و بان گرووپی، کە لە سەرەوەی ڕکەبەری باوی حیزبەکان، کاریگەرییان دەبێ. لەم قۆناخەدا حیزبەکان دەبێ پەیوەندییان دەگەڵ ئەوچڕن و پشتیوانییان لێ بکەن، هەتا ئێمە بتوانین ناوەندێک بە ناوی (شووڕای کارگێڕیی دەورانی تێپەڕ) ئامادە بکەین کە هەموو حیزبەکان نوێنەرانیان تێدا هەبێ و پشتیوانی و یارمەتییان بکەن هەتا بتوانین ئەو دەورانە بە بەرنامە تێپەڕێنین».

## چەپ و کۆماریخواز و پەسنی فێدڕالیزم

ڕەئووف کەعبی کە خۆی «دەلاقەیەک لەسەر باسی فێدڕالیزم»ی نووسیوە، لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە وەک شۆڕشگێڕێکی چەپ، چ جۆرە نیزامێک لەبۆ دوارۆژی ئێران وێنا دەکا، دەڵێ:

«هێزی چەپ یارمەتیدەر و پشتیوانی ڕەوتە نەتەوەییەکانە بۆ وەدەستهێنانی مافی دێموکراتیک و دادپەروەرانە، هەڵبەت ئەم ڕوانینەش بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە دژایەتی ئەو بیرۆکانە نەکەین کە لە ژێر ئالای هەویتی و ناسنامەی نەتەوەیی، بچتە بەستێنی جۆرێک توندئاژۆیی و ڕادیکاڵ بوون، سەت هەڵبەتە، لە ئێرانی ئەمڕۆدا، دەسەڵاتداری سیاسی دەبێ ئاوێنەی واقعی کۆمەڵگەی ئێران بێ کە ڕەنگاڵەیەکی ئاشکرا پێشان بدا. ئەم کارە بە هاوفکری و هاوکاریی سەرجەم هێزە باوەڕمەندەکان بەو خاڵە، دێتە ئاراوە، کامەیان ڕێگاچارەیەکی سەرتر دەخوڵقێنێ، ناکرێ هەر لە ئێستاوە بڕیار بدەین بەڵام دەکرێ ئەوە بڵێین، نیزامی داهاتووی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مافە سەرەکییە و تەکزکرن بەو خاڵە بنەڕەتییە لە کۆمەڵگە، بە هیچ شێوەیەک جێگای باوەڕ

نیـیە. ئەساسـەن ئەم ڕێگەچـارەیە، دژی ناوەنـدگەرایی و بەشـداریپێکردنی گشت ئەو کـۆمەڵانە لە دەسـەڵاتداری سیاسییە کە دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆری هەبێ، لە فێدراڵیزمەوە بگرە هەتا جۆرەکانی تری ناموتەمەرکز». بەڕێز شەریعەتمەداریش بە شێوەیەکی تـر خوازیـاری فێـدراڵیزمە و لەم بـارەوە دەڵـێ: «من خـۆم خوازیـاری فێـدراڵییەکی ناقەومی، پارێزگایی و ئەیـالەتی لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتـوو دام، خوازیـاری یەکسـانی و لابردنـی هەمـوو جـۆرە تەوفیـر و جیـاوازیی هەمـوو ئێرانیەکـانم بەتـایبەت بـۆ کوردەکـان، ئازەربایجانییەکـان، بلـووچ، تـورکمەن، عەرەب و لورەکـانم. هەروەهـا گـرووپ و لایەنەکـانی ژێـر ستەم وەک لاوان و ژنـان و چینـی هەژاری سـەدەمەدیتوو. ئەوەی کە من دەمەوێ نەمـانی جیـاوازی بە شێوەی ئاسۆیی، واتە داڕشتنی فێـدراڵیزمێکی سەرتـاسـەری لە ئێـرانە، هەڵبەتە لەو ڕێگاچارەیەدا هەرێمی کوردستانیش قازانجی لێ دەکا».

## ڕەئووف کەعبی لەمەڕ جێگە و پێگەی خەباتی کوردستاندا دەڵێ:»

ئەگە نەڵـێم کوردسـتان دڵـی گۆڕانکارییەکـانە لە ئێـران، بەڵام بێشـک لە ئەنـدامانی سـەرەکیی ئەو جەسـتەیەیە و ئەمە زێدەڕۆیی نییە. چوار دەیەیە خەبات و خۆڕاگریی بێوچان هەروا بەردەوامە. هەر ئەو میناکەی ئەم دواییـانە، واتە مانگرتنی سەرانسەری و بەربڵاو، هێمای پێگەیشتنی ڕەوتێکە کە بەرفرەوان. سقیل و مۆدێرنە، حیزبایەتی لە ئێـران بە دامەزرانـدنی حیـزبە کوردییەکـان دەستی پێکرد، نـاو و ناوبـانگی خـۆڕاگریی کوردەکـان سینگ بە سینگ دەگێردراوە، ئەمە بۆ بەرگری لەبەرامبەر زوڵم و زۆری ڕێـژیم دەگەڵ خەڵکی بێتـاوانی خـۆی بـووە، گیانفیـداکردنی بەشێک لە سـەرکردەکانی هێـزە سـەرەکییەکان، بە جۆرێـک لە پێوەنـدی دەگەڵ هەوڵ و تێکۆشـانیان بـۆ بە ئامـانج گەیاندنی ژیانی هاوبەش و بەرامبەر لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بـووە و وەک نموونەیەک لە تەقەڵا و فیـداکاری لە بـۆ پێکگەیانـدنی بـزووتنەوە سیاسییە جۆراوجۆرەکـان لە کـۆمەڵگە، تۆمـار کـراوە. کوردسـتان بـۆ دامەزراندنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک، ڕۆڵی خۆی دیاری کردووە و باوەڕم وایە ئا بەم شێوەیە، سەرەڕای کێشە و گرفتی زۆر، دەبێ درێژەی هەبێ، لە ئەستی کۆمەڵانی خەڵک، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی_ دێموکراتیکی ئەو، بەرگری و خەباتی گەلەکەی، جێگەی دیاریکراوی خۆی هەیە و متمانەی پێ بەخشیوە و چاوەڕوانیی زۆری لـێ دەکرێ، خەڵکی کوردستان ڕۆڵـی خۆیـان گێڕاوە و دەیگێڕن، هێـزە ڕەسـەنە کوردییەکـان لەسـەریانە ئەو متمـانە و بـاوەڕ و نـرخ و بەهـایەی کە بـاس کـرا، وەک خـۆی ڕابگـرن و بە هاوکـاری و هاوئـاهەنگی نێوان هێـزە ڕەسـەن و خەڵکییەکان لە سەرتاسەری ئێران کە باوەڕی پتەویان بە ئازادی هەیە، مافی سروشتی لە دیاریکردنی چارەنووسی

گەلانی ئێران وەک مافی خۆیان بە فەرمی بناسن و لە حاند وەدیهێنانی ئامانجە مێژووییەکانی ئەو خەڵقە، تێ بکۆشن».

لە هەرتک ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامیی ئێراندا پرسی کورد دانی پێدانەنراوە. بەپێی دۆخی ئێران و کۆمەڵناسیی سیاسیی ئەو خەڵکە، بەڕێز شەریعەتمەداری لە سەر دواڕۆژی سیاسیی کوردستانی ئێران دەڵێ:

«ئەمن پێموایە بەشداریی بەرینی خەڵک لە مانگرتنی ڕێکخراوەکان و مامۆستایان نیشانی دا کە ئەوان هاوئاهەنگ و هاودڵ دەگەڵ باقی خەڵکی ئێرانن و دەزانن کە دواڕۆژیان لە نێوخۆی ئێرانە و دەگەڵ خەلقی ئێرانە. لەسەر ئەو باوەڕەم کوردستان و ئازەربایجان دوو ئەیالەتی مەزن و گەورەی ئێران دەبن لە فێدڕالیزمی داهاتوودا کە دەبێ وەک جیرانێکی باش بە پێوەندییە تایبەتییەکان دەگەڵ یەکتر بژین و بناخەی ئابووریی ئێران بە توووریسم و سەنعەت و وەرزێری لەم دوو ناوچەیە دەبێ خول بخوا. ئەمن وای بۆ دەچم ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و گەلانی تری ئێران زۆر باش هەستییان بەو پرسە کردووە و وێڕای حیزبە مەزنەکانیان هاوڕێی ئەو هەولانە دەبن، ئێمە دەست دەناو دەستی یەک ئەو نیزامە بە مێژوو دەسپێرین و نیزامێک لە سەر بناخەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ پێک دێنین».

### هیندێ لە حیزبەکانی ئوپۆزیسیۆن، گەلان وەک کەرەسە بەکار دێنن

بەڕێز **حافز فازڵی**، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی «تضامن دمکراتیک»ی ئەهواز دانیشتووی بریتانیا لە وڵامی پرسیاری «زۆربەی کاتەکان دەبینرێ کە حاکمییەتی ئێران و هەندێ لە کەسایەتییەکان و ڕەوتە سیاسییەکان، کە کار دەگاتە مافی نەتەوەکانی ئێران، گوتارێکی هاوبەشیان هەیە، بۆچی؟» ئەو ڕاشکاوانە دەڵێ:

«چوونکە پرسەکە بە تەواوی سیاسییە و ڕەوشتی تێدا نییە، لە ڕاستیدا بەرژەوەندیی گەلی باڵادەست ئیزنی خوڵقاندنی ئەو جۆرە گوتارانە نادا، جا چ لە دەسەڵات بێ چ لە دەرەوەی ئەو بازنەیە. دەگەڵ دانپێدانان بەو دیسکۆرسە، دەبێ دەست بە گۆڕانکاری بنەڕەتی بکەن و هەرچی هەیە دەبێ دەگەڵ پەراوێزخراوەکان دابەش بکەن کە ئەوان میراتگرانی ڕەسەنی ئەو وڵاتەن. دابەش کردنی هێز و دەستەڵات و سەرچاوەکانی ماڵی بەرامبەرە دەگەڵ

لە دەستدانی سەرچاوەگەلی مادی زۆر و باوەڕبوون بە کێبرکێیەکی پاقژی زمانی و کولتووری کە لە ڕاستیدا سەدەیەکە وەدەست ناوەندگەراکان لە ڕاستای پەرەپێدان بە شیعەگەری و زمان و فەرهەنگی فارسی یەک نەتەوە، یەک هەڵوێست بوونە و ئەو پارێزگا و شارانەی ناوەند کە بە هیچ شێوەیەک مەرجی پێویست بۆ گەشەی تێدا نییە، پەرە پێبدەن، پێویستە چاوێک بە شارە گەشەکردووەکانی ئێران بخشێنن، هەڵبەت ئەوە بە مانای نەبوونی مرۆڤی ئازادیخواز و بە ئینساف لە قەومی باڵادەست نییە، بەداخەوە ئەو جۆرە بنیامانە زۆر دەگمەنن و تەنانەت لەلایەن ناوەندگەراکانەوە پەراوێز خراون و مەیدانیان پێ نادەن».



**حافیز فازڵی**

**لەسەر ئەو باسە بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ:**

«ئەگە حاکمانی ناخەڵکی کە هەمیشە دەسەڵاتیان هەبووە، ئاکار و ڕەوشتیان بە ئاقاری ئینکاری مافی نەتەوەکانی ئێران بووە شتێکی سەیر و سەمەر نییە، چوونکە ڕابردووی دیرۆکی ئێران نیشانی داوە کە هیچ کام لەو دەسەڵاتدارانە لەبەر دڵی ئێران و خەڵکەکەی بەرپرسیارەتییان وەرنەگرتووە. بەڵام باوەڕبوون بەم شێوە سیاسەتە حکوومەتییە و پەسنی لەلایەن بیرمەندان و ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی ناحکوومی، بە باوەڕی من بۆ هەڵسەنگاندنی غەڵەت لە مافی مرۆڤ، دێموکراسی، ئازادی و دابینکردنی درێژ ماوەی ئێران دەگەڕێتەوە، هەوڵنەدان بەلای دەرکی هاوبەش لە ڕاستییەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ئێران و هەروەها ترس لە لێکدانەوەی خەیاڵی و ڕەشۆکییانە لە سیاسەتە کە دەبێتە هۆی سەرلێشێواویی هیندێ حیزب و کەسایەتیی سیاسیی ئێران».



**کەماڵ کەریمی**

**کورد و عەرەبەکان بەرەیەکیان قبووڵە، کە تێیدا مافی نەتەوەییان ڕوون کرابێتەوە**

**بەڕێز فازڵی کە نوێنەری عەرەبەکان لە ڕێکخراوی UNPO - ە، لەمەڕ ویستی ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری دەگەڵ حیزبەکانی کە خوازیاری مافی نەتەوەیینە دەڵێ:**

**«هیچ کات ئۆپۆزیسیۆن ویستی هاوکاری لەتەک حیزبە نەتەوەییەکانی نەبووە و نییە، لە ڕاستییا هیندێ لەو حیزبانە هەوڵ دەدەن بە شێوەی کەرەستەیی و بۆرە و تۆرە، لە هیندێک دانیشتنەکانیاندا کەڵک وەرگرن هەتا بە قازانجی تراویلکەیی، خۆیان پێ ڕابنێن. بەرە پێویستیی بە هیندێ ڕێککەوتن و بەرنامەی کاری دیاریکراو هەیە کە ئەو حیزبانە هیچ کات نایکەن، غافڵ لەوەی کە هیچ جێگرەوە و ئەلترناتیڤێک بەبێ پشتیوانیی گەلانی تر لە دواڕۆژا، جێگرەوەی نییە.**

**لەسەر جۆری داواکارییەکان لە کاتی ئێستادا دەتوانین ئاماژە بە پرسێکی گرینگی وەک، دژبە ناوەندبوون و فێدراڵیزم بکەین، بەڵکوو ئەوەی بەسەر ئەو گەلانە لە سەدەکانی ڕابردوو هاتووە تۆزێک قەرەبوو بکرێتەوە.**

**بەڕێز کەریمی لەمەڕ داواکارییەکانی گەلی کورد لەو بەرانەدا بە ڕاشکاوی دەڵێ:**

«داواکاری گەلانی ڕۆژهەڵاتی نیشتووی ئێران زۆر ڕوونە، بۆ میناک کوردەکان، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک و خەبات و تێکۆشانی ئەو چەند دەیەی وەئەستۆ گرتووە، هەموو کات پێداگریی لەسەر ژیانی ئاشتیخوازانەی خەڵکی ئێران و باوەڕ بە مافی نەتەوەیی ئەوان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتدا هەبووە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سیستەمێکی حکوومەتی دێموکراتیکی فێدراڵ کە ڕوانینێکی واقعبینانەی بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافی خەڵکی ئێران هەبێ، یارمەتی بەو کێشە مێژووییانە دەدا. ئەپێم وایە هەر بەرەیەکی یەکگرتوو کە ئامانجەکەی دابینکردنی ویست و داخوازیی درێژماوەی ئێران بێ، دەبێ سرنج بداتە ئەو خاڵە هەستیار و جیددییە، ئەگینا لە هەر گوزەرێکا بەرەو گۆڕان لە ڕێژیمی سیاسی ئێران، بە تەواوەتی دەکەونە داوی ڕێژیمەکانی پێشوو کە جگە لە وێرانی، بە کوشتدانی خەڵکی ئێران و سەرئەنجام لە چارەسەری کێشەکاندا هیچ ئاکامێکی نابێ، بەپێی ئەو ئەزموونە مێژووییانە، کوردەکان هیچ بەرەیەک قبووڵ ناکەن مەگەر پێشەکی چۆنیەتیی چارەسەری پرسی مافە نەتەوایەتیەکانی تێدا باس و ڕوون نەکرابێتەوە».

کەماڵ کەریمی لەسەر ئەوەیکە ئایا گەلانی نێشتەجێی ئێران کە ویست و داخوازیەکانیان لەلایەن حیزبەکانیانەوە داوا دەکرێ هەتا ئێستا توانیویانە ڕای ئەرێنیی حیزبەکان و ڕەوتە سیاسییە سەراسەرییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن؛ دەڵێ:

«ئەو دەستە حیزبانە کە نوێنەرایەتیی گەلانی جۆراوجۆری ئێران دەکەن لەم بەستێنەدا هەوڵی زۆریان داوە و، ئەگەرچی توانیویانە سەرنجی هیندێ لە گرووپ و کەسایەتی سیاسی تێکۆشەری ئێرانی بۆ لای ڕاستیی ئەو پرسەی خۆیان ڕابکێشن، بەڵام نەبوونی بەردەوام و حزووری ڕاستەوخۆ لە کایەی خەباتی خەڵک و هیندێ بیرۆکەی شۆڤینیستی لە هیندێکیان و دڵەڕاوکەی ناڕاست، لە هۆکاری قبووڵنەکردنی هێنانەبەرباسی ئەو بابەتەیە لە نێوان گشت ڕەوتە سیاسییەکانا».

بەڕێز فازڵی هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ:» نەخێر، هۆی سەرەکی هەر ئەو ڕوانینە تەواوییەتخوازانەیە، بەڵام لە ڕاستیدا حیزبە نەتەوەییەکان بە هاوفیکری بوونە لایەنی ئەو پرسە، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و شووڕای دێموکراسیخوازان و هەروەها بەرەی نوێ دەگەڵ هیندێ لە هێزە چەپەکان باشترین بەڵگەن - دەبێ ئەوەش بسەلمێنین کە ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەبەرە، بە باوەڕی من تەنیا ڕێگای سەرکەوتن، یەکدەنگیی

سەرجەم هێزە سیاسییەکانی نەتەوەکانە - فێدڕالی و سەربەخۆخواز - و چالاکی لەژێر چەترێک ئەگە بەڕاستی باوەڕمان بە دێموکراسی هەبێ، ئەگە پێداگری و خەباتی حیزبەکانی نەتەوەیی نەبا بەم جۆرە چەمکی فێدڕالیزم نەدەبووە جێ باس و سەرنجی زۆران. بەڕێزیان هەروەها لە مەڕ داخوازیی عەرەبەکان دەڵێ: لە ڕاستیدا لە ئێران عەرەبەکان، جیاواز لە گەلانی تری ئێران نین، عەرەبەکانیش وەک کوردەکان ویست و داخوازی وەک یەکیان نییە، هەنێک خودموختاریان دەوێ، دەستەیەک تەنیا ڕێگەچارە لە فێدڕالیزمدا دەبینن و هیندێکیش تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دە سەربەخۆییدا. هەر بۆیە لە وەڵامی پرسیاری پێشوو دا گوتم، بەرە لە نێوان سەرجەم لایەنەکان زۆر پێویستە چوونکە وزەیەکی زۆر لە گەلان تەرخان دەکا، بەڵام بە سرنجدان بە دۆخی نێونەتەوەیی و بە ئەزموون وەرگرتن لە شوێنی وەک کەتالۆنیا و هەرێمی کوردستان تەنیا ڕێگەی چارەسەر، گەیشتن بە ئێرانێکی دێموکرات و فێدراڵە».

حیزبی«تضامن دمکراتیک»ی ئەهواز باوەڕی بە خەباتی مەدەنی و پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی نێوخۆیە و داخوازی نیزامێکی دێموکراتیک و فێدڕال لە ئێرانە. وتەبێژی ئەو حیزبە لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەگە هەموو ئەو حیزبانەی گەلانی ئێران دەگەڵ یەک یەکگرتوو بن دیسانیش لە بەرەکان پێویستییان بە ڕەوتە سەرتاسەرییەکان دەبێ؟ دەڵێ:

«بەڕاستی هیچ ڕەوتێک بە تاک و تەرا ناتوانێ ڕێژیم برووخێنێ و نیزامی سیاسیی داهاتوو دابمەزرێنێ، کەسێک لە داهاتوو لە تاران دەسەڵاتی دەبێ کە ڕەزامەندی گەلانی تری هەبێ و نەتەوەکان بە هاوپشکی خۆیان بزانێ. لەکاتی ئێستادا حیزبە نەتەوەییەکان توانایییەکی زۆریان هەیە و ئەو جۆرەی دەبینین ئامادەن نرخی بۆ بدەن. باری جیهانی، ناوچەیی و نێوخۆ دەرخەری ئەوەیە کە ئێمە ڕێگای ڕاستمان پێواوە و لە دوارۆژێکی نەدوور بە ئاواتەکانمان دەگەین».

بەڕێز کەماڵ کەریمی کە حیزبەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە ڕۆژی 17ی خەرمانانـدا، لەلایەن سپای پاسدارانی تێرۆریستەوە هێرشی مووشەکیی کرایە سەر و پلینۆمی ئەو حیزبە لە خوێن وەردرا، لەو بارەیەوە ڕایدەگەیەنێ:

«لەبۆ گۆڕان و تێپەڕین لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، یەکگرتوویی و بەرە بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران بە تایبەت ئەو دەستە لەو ڕەوتە سیاسییانەی کە دەبێ بۆ دواڕۆژی ئێران، بەرنامەیەکی دیاریکراو بخەنە ڕوو کە بریتی بێ لە، دابینکردنی مافی هەموو خەڵکی دانیشتووی ئێران، زۆر پێویست و گرینگە. هەرچەند یەکیەتیی گەلانی ئێران و حیزبەکانی بەشدار لە مەیدانی تێکۆشان و خەبات دەبێ هەوڵ بدەن لەسەر داخوازییەکانی هاوبەشیان پێداگر بن و هاونیشتمانیانی تریش دەگەڵ خۆ هاوڕێ بکەن».

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------------

# د.ناهید حوسێنی: پێویستیمان بە پێکهێنانی بەرەیەکە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلام



خاتوو دوکتور ناهید حوسێنی لەدایکبووی شاری کرماشانە و لە بەریتانیا دەژی، توێژەری کاروباری ڕاهێنان و ئافرەتانە تایبەت بۆ ئێران. کارناسیی باڵا و دوکتۆرای «ڕاهێنان، ڕەگەز و گۆڕانکارییەکانیی نێودەوڵەتی»ی هەیە و خاوەنی چەند کتێب و بابەتگەلێکە لە بواری پەروەردە و ڕاهێنان و ڕۆڵی ئافرەتان لە گۆڕینی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی لە ئێراندا.

د. ناهید حوسێنی لێکۆڵەری سیاسیشە و هەر لەم ڕوانگەیەوە لەم دیمانەیەدا هەوڵ دەدرێ گۆشەنیگاکانی دۆخی ئێستەی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەودا بێنینە ئاراوە:

**کوردستان**: سپاس بۆ بەخشینی کاتتان بە ڕۆژنامە «کوردستان» و پرسیاری یەکەمم لەوەوە دەست پێ دەکەم کە بەڕای بەڕێزتان کۆمەڵگەی ئێران ئێستە لە چ قۆناغێکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دایە؟

**د. ناهید حوسێنی**: لەم دەساڵەی ڕابردوودا و هەلومەرجی ئێستەی ئێران، خەباتی خەڵک زۆرتر لە چوارچێوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەرخستووە، وەکو بزووتنەوەی ئافرەتان، بزووتنەوەی پاراستنی ژینگە، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شوناسخوازی، بزووتنەوەی کرێکاریی و هتد. هەندێجار بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند قۆناغی جۆراوجۆر پێک دێن، سەرەتا بابەتێکی دیاریکراو کە گرفتی گرووپێکی

تایبەتی کۆمەڵایەتییە لە ئاستی ئەوانەی بەرژەوەندییان تێدایە؛ دێتە گۆڕێ و پاشان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە ئاستی وڵاتدا دەخرێتە بەر ڕای گشتیی و بەهێز دەبێ و لەئاکامدا بەهۆی وەڵامدەرنەبوونێکی گونجاو لەلایەن ئۆرگانی پەیوەندیدارەوە، خواستە بەجێنەهێنراو و وەڵامنەدراوەکە دەبێتە دروشمێکی دیاریکراو و لە شەقامدا دەوترێتەوە. واتە ئەم پرۆسەیە دوو قۆناغ لە بزووتنەوە لەخۆ دەگرێ و لە قۆناغی سێهەمدا کەمتاکورتێ نارازییەکان دەر دەکەون کە کێن و دەڵێن کە چییان دەوێ و چییان ناوێ. ئەم قۆناغە زۆر گرنگە چونکە ئەگەر بزووتنەوەکە سەرکوت نەکرێ، پێ دەنێتە قۆناغی چوارەم کە هەڵبژاردنی ڕێبەرانیەتی. پێموایە ئێستە بزووتنەوەکان لە قۆناغی سێهەم دان.

نابێ ئەوەشمان لەبەرچاو نەبێ کە لە ئەگەری ڕوودانی چەند خۆپیشاندان و مانگرتنێکی بەرینی تر، گۆڕەپان و هەلومەرجی گونجاو بۆ سەرهەڵدانی ڕێبەرانێک کە بتوانن لەلایەکەوە ئەو بزووتنەوانە بەشێوەیەکی نوێ ڕێک بخەن و لەلایەکیتریشەوە کۆڕ و حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە لە کاریگەریی بزووتنەوەکاندان بە لەیەک نێزیکبوونەوە بەپێی بنەمای هاوبەش، ناچار بکەن.

**کوردستان**: بابەتێکی بەرێزتانم دیت کە ئاماژەیەکت بە دۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران کردبوو هەربۆیە دەمویست بپرسم هۆکارەکانی شکستی سیاسی و ئابووریی ئێران چین؟

**د. ناهید حوسێنی**: ئێران وڵاتێکی پڕپیت و دەوڵەمەندە بەڵام بەداخەوە بەهۆی بەڕێوەبەریی نەزانانە، ئێمە بەدەیان ساڵ لەو وڵاتانەی کە هاوئاستمان بوون، گەڕاوینەتە دواوەوە و خاوەنی ئابووریی دارماو و دواکەوتووین. بەڕای من هۆکاری سەرەکیی وەها کارەساتێک جۆری ڕوانینی حکوومەتی ئێرانە بۆ ئەم جیهانە و وڵاتدارێتیی و بانگەشەی هەناردەکردنی بەربڵاوی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی - شیعیی خۆیەتی.

یەکێک لە ئاکامەکانی وەها ڕوانینێکی کارەساتبار، هەڵسەنگاندنی عەقیدەتیی هەر شتێکی بچووک یان گەورەیە کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەبێ. لە وەها دۆخێکدا ئیتر ئابووریناس و پسپۆڕ شوێنێکی نییە کە خۆی تێدا ببینێتەوە. بڕیارە بەهۆی نەبوونی سەرپەرشتییەکی دروستەوە، دەسەڵاتداران دەبنە هۆی لەنێوچوونی سەرووەت و سامانی وڵات و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ و، ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێ و پێناخۆشبوونی وڵاتانی

ناوچەکەی بەدواوە دەبێ. تەکنۆلۆژیا لە مۆدێڕنکردنی پیشەسازیی و ئابووریدا دەور دەبینێ بەڵام حکوومەتی ئێران بەهۆی جۆری جیهانبینییەکەیەوە، نەیتوانیوە لە وڵاتانی پێشکەوتووەوە بەدەستی بێنێ. کاتێک حکوومەتێ نەتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیدا لەگەڵ وڵاتانیتر تەعامولی هەبێ، هەلومەرجی ئابوورییەکەشی تووشی مەترسی دەکا.

**کوردستان**: بەسەرنجدان بە فرەنەتەوەییبوونی ئێران، نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو جوغرافیایە دەتوانن چ ڕۆڵێکیان هەبێ لە سەقامگیریی دیموکراسی و مافی مرۆڤدا؟

**د. ناهید حوسێنی**: ڕاستە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە بەڵام نێوەڕۆکی سیستمی دەسەڵاتدارێتییەکەی لەسەر بنەمای دووچاوەگییە. خۆیی و ناخۆیی هەیە. شیعە و فارس بە شوناسی سەرتر دەزانێ و ئەم نابەرامبەرییەش بووەتە هۆی ئەوەیکە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆیان هەوڵی بەربڵاو بدەن و خوازیاریی دروستکردنی کۆمەڵگەیەک بن لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و مافی شارۆمەندی. تێکۆشەرانی ئەم بوارە خاوەنی ئەزموونی دەیان ساڵەن و بەشێکی بەرچاویان دانیشتووی دەرەوەی وڵاتن و سیستمگەلی جۆراوجۆری وڵاتدارییان دیتووە. ئەوان ئێستە دەتوانن ئەزموون و زانستی خۆیان بۆ دروستکردنی هەلومەرجێکی یەکسان بۆ هەمووان و سەقامگیریی مافی مرۆڤ وەگەڕ بخەن. پێداویستیی بەجێهێنانی ئەم ڕۆڵە، نیزیکی و هاودڵییە و پاشان هەبوونی پلان و ڕێکخستن و هەروەها بوونی میدیایەکە بۆ گەشەی کولتووریی ئەمڕۆیی کە خوازیاریی بەرامبەریی یەکسانی هەموو خەڵک بێ. دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و سامان دەتوانێ ڕکابەرێکی دروستکەر لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بخوڵقێنێ بۆ ئەوەی بەڵکوو دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان بەشێوەیەکی مۆدێڕن، نۆژەن بکەنەوە.

**کوردستان**: لەم دواییانەدا هەندێ خۆپیشاندان لە زۆربەی شارەکانی ئێران ڕوویان دا، بەڕای بەڕێزتان چ کەموکوڕی و هەڕەشەگەلێ ئەو ناڕەزایەتییانەی بەرتەسک و سنووردار کردووەتەوە؟

**د. ناهید حوسێنی**: دەکرێ وەڵامی پرسیارەکە بکرێتە دوو بەش. یەکیان ڕۆڵی حکوومەتە و ئەویتریان ئۆپۆزیسیۆنە. حکوومەت بەهۆی سەرکوتەوە نەیهێشتووە ناڕازییان ڕێکخستنیان هەبێ و کاناڵەکانی هەواڵیشی داخستووە و بەدامەزرانی ئەرتەشی سایبەری، چالاکان کۆنترۆڵ و بەرتەسک دەکاتەوە و گەشە بە بێمتمانەیی لە نێوان

چالاکاندا دەدا.

ئیسلاحتەڵەبەکانیش کە بەشێکن لە حکوومەت هێشتا ناتوانن هەڵوێستی خۆیان بەشەفافی ڕابگەیەنن و بەئومێدی پاراستنی حکوومەت و مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، پشتگیریی بونیاتگەراکان دەکەن. بۆ نموونە ڕۆڵی خاتەمی، سەرکۆماریی پێشوو لەم هەلومەرجەی ئێستەدا زیان بەپرۆسەی دێموکراسیخوازیی خەڵک دەگەیەنێ. هەروەها نابێ ڕۆڵی ئەم ئۆپۆزیسیۆنەش لە نائومێدکردنی خەڵک بە کەم بزانین. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە خاوەنی حیزبگەلێکی کلاسیک و ڕێبەرانێکە هەمیشە نەفەری یەکەمن و بەشێوەیەکی سرووشتی ناتوانن خۆیان لەگەڵ پێویستییەکانی ئەمڕۆ و هەلومەرجی نوێ بگونجێنن.

لاوبوونی حەشیمەتی ئێران و جیاوازبوونی شێوازی خەباتیان، بێگومان مەودایان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن زیاد دەکا. کەشی ئازادیی دەرەوەی وڵاتیش نەیتوانیوە ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەسەر لانیکەمەکان یەکگرتوو بکا و ببنە پشتیوانی ناڕازییانی نێوخۆی وڵات. ئۆپۆزیسیۆن ئێستەش دەتوانێ کەڵک وەربگرێ لەم کەشە و لەسەر بنەماگەلێکی هاوبەش، بەرەیەکی فراوان بەمەبەستی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی پێک بێنێ. ئێستەش هەندێ لایەنی لایەنگری چەپی کۆمۆنیستی بە خەیاڵی دژەئیمپریالیستبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتێکی ڕوونیان لەهەمبەریدا نییە و داکۆکیشی لێ دەکەن یاخود بەشێک لە هێزەکانی ڕاستی نەتەوەیی لەترسی بەسووریەبوونی ئێران، پەنا بۆ قاسم سولێمانی دەبەن. ئەوە لەکاتێک دایە ترەمپ و پوتین بەیەکەوە لەسەر دابەشکردنی وڵاتان پلان دادەڕێژن. سەبارەت بەخەڵک دەتوانم بڵێم هێشتا هاوئاهەنگییەکی گونجاو لە نێوان بزووتنەوەکان و شارە جۆراوجۆرەکان نەهاتووەتەئاراوە و ئەمە خاڵێکی لاوازە. بۆ نموونە کاتێکی ئەو خەڵکە زۆرەی پارەیان لەلایەن بانکەکانەوە خورابوو چەند مانگ لە شەقامەکان ناڕەزایەتییان دەربڕی بەهۆی فشاری دەسەڵاتەوە، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان نەیانتوانی پشتیوانییەک لەو بارودۆخە بکەن. هەروەها لە خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ساڵی ڕابردووشدا کاتێ خەڵکی بێکار خۆپیشاندانیان کرد، چینی مامناوەند کەمتر هاوکاریی کردن. ئەم لاوازییانە بەرتەسککردنەوەیەکی جیددین بۆ بردنەسەری ئاستی بزووتنەوەکان.

**کوردستان**: ئەگەر بمانەوێ ئەم باسە کۆبکەینەوە خاڵە لاوازەکان و دەرفەتەکانی بەردەم جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک کامانەن؟

**د. ناهید حوسێنی**: سیستمی سیاسی و ئابووری حکوومەت کار ناکا و ئاستی ناڕەزایەتیش زۆر لەسەرەوەیە و تابۆی دەسەڵاتی مەزهەبی شکاوە و خەڵک لە هاتنەسەر شەقام ئیتر وەکوو جاران ناترسن. لەنێو ئۆپۆزسیۆنیشدا چالاکییەکان زیاتر بووە، حکوومەت ناتوانێ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دابخا و هەرچەند سەرکوت هەیە بەڵام بزووتنەوەکانیش هەر هەن. ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵک بووەتە ڕۆژانە. وڵاتانی پشتیوانی ئێرانیش پشتیان تێ کردووە و ڕووسیە لە ئیسرائیل و ئەمریکا نیزیکتر دەبێتەوە. چین و ژاپۆن ئاستی کڕینی نەوتی ئێرانیان کەم کردووەتەوە. هەلی باشیش هەیە کە دەکرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ، وەکوو بوونی دوو دەسەڵاتی هاوتەریب لە وڵات، دەوڵەتی ڕووحانی و دامودەزگەی خامنەیی و سپای پاسداران. ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ورد بێ دەتوانێ لەم دژبەرییە باشترین کەڵک وەربگرێ. ئێرانییەکان دەتوانن کەڵک لە کەشی ئازادی دەرەوەی وڵات وەربگرن هەم بۆ یەکگرتوویی و هەمیش بۆ دیالۆگێکی بونیاتنەر لەگەڵ هێزەکانی بێلایەن و هەروەها بانگەشەدەرانی ئیسلاحخوازیی. ئاشکراکردنی نفووزییەکانی حکوومەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ کۆڕ و کۆبوونەوە. بەڵام ئەو دەرفەتەی کە نابێ لە دەستی بدەین ئەوەیە کە پێنج میلیۆن ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتن و دەبێ بەشداریی کارایان لە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێرانیی دەرەوەی وڵات بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی هەماهەنگیی و بەرەیەکی فراوان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ و نابێ خۆببوێرن لە وەدینەهاتنی؛ چونکە دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا.

**کوردستان**: پێگە و بارودۆخی بزووتنەوەی ئافرەتان لە جووڵانەوە ئێعترازییەکانی ئەم دواییانەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**د. ناهید حوسێنی**: ئافرەتان هەمیشە پێشڕەوی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی بوون بەتایبەت بەدانی درووشمی «نا بۆ سەرپۆشی زۆرەملێ» داکۆکییان لە ئازادیی تاکەکەسی کردووە. شێوەی خەباتی ئافرەتان حیزبی نییە بەڵکوو بزووتنەوەییە و ئافرەتان لە هەموو بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا بەشدار بوون. لە ناڕەزایەتیدەربڕینەکەی «کچانی شەقامی ئینقلابی تاران» کە شارەکانیتریشی گرتەوە، هەتا ئێستە ٢٩ کەس گیراون. یەکێک لە تۆمەتەکانی خاتوو نەسرین ستوودە کە ئێستە لە زیندانە داکۆکی لە مافی «کچانی شەقامی ئینقلاب» بووە. خاتوو نەرگس محەممەدی کە نەخۆشیشە خەریکی تێپەڕاندنی ١٥ - ١٦ ساڵ زیندانەکەیەتی. ئافرەتان بۆ گەیشتن بە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان هەوڵی جێی سەرنجیان داوە. هەزینەی زۆریشیان داوە و خەباتی ئافرەتان لە

هەموو ئێرانە و تایبەت بە نوخبەکانی تارانەوە نییە. ئافرەتان لە هەموو شوێنێک هەن و ناکرێ چالاکیی ئەوان بە حیزب و ڕێکخراوەیەکەوە تایبەت بکەین بەڵکوو دەبێ ببینین چ کاریگەرییەکیان هەیە بەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتیی ئێراندا.

**کوردستان**: چ ڕێگەچارەیەکی گونجاو و بەکردەیی هەیە بۆ هاوکاریی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆی وڵات؟

**د. ناهید حوسێنی**: لەڕاستیدا ئێستە خەباتی سەرەکی لە شەقامەکانی ئێرانە و لێگەڕێن ئەوان کاری خۆیان بکەن. ئۆپۆزیسیۆن بەڕای من بەدوای ئەواندا دەڕوا و ناڕەزایەتییەکان شرۆڤە دەکا، لەکاتێکدا خەڵکی ئێران هەنووکە پێویستیی بە پشتیوانە و دەبێ بۆ پشتگیرییان سەردانی ناوەندەکانی نێودەوڵەتی وەکوو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لێبوردنی نێودەوڵەتی و هتد بکرێ. لۆبیگەریی لە دەرەوەی وڵات زۆر گرینگە بۆ نموونە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانمان داکۆکی وڵاتانی ئەورووپاییە لە ئێران. دەبێ لە ئاگەدارکردنەوەدا کارا بین و یا ئیسلاحتەڵەبەکانیی دەسەڵات بە گفتوگۆ بەو قەناعەتە بگەیەنین کە ئەم حکوومەتە هیچکات ئەو کالایە نەبووە بە بالای خەڵک بێ و بەبۆنلێدان و ڕوتووشکردنی ئیتر ناتوانن بۆگەنیوەکەی بشارنەوە.

**کوردستان**: وەکو دوا پرسیار چ ئەڵتەرناتیڤێ دەتوانێ لەم کاتەدا پتر ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامیی ئێران ببێتەوە و خەڵک بەرەولای خۆی ڕابکێشێ؟

**د. ناهید حوسێنی**: پێموایە لەم کاتەدا پێویستیمان بە پێکهێنانی بەرەیەکە بۆ تێپەڕێن لە کۆماری ئیسلامی بەڵام بۆ گەیشتن بەم مەبەستە سەرەتا پێویستیمان بە هاودڵییەکیی نەتەوەیی بەدانانی بنەمایەکە. بنەماگەلێکی وەکوو دێموکراسیخوازی، جیایی دین لە دەوڵەت و قبووڵکردنی جاڕنامەی مافی مرۆڤ. هەنووکە بەرەی نامتمانەیی، جیاوازیی بیروڕای نێوخۆیی و ترس لە یەکتر، دیوارەکەی بەرزترە. لەکاتێکدا ئەگەر سەرنج بدەینە گرفتی سەرەکیی کۆمەڵگەی ئێران کە درزی گەورە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتی ئیستبدادیدا هەیە، ئەگەری گەیشتن بەهەلومەرجێ بۆ لابردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئۆپۆزیسیۆن پتر دەبێ. خەڵک لە نێوخۆ کاتێک بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین دەڕۆنە شەقامەکان لەیەکتر هیچ جۆرە پرسیارێ ناکەن چونکە دوژمنی سەرەکییان لەبەرچاوی

خۆیـان دەبیـنن. ئەگەر هەمـوو هێزەکـان ڕەزامەنـد بـن لەسـەر ئەو تێپەڕیـنە و هەڵبژاردنـی جـۆری سیسـتمی دەسەڵاتداریێتی بۆ دوایی حکوومەتی ئیسلامی هەڵبژێرن، هەلومەرجێکی گونجاوتر بۆ بەیەکەوەبوون دەخوڵقێ.

لێـرەدا پێویـستە کە ئەم ڕەخنە لە حیزبەکـانی کوردسـتان بگـرم کە ئەگەر کۆمـاری ئیسلامی بە دوژمنـی سـەرەکیی خۆیـان دەبیـنن، بـۆ یەکیەتییەکی بەکردەوەیـی لانیکەمی، دەبـێ واز لە نـاکۆکی ڕا و حیزبییـانەی خۆیـان بێـنن. کوردەکان بەسەرنجدان بەپانتایی جوغرافیایی و حەشیمەتی و ئەزموونی خەباتیـان دەتـوانن ڕۆڵـی سـەرەکییان لە سەقامگیریی دێموکراسی لە ئێراندا هەبێ. من ناتوانم لەوە تێ بگەم بۆچی بەشێکی گرینگ لەوان هێشتا بەم ڕۆڵە گرنگەی خۆیـان نـازانن؟

**زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا**

**د. ناهید حوسێنی**: سپاس بۆ ئێوەش

لە ژمارەی ٧٣١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٨

---------------------------------------------------

# حیشمەت تەبەرزەدی: باوەڕم بە فیدرالیزمە لە جۆری جوغرافیاییەکەی



**حیشمەت تەبەرزەدی** لە دایکبووی ١٣٣٨ی هەتاوییە. لە گوڵپایگانی ئیسفەهان لە دایک بووە و خوێندنی بیناسازیی لە زانکۆی ئەمیرکەبیری تاران تەواو کردووە و چالاکی سیاسیشی لە ناوەندەکانی خوێندکارییەوە دەست پێکردووە و ئێستا سکرتێری گشتیی بەرەی دێموکراتیکی ئێرانە لە تاران؛ تەبەرزەدی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان" باس لە ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر پرسە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان دەکا.

ناوبراو لەبارەی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆ و بارودۆخی ئابووریی ئێران و ئەوەی کە ئایا دەسەڵات توانای سەرکوت و بەربەرەکانی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی هەیە؟ دەڵێ: "لە کورتخایەندا دەتوانێ چونکە خەڵک و ناڕازییان ڕێکخستنێکیان نییە و دەسەڵاتیش توانای سەرکوتی زۆری لەبەردەستە بەڵام چونکە دەسەڵات توانای دابینکردنی خواستە سەرەکییەکانی خەڵکی نییە لە ئاکامدا توانای سەرکوتی کەم دەبێتەوە" موهەندیس تەبەرزەدی بەسەرنجدان بەوەی کە ئایا دەسەڵات دەتوانێ دۆخی ئابووریی ژیانی خەڵک باش بکا؟ لە درێژەدا پتر دەڵێ کە "حکوومت فەشەلی هێناوە. دەستێوەردان لە ئەرکەکان زۆرە و دەوڵەتی سێبەر یان دەسەڵاتی تەواو و ناوەندەکانی پێوەندیداری وەکوو سپای پاسدارانیش کاریگەریی لەسەر ئاڵۆزیی و بڕیاردان و جێبەجێکردن دائەنێن. ئاکامی چوارچێوەی نادێموکراتیک و دژەمرۆیی کە گەندەڵی و دزییەکی بەربڵاو و دەستێوەردان لە ناوچە و ناتەبایی ئایدۆلۆژی لەگەڵ جیهان، هەر ئەوە ناتوانایی مێژوویی لە دابینکردنی خواستەکانی خەڵکە. "مغز متفکر"ی ڕێژێم یان توانایی هەڵوێستگرتنی تووشی گەندەڵییەک بووە کە چاکسازیی تێدا ناکرێ".

**کوردستان**: **لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بەڕای بەڕێزتان ئایا هەموو ئەم بانگکردنانەی پەرلەمان و شەڕی دەسەڵاتی کۆتلەکانی ڕێژێم لەبەر ئەوە نییە کە خامنەیی وا بنوێنێ هەمووان بەجۆرێ لە گەندەڵییەوە گلاون و بەم پێیە ڕێگە بۆ کەسێک بکاتەوە کە کەمتر جێی سەرنجە بۆ ئەوەی کە بەمجۆرە جێگری خۆی دیاری بکا؟**

سکرتێری گشتیی بەرەی دیموکراتیکی ئێران بەڕاشکاوی گوتی: "من وا بیر ناکەمەوە. من ئەم بارودۆخەی ئێستە ئاکامی لۆژیکی و مێژوویی چوارچێوەی ویلایەتی فەقیە و حکوومەتی ئایدۆلۆژیا و ناوەڵامدەری ئایەتوڵڵاکانی دەسەڵاتبەدەست دەزانم".

**بەڕێز تەبەرزەدی** کە لە گۆڕەپانی سیاسی و میدیایی ئێراندا بە ڕۆژنامەی "پەیامی دانێشجو"ەوە خۆی ناساند و بەهۆی لەقاودانی گەندەڵییەکانی دەسەڵاتەوە جێی سەرنج بوو، لەبارەی خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییەی مانگی بەفرانبار و هۆکاری نایەکگرتوویی نێوان تاران و نەتەوەکانی تر بەوجۆرە باس دەکا: "ئەمن پێم وایە لە پلەی یەکەمدا هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتی وەحشیانە. هەرکات ناڕەزایەتییەک لە بەشێک یان سەندیکایەک یاخود چینێکی کۆمەڵگەوە دێتەئاراوە، بەشەکانیتر بەجۆرێک و بۆ خۆبواردن لە دانی هەزینە بەمجۆرە قەناعەت بەخۆیان دێنن کە گرفتی ئەوان نییە. لە پلەی دووەمدا ئەڵتەرناتیڤێکی گشتیی، پێکهاتەیەک لە هەموو لایەنەکان، چین و توێژەکان، قەوم یان نەتەوەکانی ئێران نییە هەتا توانایی خۆڕێکخستنێکی گشتییان هەبێ. دواهۆکاریش ئەم بێ متمانەییە بەرهەمی ٤٠ ساڵ گەندەڵیی ڕێژێمە کە خەڵکی لەیەک دوور کردووەتەوە. دیارە دەبینین بۆ نموونە لە بوومەلەرزەکەی کرماشان جۆرێک یەکگرتنی نیشتمانی و مرۆیی هاتەئاراوە کە زۆری نەخایاند".

**بەڕێز تەبەرزەدی** کە خۆی لە کەسانی کاریگەرە بۆ پێکهاتنی ئێتلافە سەربەخۆکانی دژی ڕێژێمی ئێرانە، لەبارەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری ئێران لەم ڕۆژانەدا وا هەڵی دەسەنگێنێ "ئەمن جارێ ئۆپۆزسیۆنێکی سەرانسەری نابینم. ئۆپۆزسیۆن چەند پارچە و بگرە چل پارچەیە. هەڵبەت هۆکارگەلێ لە دووبەرەکی نانەوە کاریگەرن. یەکەم بێمتمانەیی گشتیی بەرامبەر یەکتر. چونکە لە درێژایی چڵ ساڵی ڕابردوودا بەناوی شۆڕش، مەزهەب و "ڕوحانییەت"، هەموویانیان کردووەتە دوژمنی یەکتر. دووەم شەیتانییەکانی ڕێژێمە بۆ خستنەوەی ناکۆکی. سێهەم ڕۆڵی ڕووخێنەری سەڵتەنەتخوازەکانە. ئەوان بەدوای تۆڵەسەندنەوە لە حیزبەکان و شۆڕشگێڕانی ساڵی ١٣٥٧ن. لەم ڕووەوە بەدوای کەڵکوەرگرتن لەم هەلومەرجەی ئێستەن. یەکێکیان وەکوو ڕەزا پەهلەوی گەورە کردووەتەوە و

لە ژێر ناوی ئەودا هەمووکارێک دەکەن. ئەویش نە ئیرادەی هەیە و نە تەنانەت توانای زاڵبوون بەسەر ئەو دووبەرەکی نانەوەدا هەیە کە بەناوی خۆی و بنەماڵەی پەهلەوییەوە دەکرێ. بەس هۆکارێکی باشە بۆ دووبەرەکینانەوە و ڕژێمیش بەباشی کەڵک لەم دۆخی وەردەگرێ. ئەو نە ڕایدەگەیەنێ کە ئامادەیە لە ئەنجوومەنێکدا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکانی تردا بێ و نە توانای ئەوەی هەیە کە خۆی وەکوو ڕێبەرێکی کاریزما هەڵسوکەوت بکا و لەگەڵ کۆمەڵگە خۆی ساخ بکاتەوە. وەکو ئێستانی لای برین ماوەتەوە".

ناوبراو دەربارەی ئەوەی کە هەرکات پێویستییان بە کوردە سنوورپارێزی بەجورئەتن بەڵام کە داوای مافی خۆیان کرد تەجزیەتەڵەبەن کە دیارە ئەمە بەس قسەی دەسەڵات نییە بەڵکوو بەشێکیش لە ئۆپۆزسیۆن وان. بۆ هێشتا ناوەندچییەکان دەبێ وەها ڕوانگەیەکیان بۆ مافی کورد هەبێ؟ ترسێک لە داهاتووی ئێران هەیە ئەوەیە کە نەکا دووبارە دوای شا و شێخ، کوردەکان بەجۆرێکی تر سەرکوت بکرێن. چ گەرەنتییەک هەیە کە لە داهاتووی ئێراندا دووبارە قەتلوعامەکان و وێرانییەکان دژی نەتەوەی کورد نەکرێتەوە؟ ئەو دەڵێ:

"هەقتان پێ ئەدەم. ئەزموونەکانی مێژوو ئەم وتەی ئێوە پشتڕاست دەکاتەوە. من پێموایە تەنیا کۆمارێکی سێکولار کە ناوەندگەرا نەبێ و دێموکراتیک دەتوانێ دابینکەری دێموکراسیی پایەدار بۆ وەدیهاتنی مافی کوردەکان بێ. دیارە من لەگەڵ فێدراڵیزمی قەومی یان زمانی نیم. هەرچەند ڕەنگە بۆ بەشێکی وەکوو کوردستان گونجاو بێ بەڵام لە خوزستان، ئازەربایجان، هەندێ بەشی لوڕستان و تەنانەت سیستان و بەلوچستانیش گونجاو نییە و دەبێتە هۆی شەڕی قەومی. بەڵام ئەمن باوەڕم بە فێدراڵیزمی جوغرافیایی و دروستبوونی دەوڵەتەکان و پەرلەمانی ناوچەیی هەیە و پەروەردە بە زمانی دایک مافی بێئەملاولای قەومەکان یان نەتەوەکانی ئێران دەزانم.

ئەم جۆرە لە دابەشکردنی دەسەڵات و دانی سەربەخۆییەکی "نسبی" بە دەوڵەتەکان و پەرلەمانی ناوچەیی، بۆ پارێزگە یان ئەیالەتی ژێردەسەڵاتیان، دەتوانێ دابینکەری خۆشگوزەرانیی زۆرتر و دێموکراسی پایەدارتر بێ هەتا ناوەندچێتی بەشێوەیەک کە لە سەردەمی ڕەزاشا هەتا ئێستە پەیڕەو دەکرێ".

**باسەکە لەگەڵ بەڕێز تەبەرزەدی کە ئاگاداری دۆسیەی کورد لە ئێرانە درێژە دەدەم و دەڵێم لە کاتێکدا کورد لە ئێران سەلماندوویەتی کە دێموکراسیخوازە و ئاکامی ئەم خواستە لە کۆماری کوردستاندا دەبینین کە چۆن کوردەکان**

پێشڕەوی دێموکراسی لە ناوچەکە بوون و تەنانەت کاتێ دەڕوانینە وشیاریی نەتەوەیی کوردەکان لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران تاکە نەتەوەیەک بوون کە "نا"یان بە ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی وت. بەڵام هەرکات دەسەڵات لە تاران هەستی کردووە بەهێز بووە، دەستی داوەتە بەرتەسککردنەوەی مافی نەتەوەی کورد لە کوردستان و هێرشی کردووەتە سەر و قەتڵوعامی کردووە. ئایا گەشەی فکری و کولتووری خەڵکی ئێران گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئەم ڕووداوانە دووبارە نەبێتەوە؟ ئەو دەڵێت: "دەبێ ببینین هەتا چ ئاستێ گەشەی سیاسی لە نێوان خۆمان، حیزبەکان و چالاکانی سیاسی هاتووەتە ئاراوە. ئەم گەشەیە دەبێ لە مێکانیزمەکانی ڕێکخستن و ئەو چوارچێوەی بۆ حکوومەتی داهاتوو پێشنیاری دەدەین، ببینین. واتە چوارچێوەی سیاسیی داهاتوو دەتوانێ گەرەنتیی خواستە دێموکراتیکەکانی هاووڵاتییانی ئێران بێ. چوارچێوەیەک کە ناوەندگەرا نەبێ، سیکولار و بەتەواوی دێموکراتیک بێ، گەرەنتی ئەوە دەدا کە بۆ چارەسەریی کێشەکانی قەومی یان ناوچەیی و تەنانەت نەتەوەیی و سەرانسەریی بەزمانی چەک لەگەڵ یەکتر قسە نەکەین. دانوستان بکەین و لەم ڕێگەوە خۆشگوزەرانی، تەناهی و دێموکراسی بۆ خەڵکی وڵاتمان، لەهەر قەوم و زمان و ڕەگەز و مەزهەبێ فەراهەم بکەین. خەڵک چاوەڕوانییان لە حیزبەکانیان لە ئاستی ناوچەیی و نەتەوەیی ئەوەیە کە ڕەفتارێکی پێشکەوتووانەیان هەبێ. ئەمن هیوادارم خۆم وەها لیاقەتێکم هەبێ و لەم ڕێگەدا هەوڵ بدەم. حیزبەکانی کوردیش لەم چەند ساڵەی دواییدا سەلماندوویانە، هەرچەند بەشێک لە خواستەکانیان ناوچەیی یان قەومییە بەڵام هەڵسوکەوتیان نەتەوەیی و بەرپرسیارانەیە".

لە کۆتایی ئەم دیمانەدا لە موهەندیس تەبەرزەدی، سکرتێری گشتیی بەرەی دێموکراتیکی ئێران لە تاران دەپرسم کە ئایا ئەو ئیمکانە هەیە کە لە نێوخۆی ئێران، ئێتلافێ لە حیزبەکان و ڕێکخراوەکان بۆ قۆناغی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دروست بێ؟ ئەو ئەم ئەگەرە بە "لاواز" دەزانێ چونکە "سەرکوتێکی توند لەئارادایە" و لە درێژەدا دەڵێ:

"زۆریش پێویست ناکا. چونکە لە دەرەوەی سنوورەکان ئەم ئێئتلافە کەم تا کورتێ هاتووەتە ئاراوە. ئەگەر بە جددی وەربگیردرێ ئەگەری پڕکردنەوەی بۆشاییەکە هەیە. واتە شوورای دێموکراسیخوازان بتوانێ ببێتە هۆی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێز لە نێوخۆ. هەرچەند هەتا ئێستەش ئەمە نەبینراوە و دەبێ بەجددی لە هۆکارەکانی بکۆڵدرێتەوە. بێگومان هەماهەنگی کردەوەیی بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی کارا لە نێوخۆ، دەکرێ و پێویستیشە".

جێی ئاماژەیە ئەم دیمانەیە پێش هێرشی سپای تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ قەڵای دیموکرات کرا و پاش ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە بەڕێز تەبەرزەدی و حیزبەکەیان، یەکەم حیزب بوون کە ئەم هێرشەیان لەکاتێکدا لە نێوخۆی ئێرانن؛ مەحکووم کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---------------------------------------------------

# ناساندنی پرسی کورد بە پشتبەستن بە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ



١٩ی سەرماوەز (دەی دیسەمبر) ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤە کە لەلایەن یونسکۆوە دیاری کراوە. جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییە کە ساڵی ١٩٤٨ لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کرا. ئەم جاڕنامەیە سی مادە لەخۆ دەگرێ و ڕوانگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بابەت مافی مرۆڤەوە باس دەکا کە پێویستە لە هەموو وڵاتان بەڕێوە بچێ. لەم سەردەمەدا یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان کە پێوەندییەکی چڕی بە بیروڕای گشتیی نەتەوەکانەوە هەیە، ڕەچاوکردنی بنەماکان و مادەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە لەلایەن حکوومەتەکانەوە کە دەیسەلمێنێ چەندە دەسەڵاتەکەیان مەشرووع و ڕەوایە.

لەم دیمانەیەدا هەوڵ دەدەین ئاوڕێک لەم ڕۆژە بدەینەوە کە چی بۆ کورد تێدایە و هەروەها کورد چۆن توانیویەتی یان دەتوانێ کەلک لەو جاڕنامە و دامەزراوەیە بە قازانجی خەباتە ڕەواکەی وەربگرێ و بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش ڕای بەڕێزان؛ نووسەر و شرۆڤەکار کاک بێهزاد خۆشحاڵی دانیشتووی ئاڵمان و چالاکی مافی مرۆڤ کاک ئازاد سەڵەواتی دانیشتووی سویس وەردەگرین.

**کوردستان**: کاک بێهزاد جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ چی تێدایە کە کورد دەتوانێ بۆ گەیشتن بە مافەکانی کەلکی لێ وەربگرێ؟

**بێهزاد خۆشحاڵی**: جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە مادەی یەکەمدا، باسی مافی ئازادی و یەکسانی لە حورمەت و حقووقدا دەکا کە بریتین لە ئازادیی بیرکردنەوە، ئازادیی ئایین، ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ویژدان هەروەها ئازادیی کۆمەڵایەتی. تەنیا بە سەرنجدانی خاڵی یەکەم دەتوانین بڵێین کە کورد بەهۆی بێبەشبوونی لەم ئازادییە سەرەتاییانە دەتوانێ بەکەلکوەرگرتن لەو بەڵگە و دۆکۆمێنتە، ڕەوایی بە خواستەکانی خۆی ببەخشێ و بە بەراوردکردنی لەگەڵ مادەکانی جاڕنامە، خواستی کورد بکرێتە حقووقی.

لەمەڕ یەکسانی لە حورمەت و مافەکان، سێ ماف وەکوو سەرەکیترینیان لە جاڕنامەکەدا پێناسە کراون کە بریتین لە پەروەردەی سەرەتایی، تەندرووستی و دابینکردنی خۆراک. سەبارەت بە پەروەردەی سەرەتایی گەورەترین گرفتی نەتەوەی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، بێبەریبوونی لە مافی خوێندنە بە زمانی دایکی. هەروەها بە ئاماژەدان بە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی هەژاری و ستانداردنەبوونی ڕێژەی خزمەتگوزاریی تەندرووستی لە ئێران بەگشتی، کورد دەتوانێ بە ئاماژەدان بە هەژاریی سیستماتیک و بەئەنقەست کار بۆ ستانداردنەکردنی بێهداشت، دەسەڵاتی ئێران تووشی قەیرانی حقووقی بکا.

یەکێک لەو مافانەی کە کورد دەتوانێ بەو پێیە ڕەوایی بە داواکارییەکانی بدا، "مافی گەشەسەندن"ە؛ کە بریتییە لە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. بە چاوخشاندنێکی کورت بە دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەزاران بەڵگە و ئامار شایەتی ئەوە دەدەن کە کورد لە بنەڕەتدا وەکوو کورد، مافی گەشەسەندنی نەبووە و نییەتی. بۆیە زۆربەی کێشەکان لە دەستووری ئێرانەوە دەست پێ دەکا و دەکرێ وەکوو "پێشێلکاریی سەرەکی مافی گەشەسەندن" پێناسە و دۆسییە بکرێ.

**کوردستان**: دەکرێ نموونەیەک بێنینەوە بۆ ئەم باسە؟

**بێهزاد خۆشحاڵی**: بەڵێ. مەسەلەن لە بەندی ٢ دا باسی "ڕێگەپێنەدانی هەڵاواردن" دەکرێ. لەم خاڵەدا بەئاماژەدان بە جیاکردنەوە، دووچاوگی، فاتالیزمی ئێتنیکی، دوژمن سازکردن، ناعیدالەتیی بنەڕەتی، ڕەگەز، زمان، دۆخی چینایەتی و ڕوانگەی سیاسی؛ دەتوانین گەلێ فاکت بهێنینەوە کە ڕەچاونەکردن و ژێرپێخستنی سیستماتیکی ئەو خاڵانەی سەرەوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بووەتە هۆی نەبوون و نەمانی تێلۆرانس و

گەشەنەسەندن و بێوەریبوون و نەبوون و نەمانی تێلۆرانسی نەتەوەیی، ئایینی، ڕەگەزی، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی. هەروەها وەک دەرەنجامی ناڕاستەوخۆ بەئەویدی کردن، شەڕەنگێزی و جێگیرنەبوونی نیزامی داد.

نموونەیەکی زۆر دیار و بەرچاو کە دەتوانێ بەکەڵکوەرگرتن لە بەندی دوو و دەرەنجامەکانی بکرێتە دۆسییەیەکی حقووقی، هەڕەشە و هەست بە هەڕەشەکردنی گرووپە ئێتنیکی و نەتەوەییەکانە کە بەپێی بەڵگەکانی سەرکوتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، دەرفەتێکی گەورەی یاسایی بۆ ئێمەی کورد دەخوڵقێنێ. دیسانەوە بە ئاماژەدان بە بەندی ٢ و دەرەنجامەکانی وەک فاکتەرەکانی ڕەچاونەکردنی مافی ژیان، کورد دەتوانێ بە باشترین شێواز لە بەڵگەکانی سەبارەت بە کوشتنی بەکۆمەڵ، هەڕەشەی کوشتن، ئێعدام و شکەنجە و هێرشی سەربازی بۆ سەر خەڵکی سڤیل؛ کەلکی گەورە وەربگرێ بۆ سەپاندنی دەسەڵات و ڕەواییدان بەمافەکانی خۆی.

**کوردستان**: **ئەو میکانیزمانە چین کە کورد دەتوانێ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەند بەکاری بێنێ بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە لە ژێر زوڵم و زۆر دایە؟**

جاڕنامەکە بە وردی باسی ماف دەکا و بۆ هەمووشی تەنانەت بۆ ڕەوت و دەرەنجامی مافەکان، ڕێکخراوەگەلی نێونەتەوەیی ئامانجدار و بەرنامەدارێژەر و چاودێر و بڕیاردەر؛ بنیات نراوە. بۆ نموونە لە بەندی ١١دا کە مافی بێتاوان ناساندنی تاکە هەتا کاتی سەلماندنی تاوانەکە، هەروەها مافی بەهرەمەندبوون لە دادگاییکردنی ئاشکرا و دادپەروەرانە؛ چوار جۆر قوربانی پێناسە دەکا کە لە پێوەندی بەم خاڵەوە پێناسە کراون: قوربانییەکانی دیکتاتۆریی سەربازی، شەڕی چەکداری، قوربانییەکانی توتالیتاریزم، قوربانییان بە بیانووی ئەمنیەتی قەومی.
ئێوە بزانن کە لە پێوەندی بەم خاڵەوە، دەستی ئێمەی کورد چەند ئاوەڵەیە بۆ ئەوەی بتوانین قوربانیبوونی خۆمان لە دامودەزگا حقووقییەکان پیشان بدەین و لەسەر ئەو بنەمایانە داوای مافی ڕەوای خۆمان بکەین. دیارە بۆ هەمووی ئەو تاوانانە بۆ قوربانییان، بۆ بکەران، بۆ حکوومەتەکان میکانیزمگەلی چاودێری، بڕیاردان و تەنانەت سزادانیش دابین کراوە.

**كوردستان**: ئایا هەتا ئێستە كوردی ڕۆژهەڵات توانیویەتی بەگوێرەی پێویست كەلك لە ناوەندگەلی نێودەوڵەتی بۆ گەیاندنی دەنگی ڕەوای خۆی وەربگرێ؟

**بێهزاد خۆشحاڵی**: بێجگە چەند دۆسییە، بەداخەوە كورد هەرگیز هەوڵی نەداوە لەم دەرفەتە گەورەیە كەلك وەربگرێ بۆ چەسپاندنی مافەكانی خۆی. بڕوانە پاش كۆتاییهاتنی شەڕی یەكەمی جیهانی، كورد مافی سەربەخۆیی لە پەیمانی سیڤەر بەپێی بەندەكانی ٦٢ و ٦٣ و ٦٤ پێدرا بەڵام بە هەر هۆكارێك هەرگیز نەیتوانیوە لەو دەرفەتە زێڕینە كە دەروازەكانی جیهان بەڕووی نەتەوە بندەستەكان كرابۆوە كەلك وەربگرێ. هۆكارگەلێك كە ئێستاشی لەگەڵدا بێ كوردی كردووە بە هەزار دوڕگە لە جوغرافیایەكی هزریدا.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، دادگای میكونووس خاڵی بەرجەستەی بەحقووقیكردنی دۆزی كوردە كە دەتوانم بڵێم گەورەترین زەبری لە دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی ئێران دا. لەو كاتەوە بوو كە ئێران بە فەرمی و بە حقووقی وەك تێرۆریستی نێودەوڵەتی لە جیهاندا پێناسە كرا. مخابن كورد ئەو دەرفەتانە ناناسێ و گرنگیشی پێ نادا و بە دواداچوونیشی بۆ ناكا. تەنانەت زۆر جار دەبیستین و دەبینین كە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەكانی ڕۆژهەڵات و چالاكیی چەكدارییان وەك كردەوەی تێرۆریستی ناو دەبرێ. بە چاوخشاندنێكی خێرا بە دەسپێكی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، دەتوانین بە ڕاشكاوی ئەم ڕستەیە ببینین كە بەرگریی چەكداری نەتەوەی ستەملێكراو لە كاتێكدا نەتوانێ مافەكانی خۆی لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە بەدەست بهێنێ، وەك بەرگری ڕەوا و مافی بێ ئەملاوئەولا پێناسە كراوە. بەڵام بەهۆی نەزانین و گرنگی پێنەدان و پێداگرینەكردن، نەمانتوانیوە بەرگری نەتەوەیی كورد وەك بەرگری ڕەوا و بە واتا حقووقییەكەی جێگیر بكەین.

**كوردستان**: هەتا چەند مافی مرۆڤ كەرەستەیەكی سیاسییە بە دەست وڵاتانەوە چونكە هەندێك جار پێشێلكردنی بەرچاو ناكەوێ و هەندێك جاریش لە ململانێی سیاسیی وڵاتاندا باسی دەكرێ؟

**بێهزاد خۆشحاڵی**: دیارە لە زۆر شوێنگەی زەمەنیدا جۆرێك لە دووئالیتە لە بەكارهێنانی مافی مرۆڤدا بینراوە ئەم شتە حاشاهەڵنەگرە بۆیە باسی ئەوەش دەكرێ كە دەبێ هێزت هەبێ تا مافی خۆت بچەسپێنی. ئەمە ڕاستییەكی تاڵی تێدایە، بەڵام هێز چییە؟ كاتێك نەتەوەیەك بە هێز و بە ڕێكخراو و بە جەماوەر و بە بەرهەمهێنانی فیكر

نەتوانێ لە دەوری سەرەتاییترین مافەکانی خۆی کۆ ببێتەوە بێگومان دەرفەتی بەکارهێنانی هێز لەدەست دەدا. بۆیە من لەوەشدا نەتەوەکەمان بەهۆی ئەم کەمتەرخەمییەوە بە تاوانباری سەرەکی دەزانم. بیستوومانە کە پێمان دەڵێن دنیا دەزانێ کورد چی دەوێ خۆی نازانێ. بە بڕاوی من ئەم ڕستەیە واتای نەزانکاریی کوردە هەم لە باری پێکنەهێنانی هێز بە واتای هزر و کردەوەی جەماوەری لە چوارچێوەی یەک نەتەوەدا و هەم تێنەگەیشتنی لە کاریگەری، کارامەیی، کارتێکەری و شوێندانەری ماف بۆ ڕەواییبەخشین و گەیشتن بە خواستەکانی.

***

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیمانەیەدا دێینە سەر بوارە کردەوەییەکان و ئەو دامودەزگایانەی کە کورد لە پێوەندی لەگەڵ ئەو جاڕنامە و هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەتوانێ کەلکی لێ وەربگرێ و لەم بوارەوە ڕای بەڕێز کاک ئازاد سەڵەواتی وەردەگرین کە ساڵانێکە لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ژنێڤ چالاکییەکانی دەبینرێ.

**کوردستان**: بەڕێز سەڵەواتی، کورد چۆن دەتوانێ لە ڕێی دامودەزگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەنگی حەقخوازیی خۆی بە گوێی جیهانیان بگەیەنێ؟

**ئازاد سەڵەواتی**: دامودەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کورد و گەلانی چەوساوەی وەکوو کورد دەتوانن کاری زیاتر لە گەیاندنی دەنگی مافخوازانە بکەن. زانینی مکانیزمی کاری ئەو ئۆرگانانە دەتوانێ زەمانەتی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەریی کێشەکە دابین بکا. بۆ نموونە دەتوانین باسی گەلێکی بچووکی وەکوو سەحراوییەکان بکەین کە کۆی حەشیمەتیان لە سەحرای ڕۆژاوای بندەستی مەراکشدا ناگاتە ٦٠٠ هەزار کەس کە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسیان ئاوارەن و لە کەمپەکانی ئەلجەزایردا دەژین. ئەو گەلە لە ١٩٧٦ەوە لە ڕێگەی بەرەی پۆلیسارییەوە داوای سەربەخۆیی دەکەن. تەنانەت کەوتنە شەڕی چەکداریشەوە لەگەڵ مەراکش بەڵام بە کەلکوەرگرتن لە میکانیزمی کاری ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەتاکوو ئێستا توانیویەتی بەڵێنی ئەنجامی ڕێفراندۆم و چەندین بڕیارنامەی دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتگریی مافەکانیان وەدەست بێنن. گوشاری نێونەتەوەیی بۆ سەر مەراکش ئەوەندە زیاد بووە کە لەم دواییانەدا ئامادە بوون لە ژنێڤ و لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەگەڵ سەحراوییەکان کۆببنەوە. ئەوە تەنیا وێنەیەکی کەلکوەرگرتنە لە ئۆرگان و میکانیزمی کاری نەتەوە

یەکگرتووەکان. بۆیە کورد دەبێ بۆ وەدەستهێنانی پشتگری نێونەتەوەیی، بێجگە لە دیپلۆماسییەتی پێتەختەکان، لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا چالاک بێ. دەبێ پشتگیریی یاسایی و نێۆنەتەوەیی بۆ دۆزەکە وەدەست بخا. بۆ نموونە هەتاکوو ئێستا، کار بۆ ئەوە نەکراوە کە کورد لە یاسا نێونەتەوەییەکاندا وەکوو گەلێکی خۆجێیی بناسرێ. خەڵکێکی خۆجێیی دەتوانێ پشتگیریی یاسایی هەبێ بۆ داواکاری مافی دیاریکردنی چارەنووس. یان لە کەمایەتی ئێتنیکی و قەومییەوە بە گرووپی نەتەوەیی نێو وڵاتەکاندا بناسرێ کە ئەویش دەیباتە قۆناغێکی دیکەوە. یان وەکوو سەرەڕای ئەوەی کە گەلێکی قوربانی دەستی کۆلۆنیالیزم بووە، نەیتوانیوە لە پشتگیریی یاسای هەڵوەشاندنەوەی کاریگەرییەکانی کۆلۆنیالیزم کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە، بۆ پشتگیریی گەلانی قوربانی ئەو سیستمە هەڵێک بقۆزێتەوە. تەنانەت ئۆرگان و کۆمیسیۆنی تایبەتی خۆی هەیە و بەردەوام پێداچوونەوە بۆ داواکارییەکان و دۆسییەکان دەکا. بۆیە دەبێ بزانین کە کورد هەتاکوو ئێستاش کەمتەرخەم بووە لەو بارەوە و دەبێ خوێندنەوەیەکی نوێی هەبێ بۆ یاسا نێودەوڵەتی و نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان، هەتاکو بتوانێ لە یارییە یاساییەکانیشدا جێگەی هەبێ.

**کوردستان**: کوردی ڕۆژهەڵات توانیویەتی هەتا چەند لە خول و دانیشتنەکانی دامودەزگاکانی پێوەندیدار بە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەشدار بێ؟

**ئازاد سەڵەواتی**: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک هاتووە لە کۆمەڵێک ئۆرگان و دەزگای جۆراوجۆر کە بەشێوەی زنجیرەیی پێکەوە گرێدراون و کارکردن تێیدا پێویستی بەکۆمەڵێک پسپۆڕ هەیە هەتاکوو بتوانرێ دۆسییەیەک بجووڵێندرێ. کورد بەگشتی لەو بارەوە پسپۆڕ و شارەزای کەمە. ئەگەریش هەیبێ تەنیا لە چەند ئۆرگانێکدا بەشداریی کردووە ئەویش بە سەقەتی. بۆ نموونە کوردانی ڕۆژهەڵات زیاتر لە هەر بەشی دیکە لە هێندێک ئۆرگانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤدا چالاکن بەڵام نەیانتوانیوە دۆسییەی کورد بجووڵێنن. لەوانەیە کاریگەر بووبێتن لە سەر هێندێک ڕاپۆرت یان بڕیارنامە بەڵام دروستکردنی هەڵوێست و وەرگرتنی بڕیار پێویستی بە کاری جیدی و کادری پێویست و شارەزا هەیە.

**کوردستان**: چین ئەو ڕێگەیانەی کە وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانین زیاتر لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی خۆمانی تێدا ببینینەوە؟

**ئازاد سەڵەواتی**: وەدەست خستنی پشتگیریی نێونەتەوەیی بە سەر دوو ڕێگەدا دابەش دەبێ و دیپلۆماسییەتی خۆی دەوێ. یەکەم بریتییە لە دیپلۆماسییەتی پێتەختەکان؛ واتە کارکردن لە پێتەختی وڵاتانی بڕیاردەر یان کاریگەر. ئەوەیان کادری دیپلۆماتی شارەزای سیاسەت و پێوەندیی نێونەتەوەیی پێویستە. لە ئێستادا پێوەندییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە زیاتر حیزبی یان شەخسین. لەکاتی هەبوونی بەرە یان چوارچێوەیەکی یەکگرتووی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتدا، دەتوانرێ تیمی دیپلۆماسی لە حیزبییەوە بگۆڕدرێ بۆ گرووپی کار. واتە هەموو پێوەندییەکان ڕێک بخرێ لە قازانجی گەل. بێگومان لەو حاڵەتەدا زیاتر و باشتر لە موعادڵاتەکاندا جێگەت دەبێتەوە. ڕێگەی دووهەم یان هەمان دیپلۆماسییەت لە ئۆرگانە نێونەتەوەیی و بڕیاردەرە نێونەتەوەییەکان، بریتییە لە کاری ژمارەیەک شارەزای بواری یاسا و ئۆرگانە نێۆنەتەوەییەکان بۆ وەدەستهێنانی پشتگیریی یاسایی بۆ دۆزەکە. بۆ نموونە چەندین ئۆرگانی گرینگی دنیا وەکوو نەتەوە یەکگرتووەکان، پارلمانی ئوووپا و هێندێک یەکیەتیی ناوچەیی وەکوو یەکیەتیی وڵاتانی عەرەبی، وڵاتانی کەنداو، ئەمریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و...

نیزیکبوونەوە لە هەر کام لەو کۆڕانە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێ کاریان بۆ بکرێ. لە ئێستادا دوو ناوەندی گرینگ کە دەبێ وزەیەکی زیاتری بۆ دابنرێ، بریتین لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئوڕووپا. پشتگیریی یەکیەتیی ئوڕووپا بۆ حکوومەتی ئێران و درێژبوونەوەی تەمەنی ئەو حکوومەتە بەهۆی پشتگیری و ئاسانکارییەکانی ئەو یەکیەتییە ئاشکرا و بەرچاوە. بۆیە کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ بە بەشداریی بەردەوام لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یەکیەتیی ئوڕووپادا سەرەتا تۆڕی پێوەندی درووست بکا. ئەوەی کە کەجەکە و کوردی باکوور کردوویانە جێگەی بایەخە. ئەوان بە هەبوونی بەردەوام توانیویانە تەنانەت لە پشتگیریی کوردی باکوور و تورکیەدا بڕیار درووست بکەن. کەواتە کوردی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ لە بروکسێل دەستەی دیپلۆماسی دامەزرێنێ.

**کوردستان**: ئەدی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا؟

**ئازاد سەڵەواتی**: لە بواری کار لە نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا، لە ئێستادا ژمارەیەکی کەم کوردی ڕۆژهەڵات چالاکن. ئەگەرچی ئەو ژمارەیە بەس نییە و ئەو کارە کادری زۆر لەوە زیاتری پێویستە بەڵام بە بەهێزکردن و پشتگیریی ئەو ژمارە کەمەش دەتوانرێ تا ڕادەیەک کاری باشتر بکرێ. بێگومان ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئاماری و بەڵگەمەند یەک لەو شتانەیە کە دەتوانێ بەرچاوڕوونی زیاتر بداتە ڕاپۆرتێر و ئۆرگانە چاودێرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بۆیە بەپێک هاتنی کۆمیتەی مافی مرۆڤی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و هاوکاری لە گەڵ چالاکانی ئەو بوارە لە نێوخۆ و دەرەوە، دەتوانێ کاریگەرییەکی باشی هەبێ لە وەرگرتنی بڕیار بە قازانجی کوردەکانی ڕۆژهەڵات و خوراسان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## نەتەوەکانی دیکەی ئێران و کۆماری کوردستان

ئاماژە: دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، تەنیا خاڵێکی بەهێز و وەرچەرخانێکی مێژوویی مەزن لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە ئێران نەبوو؛ بەڵکوو ئەم پێواژۆیە توانیی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ڕەوتی خەبات لە بەشەکانی تری کوردستان، هەمژی گەلانی چەوساوەی ئێران دابنێ. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵ دراوە لەمەڕ ئەو ڕووداوە مێژووییە لە ڕەوتی خەباتی دێموکراسی و مافی گەلان لە نێوان نەتەوەکانی تری نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێراندا زیاتر باس بکرێ.

**حافز فازڵی**، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی «تضامن»ی ئەهواز لە گوتوبێژێک دەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» لەسەر کۆماری کوردستان و کاریگەرییەکانی بۆسەر چۆنیەتیی هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەکانی تری ئێران، دەڵێ:

ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕۆژێکی دیرۆکییە بۆ سەرجەم نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران کە لەژێر زوڵم و ستەم لە ئێراندا دەژین؛ هەروەها ڕۆژێکی مێژوویی و وەرچەرخانێکی پڕمەزنە لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد. ئەم ڕۆژە نەک هەر تەنیا بۆ کورد بەڵکوو بۆ گشت گەلانی هاودەرد دەگەڵ گەلی کورد گرینگ و مێژووییە، چونکە لەم ڕۆژەدا نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی خۆی واتە دامەزراندنی دەوڵەت و دروستکردنی دەستەڵاتێک کە هیوا و ئارمانجی هەموو گەلێکە، هەوڵی دا و ئەمەی کردە بەڵگە و سەنەد و میناکێکی زیندوو کە لە مێژووی ئەم گەلە مەزنە تۆمار کرا. هەرچەندە کۆماری کوردستان بە هۆکاری جۆراوجۆری نێونەتەوەیی نەیتوانی زیاتر لە یەک ساڵ خۆ ڕابگرێ، بەڵام ئارمان و هیوای نەتەوەی کورد و بەڵگەمەندبوونی ئەو کۆمارە لەسەر سینگ و دڵی تاک تاکی کوردەکان و ناوچەکە هەرماوە. کۆماری کوردستان بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تۆوەکەی شەهیدی نەمر پێشەوا قازی محەممەد بەسەر هەموو ئاخ و نیشتمانی نەتەوەی کوردی وەرکرد و داری ئەم بەرهەمەش لە بەهاری چاوەڕوانیی ئەو گەلە مەزنە کە بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک دادێ دەڕوێتەوە و بەر دەگرێ. بەڵێ قازی محەممەد لە سێدارە درا بەڵام هیوا و ئاواتی ئەو گەلە هیچ کات لەنێو ناچێ. کۆماری کوردستان، کۆماری ئازەربایجان، حکوومەتی ناوچەیی ئیمارەتی عەڕەبستان هەر هەموویان بەڵگەی سیاسیی هاوچەرخن کە بۆ وەدەستهێنانی مافی

دیـاریکردنی چارەنووسـی خۆیـان درێـژە بە خەبـاتی خۆیـان دەدەن. کـاتێ ئـێمە بـاسی کۆمـاری کوردستـان دەکەیـن ئامانجمـان تەنیـا باسـی ڕووداوێکـی دیرۆکـی نییە، بەڵکـوو کۆمـاری کوردستـان لە ڕاستیدا هێمـای بـوونی ویست و داواکارییەکی ڕەوا و بەحەقی نەتەوەیەک لەوێ سەردەمدا بـووە. ئەو داخوازییـانەی پـاش چەنـدین دەیە بەداخەوە ئێستـاش بە ئاکـام نەگەیـوە، ئەگە کۆمـاری کوردستـان مابـا ڕەنگە چارەنووسی کوردەکـانی هەمـوو نـاوچەکە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی دی دەبوو، ئاماژە بە کۆماری کوردستـان و سەرنەکەوتنی ئـاوات و ئامانجەکـانی ئەو لە ڕاستیا ئـاماژە بە هەرەج بەرەجی، زوڵم و چەوسانەوەی نەتەوەییە کە بۆ سەرجەم ئێمە گەلانی ئێران بەڕەوا زانـراوە. هەڵـبەت ئەو داواکارییـانەی ئـێمە داخـوازییەک نـییە کە دەگەڵ چوارچێـوەی یاسـا نێونەتەوەییەکـان و بەرژەوەنـدیی گشـتی کۆمەڵگەی جیهانی جیاوازیی هەبێ، بەڵکوو ویستی ئێمە ئەمڕۆ دەباسی مـافی مرۆڤ، مـافی شـارۆمەندی و مـافی دیـاریکردنی چارەنووسـی خۆمانـدا دەگونجێنـدرێ و دەوڵەتە دیکتاتۆرەکـانیش ناچـارن بەو دۆخەی نێوخـۆیی و نێونەتەوەیی کە هاتۆتە پێش، لە گۆشەنیگای جیاواز درەنگ یا زوو ئەو مافانە لە بەرچاو بگرن.

ئەمڕۆ کۆمەڵگەی جیهانی پاراستنی مـافی مرۆڤ و نەبـوونی فەرق و جیـاوازی لە بەرامبەر بە هەڵسوکەوت دەگەڵ بنیامەکان، ئازادییە بنەڕەتییەکان و مافی پـاراستنی شونـاسی نەتەوەیی، ئۆلی و زمانی بە مەرجی سەرەکیی دانـنان بە دەوڵەتەکان دەزانن. کەوابوو بە تێپەڕینی زەمەن ئەوەی کە نەمران قـازی محەممەد و جەعفەر پیشەوەری وەک بناغەیەکی پتەو کاریان بۆ کرد و نەیـانتوانی بەپێی ڕەوشی ئەوکـات وەک خـۆی دایڕێـژن، ئەمڕۆ وەدەستی جیلی نوێی ئەو قـارەمـانـانە کەوتـووە. دۆخی پێشکەوتوویی کۆمەڵگە مرۆییەکـان دەبەستێنی مـافی مرۆڤ و دانپێـدانانی لەلایەن دەسەڵاتدارەکان، بۆ نەوەی ئەمڕۆ بە ویست و داوایەکی ڕەوا دادەنـرێ. دیـارە کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران بێبزەیـانە بەو پەڕی چەختیگەرییەوە ئەوەی لە دەستی هـاتووە بـۆ هەلاواردن، چەوساندنەوە و زوڵـم بە نیسبەت گەلانی کورد و بەلووچ و هەموو نەتەوەکانی تر کردوویەتی و دەستی لێ نەپاراستووە، ساڵانێکە بۆ قـاڵکردنەوە و تواندنەوەی فەرهەنگی، زمانی، سووکایەتی و بێڕێزی بە گەلانی ئێران تێدەکۆشێ، ئێمە بە لە بەرچـاوگرتنی ئەو ئەزموون و بەسەرهـاتـانە گەیشتووینەتە ئەو باوەڕە باشترین ڕێکار بۆ چارەسەری ئەم پرسە فێدڕالیزمە. چونکە لە نیزامی فێدڕاڵـدا ناوەنـد وەک سەنتەر و ئـاوەزی دیکتـاتۆرییەت نـامێنێ و لەنێو دەچێ، دابەشکردنی دەسەڵات و بەشداریکردنی گشت خەڵکی لە هەموو شـار و نـاوچەیەک لە حکوومەت نەک تەنیـا ئەو ئێرانە لاواز ناکا بەڵکوو زۆریش بەهێزتـر دەبێ. عەڕەبێک، کوردێک، ئـازەرییەک، بەلووچێک، تورکەمەنێک هەتـا ئەو کـاتەی هەست بە مافەکانی خۆی نەکا ناتوانێ شانازی بە ئێرانیبوونی خۆی بکا.

**فەرامەرز بەختیار، بەرپرسی حیزبی «یەکیەتیی بەختیاری، لورستان، کەهکیلوویە و بویرئەحمەد» بە ڕوانینێکی مافی مرۆڤانە باس لە کۆماری کوردستان و خەباتی گەلی کورد دەکا و بە چاوخشاندنێک لە دۆخی سیاسی ئێستای ئێران دەڵێ:**

دامەزراندنی کۆماری کوردستان جووڵەیەکی سیاسی بوو کە بە ڕەهەندی ئەستاندنی مافی نەتەوەیی کوردەکان لە ئێران دەستی پێکرد ئەمەش دەیتوانی سەرەتایەک بێ بۆ پێشکەوتن و پەرەئەستەندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بۆ گەلی کورد، کەچی لەگەڵ هێرشی نیزامیی ئەرتەشی حکوومەتی ناوەندی ڕووبەڕوو بۆوە و کوردستان کەوتە ژێر دەستی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران کە هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد کە ئەمڕۆ لە سەرانسەری کوردستانی ئێران بەردەوام درێژەی هەیە لە ڕاستیدا درێژەی خواستە ڕەواکانی کۆماری کوردستانە، ڕێک بە پێی یاسا و پرەنسیپەکانی سیاسی جیهانی مۆدێڕن و پێشکەوتوو و پەسەندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەو ویست و داخوازییانە هیچ دژایەتییەکی دەگەڵ یاسای مافی مرۆڤی نییە و ئەم کۆمارە کە لە ٧٠ ساڵ پێش لە ناوچەیەکی پاشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕووی داوە زۆر مۆدێڕن ئەمڕۆیی و پێشکەوتووانە بووە، بەڵام دەوڵەتی ئەوکات چونکە هیچ ئاشنایەتییەکی دەگەڵ کۆنڤاسیۆنەکانی مافی مرۆڤ، دێموکراسی و ئازادیخوازی و یاسا نێودەوڵەتییەکان نەبووە، ڕووی کردۆتە ڕم و نێزە و ئەو پێواژۆ مەدەنییەی بە زەبری زۆری و دڕندانە بە چەک و جبەخانە سەرکوتی کرد جا ئەمجار دەستی کرد بە تواندنەوەی فەرهەنگی، ئابووری، ئایینی و یاساغکردنی زمانی و بێبەشکردنیان لە خەدەماتی حکوومەتی کە ئاسەواری قیزەونی ئەو کردەوانە ئەمڕۆ لە کوردستان دەبینرێ. خەباتی گەلی کورد و باقی نەتەوەکانی زوڵملێکراو لە ئێران کە ئەمڕۆ لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا دەیانبینین و گرینگترین ویژەمانی سیاسی و باسی سەرەکی جموجووڵی ڕامیاری لە ئێران و ناوچەکەیە، دژکردەوەیەکە لەبەرامبەر دژایەتیی نەتەوەیی دەوڵەتی ناوەند کە لە مەملەکەتی «مەحسوور»ی ئێران، بە نیسبەت گەلانی نیشتەجێ هەیە. ئەگە دەخوازین دێموکراسییەکی ڕاوەستاو و سەقامگیر لە ئێران هەبێ دەبێ بزانین کە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران هیچکات ناگەینە دێموکراسی. لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران، سەرجەم گەلان دەبێ مافی بەرامبەری ئینسانی و سیاسی - کۆمەڵایەتیان هەبێ و خاوەن چارەنووسی خۆیان بن. بە پێچەوانە و دەگەڵ گۆڕینی دیکتاتۆرەکان لە ناوەند، گەلانی ئێران بە ماف و ویستی خۆیان ناگەن، کوردستان دەتوانێ بەو پێیەی کە ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی سیاسی - نیزامیی ٧٠ ساڵی ڕابردووی هەیە، بیرۆکە باشەکانی بخاتە بەردەست نەوەی شوناسخواز و ئازادیخوازی نەتەوەکانی تری ئێران و بەستێن بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ئێران درووست بکا،

هزری نوێی شوناسخوازی هەروەها وەدەستهێنانی مافی پێشێلکراوی نەتەوەیی لە سەرانسەری ئێران زۆر بە خێرایی ڕێ دەپێوێ و ستەمی دینی دەستەڵاتدارانی خستۆتە ژێر پرسیار، لە جیهانی سیاسیی نێونەتەوەییش، هەڵکەوتە و ئێلیتی سیاسیی گەلان بە بەشداری لە کۆڕ و دانیشتنەکانی کۆمەڵگەی جیهانی، پرسی گەلانی ئێران و فرەنەتەوە بوونی ئەو وڵاتەیان بۆ هەموو لایەک ڕوون کردۆتەوە. ئەمڕۆ سیاسەتمەدارەکانیش ئەو پرسە چاک دەزانن کە دەبێ لە کاتی گۆڕانکاری لە ئێران، جۆراوجۆری کولتووری ( Diversity Cultural ) و نەتەوەیی و پلۆرالیزمی سیاسی کە بۆخۆیان دایانهێناوە و بەڵێنیان پێ داوە لە ئێرانژی پشتیوانی لێ بکەن هەتا بتوانین بە دێموکراسییەکی ڕاستی و واقعی بگەین، کۆمەڵگەیەکی بەبێ هەڵاواردن و هەڕەشە و سەرکوت دابمەزرێنین هەتا هەموو ئێرانییەکان دە ئاسایش و تەناهی بە هەوڵ و خۆماندوو کردن تێ بکۆشن ئەو پاشکەوتووییە تێپەڕێنن و بڕوانینە دواڕۆژێکی پرشنگدار.

**ڕەحیم بەندوویی**، **ئەندامی ڕێبەریی حیزبی «خەڵکی بەلووچستان» لەسەر گرینگی کۆماری کوردستان دەڵێ:**

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی مەرحوومی قازی محەممەد لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی ئاکامی زەمەنێک ئەزموون و هیوای تێکۆشەرانی کورد بووە، خەباتکاری کورد دوای ئەو هەمووە زوڵم و سەختی و ناخۆشییەی دوای دابەشبوونی خاکی کوردستان لە نێوان وڵاتانی هاوسێ لەلایەن دەوڵەتانی چەوسێنەری بریتانیا و فەڕانسە لە کێبەرکێ دەگەڵ ئیمپڕاتووریی عوسمانی کە بە ڕێکەوتننامەی «سایکس-پیکۆ» بەناوبانگە، قۆڵی لە خەبات هەڵمالی. هۆکاری بیچمگرتنی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئێران، بۆ ڕابوونی شۆڕشگێڕانی ئێران و سەرکەوتنی ئینقلابی مەشرووتە بەسەر زوڵم و چەوساندنەوەی قاجارەکان، کە بەپێی یاسای بنەڕەتی ئەو کات پەسەندکردنی شێوازی کارکردی سیاسیی «لا مۆنە» (عدم تمرکزگرایی) لە ژێر ناوی «ئەنجوومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی» دەگەڕێتەوە، بێشک بوونی هێزە نیزامییەکانی بریتانیا و ڕووس لەلایەک و هەبوونی هێزێکی سیاسی بەناوی «حیزبی دێموکرات کوردستان» لە لایەکی تر کە ئامرازی سازماندان و بەرنامەڕێژی تێکۆشەرانی کورد بوو، ڕۆڵێکی گرینگی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا هەبووە. حکوومەتی پەهلەوی کە کاتی خۆی لە کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەم و بە کودتای نیزامی ئینگلیسەکان و بۆ تێکشکانی شۆڕشی مەشرووتە لە ئێران قوت کراوە، بە بەرنامە و پشتیوانیی سەرەکی ئینگلیسەکان لەشکری بۆ کوردستان نارد، قازی محەممەد و بەشێک لە هاوڕێکانی لە سێدارە دران و پاش یازدە

مانگ کۆماری کوردستان هەڵوەشایەوە، بەڵام هیچ کات نەیتوانی حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەد کە ڕەگ و ڕیشەی دەنێو دڵی هەموو کوردێکی ئێران دایە لەنێو بەرێ. ئەوە بوو کە ئەم حیزبە جارێکی تر و لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) بە سەرکردایەتیی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە نێو خەڵکی کورد بە دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» سەری هەڵدایەوە و ئێستاش ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ وەدەستهێنان و دابینکردنی مافی دەسەڵاتداریی نەتەوەیی گەلی کوردە، کوردستانێک کە هەموو کات دەگەڵ ئەو هەمووە سەرکوت و زوڵمە بێبەزەیانەی کۆماری ئیسلامی، بۆتە پەناگە و قەڵایەک بۆ تەواو خەڵکی دێموکرات و بۆتە هێمای هیوا و ناوەندی خەبات بۆ نەتەوەکانی تری ژێر چەپۆکی ئێران.

**ماناس چاملی**، توێژەر و نووسەری تورک کە موتاڵە و خوێندنەوەیەکی زۆری لەسەر مێژووی هاوچەرخی ئێران بە تایبەت شۆڕشەکان و دامەزراندنی هەر دووک کۆماری کوردستان و ئازەربایجان هەبووە، لەسەر کۆماری کوردستان و پێوەندیی نیزیکی دوو گەلی تورک و کورد دەڵێ:

بێشک یەکێ لە باسە هەرە گرینگەکان و خاڵە بەهێزەکانی جووڵانەوەی گەلانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخا ئەو ڕووداوانە بوون کە لە کوردستان و ئازەربایجان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ بۆ ١٩٤٦ ڕوویان دا. جیا لەوەی کە هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو سەردەم دەبێ لە ساڵەکانی پێش، هاوکات و، دوای کودتای ڕەزاخان ببینین، بەڵام ئەوەی کە بۆ من وەک چالاکێکی سیاسی - مەدەنیی تورکی ئازەربایجان لە خوێندنەوە و دامەزراندنی دوو حکوومەتی نەتەوەیی یەکیان لە ئازەربایجان بەناوی حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و ئەوەی تریش کۆماری کوردستان گرینگی و بایەخەکی یەکجار زۆری هەیە بە تایبەت لە قۆناغی ئێستادا، وێککەوتن و پێوەندیی نێوان دوو ڕێبەر و دامەزرێنەر هەروەها دوو گەلی قارەمان و ئازادیخواز دایە. دوو نەتەوەی کورد و تورک بە پشتبەستن بە ڕووحی ئازادیخوازی و ویستی نەتەوەیی خۆیان برایانە دە ڕیزی بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆری مێرانە وەستان. هەرچەند کە ئەم دووانە بە هۆکارگەلێک کە لەم قسانەدا جێگای نابێتەوە بە ڕواڵەت تێک شکان، بەڵام لاپەڕەیەکی زێڕین لە دراوسێیەتی، برایەتی و هاوکارییان بۆ ئەو دوو گەلە تۆمار کرد کە لە جۆری خۆی لانیکەم لە ئێران ناوازە و بێهاوتا بووە.

جیا لە خزمەتی ئەو دوو حکوومەتە «نەتەوەیی - خەڵکی»یە کە لە سەر بناغەی بەرامبەری - فەرهەنگی و

ڕێزگرتنی مەقامی ئینسان دارێژرابوو، بەڵام نوێگەراییەک کە لە شێوازی دیپلۆماسی و دیسکۆرس و وێژمانی سیاسی داهێنرابوو نەک تەنیا وەک ڕووداوێکی مێژوویی ساکار بەڵکوو وەک چراتۆرێک لە بۆ هەر دووک گەلی ستەملێکراو و هەڵبەت بۆ کەلکوەرگرتنی نەتەوەکانی تری ژێردەستە لە جوغرافیای ئێران لە چاخی هەنووکەش دەتوانێ و دەبێ وەک سەرچاوە بۆی بگەڕێینەوە و زیاتر لێی بکۆڵینەوە و لە سەری بنووسین. هەروەها ئەو مۆدێل و نۆرمە پێشکەوتوو و دێموکراتیکانەی ڕێبەرانی ئەودەمی ئەو دوو حکوومەتە کە لە سەر بناغەی مافی گەلان بە پێوانەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و کولتووری زۆر پێش بەنووسراوەکردنی لە ئەرزی واقعدا خۆیا ببوو و ئەمەش ملوانکەیەکی زێڕینە کە بە سەر سینگی برایەتیی ئەو دوو نەتەوەیەوە (کورد و تورک) دەدرەوشێتەوە. ئەو ئەزموونانە جیا لە باسی بایەخی مێژوویی خۆی بۆ پەروەردەی جیلی داهاتووی ئەم دوو گەلە بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە، ئێستاش ئەو دوو نەتەوەیە و گەلانی تری وەک عەرەب، بەلووچ و... لەژێر پۆستاڵی چەوسانەوەی ئایینی مەزهەبی و دێسپۆتیزمی ڕێژیمی ئیسلامی دەناڵێنن، زۆر جێی داخە گەلانی وەها کۆن و بە ڕابردوو بەو هەمووە شۆڕش و بەرخۆدان و خۆڕاگرییە ڕەوایە ئێستاش نەیانتوانیوە بە سەرەتاییترین مافی دێموکراتیکی و مرۆڤانەی خۆیان بگەن، ئەو ڕابردوو و بیرەوەرییانەی کە ئێستاش لە هەست و نەستی دیرۆکی ئەو دوو نەتەوە تێکۆشەرە، دەگەڵ ئەو هەمووە چەواشە و درۆ و بوختان هەڵبەستنەی لانیکەم هەشتا ساڵی ڕابردوو، هەروا زیندوویە و قەت نامرێ. ئێستاش خەباتکارانی ئەو دوو ڕێبازە دێموکرات و ئازادیخوازە لەم ئەزموونانە بە شێوەی کردەیی لە تێکۆشان و خەباتی خۆیان دەگەڵ جیهانی دەرەوە کەلک وەر دەگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------

# ڕێژیمی ئێران بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو

**سامانێکی مەعنەویی مەزنی لە حیزبی دێموکرات، کوردستان، خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناڤین ستاند**

**"بێ هۆ نییە کە دەڵێن دوکتور قاسملوو نەک هەر تەنیا ڕێبەری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مافویستی کوردستان بوو، بەڵکوو لە ڕێبەرە کاریزماتیک و ئاوانگاردی پێواژۆی دێموکراسی خوازانە لە ئێران بووە. هەر بۆیەش تیرۆری ئەم کەسایەتییە و نەبوونی ئەو، زەربەیەکی بەهێز بوو؛ کە وە جەستەی ڕەوتی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای گێشتن بە ئازادی و دێموکراسی کەوت.**

**ڕۆژنامەی «کوردستان» لە سییەمین ساڵیادی تیرۆری د قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤیەن بە دەست دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆچوونی چەند کەس لە کەسایەتییەکان و چالاکانی سیاسی باقی ڕەوتە سیاسیەکان لە مەڕ تایبەتمەندییە دیارەکانی د.قاسملوومان پرسیوە."**



**"د.کەریم عەبدیان". کەسایەتیی سیاسیی عەرەب و بەرپرسی ماڤی مرۆڤی ئەهواز لە واشینگتۆن**

**ناوی دوکتور قاسملووم بۆ یەکەم جار کاتێک کە لە نیویۆرک خوێندکار بووم و وەک چالاکێکی سیاسی کارم دەکرد،**

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠ی زایینی لە هاوڕێ کوردە تێکۆشەرەکانم لە ئەمریکا بیستبوو. هەر لەو ساڵانەدا و دواتر کە بوومە بەرپرسی نێودەوڵەتیی کۆنفدراسیۆنی خوێندکارانی ئێران و چالاکییەکانم لە ئاستی ڕێبەری بە دژی شا توندەی پێ درا، زیاترم لەسەر ئەو زانی و خوێندەوە و پەیامم بۆ نارد و لەوێدا باسی ئەوەم بۆ جەنابیان کردبوو کە، خەباتی ئێمەش وەک گەلی عەرەبی ئەهواز لە ئێران هاوتەریب دەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد درێژەی هەیە و ئێمە پێکەوە هاوسەنگەرین. دوای تەواو بوونی خوێندن لە ساڵی ١٩٧٦ی زایینی بە نهێنی گەڕامەوە ئێران کە گیرام و بۆ ماوەی ٢ساڵان لە بەندیخانەی ئێڤین زیندانی کرام و هەر لەوێش بوو کە دەگەڵ زۆرێک لە خەباتکار و تێکۆشەرە ڕاستەقینەکانی کورد هەم لە زیندانی ئێڤین هەمیش لە زیندانی قەسر هەروەها لە کۆمیتەی هاوبەشی ساواک و شارەبانی، دەگەڵ هاوڕێیانی د.قاسملوو قسەم دەکرد و دوای ئازاد بوونیشم و دوای شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەردەوام پێوەندییەکانم دەگەڵ ڕێبەرانی کورد پاراست. پێوەندییەکانی ئێمە دەگەڵ دوکتور قاسملوو و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان گەلێک توندوتۆڵ و هەتا شەهیدیش بوو هەر بەردەوام بوو. ئەگەرچی ئێمە لە ساڵەکانی هەوەڵ هیندێک جیاوازیی ڕوانگەی سیاسیمان دەگەڵ د.قاسملوو و ڕێبەری حیزبی دێموکرات هەبوو، بەڵام کاک دوکتور نەک هەر تەنیا ڕێبەرێکی کورد بەڵکوو بەراستی ئەومان وەک یەکێک ڕێبەرانی نەتەوەی خەباتکاری عەرەب و هەروەها لە ڕێبەران و پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەباتی سەرجەم گەلانی شۆناسخواز، ژێردەستە و پەراوێزخراوی کورد، عەرەب، تورک، بەلووچ و تورکمان و... دەزانی و ئێستاش دەزانم. هەربۆیە بەم هۆکارانەی باسم کرد بەڕاستی بۆشایی و نەبوونی د.قاسملوو هەر وەک گەلی کورد، هەست پێدەکەم. ئەو کە لە فەڕانسە، ناوندی کۆبوونەوەی گەلانی ژێردەستی ئیستعماری جیهانی سێهەم، لە سوربۆن دەرسی خوێندبوو و لێی ژیابوو و باش دەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا و ئەمریکای باشوور ئاگادار بوو، لەو ڕوانگەیەشەوە ماموستایەکی باش بوو بۆ هەمووومان.




"محەمەد نەزەری"، ئەندامی ڕێبەریی ئەنجومەنی یەکگرتوویی تورکمان

ڕەوانشاد دوکتور قاسملوو، وەک ڕێبەرێکی زانا و پراگماتیست لە سیاسەتمەدارانی دێموکرات و ناوداری ئێرانی و ڕۆژهەلاتی ناڤین بووە. ئەو باوەڕێکی قوڵی بە پێویست بوونی مێژوویی خەڵکی ئێران بە دامەزراندن و نەهادینە کردنی دێموکراسی بۆ دەرباز بوون لە زوڵم و زۆری هەبوو و درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستانی کردبوو درووشمی ستراتژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە ساڵی ی هەتاوی ١٣٦٥ کاتێک کە ئێمە، واتە چالاکانی سیاسی تورکمان لە حیزبی توده و ڕێکخراوی ئەکسەریەت جیا بووینەوە و ناوەندێکی کولتووری و سیاسیی سەربەخۆمان دامەزراند، بەپێی ڕاپۆرتی گوتەبێژ و ڕێبەری ئەوکاتی ناوەندەکەمان، ئەم هەوڵەی چالاکانی سیاسیی تورکمان جارێکیتر وەک سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٧، لەلایەن حیزبی دێموکرات بە سەرکردایەتیی د.قاسملوو هاوکاری و پشتگیری کراین و بەو ڕوانینە یەکیەتی خوازانەیە، ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دوو نەتەوەیە ساڵانێکە کە درێژەی هەیە.

دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی چالاکیە سیاسیەکانی خۆی، تەنانەت بە مەرگی جەرگبڕی یەکجارەکیشی بۆ بە جیهانیبوونی پرسی کورد و داخوازییەکانی ئەو گەلە ڕۆڵێکی مێژوویی و لەبیر نەکراوی گێڕاوە. یادی بەڕێز و ڕێگای بەردەوام بێ.



"عەزیز دادیار"، نووسەر و چالاکی سیاسی بەلووچ

"سعدیا! مرد نکونام نمیرد هرگز
مرده آن است که نامش به نکویی نبرند"

نەمر د.قاسملوو، کەسایەتیی سیاسیی جیهانی، گەورەیی خۆی هەروا بەسووک و سانایی وەدەست نەهێنابوو، ئەو وێڕای خۆشەویستی خەڵکی نیشتمانەکەی، خەڵکی هەموو دوونیای خۆش دەویست، هەر بۆیە هەموو سوسیالیستەکانی جیهان، دۆستایەتیی ناوبراویان بە شانازییەوە وەردەگرت و ئەو بە یەکێک لە هاوڕێیان و تێکۆشەرانی جیهانی حیزبە سوسیالیستە نێونەتەوەییەکان دەژمێردرا. قاسملوو یەکێک لە مامۆستایان و بناخەدارێژەرانی، یەکیەتیی نەتەوەیی هەموو خەڵکی ئێران بوو، درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان هەرماوترین دروشمی سیاسی لە ڕێگای یەکیەتیی نەتەوەیی هەموو ئێرانیەکان بووە.

ئەو لەنێو سیاسەتمەدارانی ناسراوی ئێرانی، یەکێک لە ئاوارتەترین سیاسەتمەدارنی وڵات بوو کە «سازانی سیاسی» لە کرداری خۆی، وێڕای مەرگ و نەمانی خۆی، لە مەیدانی سیاسەتدا، شرۆڤە کرد. کاتێک کە حکوماتی ئاخوندی، ڕێوی ئاسا ویستیان خەڵکی کوردستان بە چەواشەکاری و درۆ لێی داماڵن و ئەو وەک کەسێکی دژە ئاشتی نەتەوەیی بناسێنن، ئەو گیان و ڕۆحی خۆی خستە نێو گۆمی زێڕینی ڕاستی و گیان لەسەردەست ئامادەی خەبات دەگەڵ مردنێک بوو هەتا سیاسەتی مەلا و کاربەدەستانی ڕێوی حکومات بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکا. ئەگە جار جارە لە سیاسەتەکانی ناوخۆی کوردستانی ئێران، لێرە و لەوێ، ئەمجۆرەی هێندێ لە گرووپە سیاسیەکانی کوردستان بە ڕخنە و لۆمە، کەموکووڕیەکی لێ دەگرن، هیچ لە سیاسەتەکانی و کەسایەتیی شوێندانەری جیهانیی ئەو زاتە کەم نابێتەوە، چوونکە ئەو ناوازە و ئاوارتەیەک لە جیهانی سیاسەتدا نەبوو و هەموو کەسایەتییە مەزنەکانی جیهانی، تووشی ئەو خاڵانە بوونە و ئەویش وەک هەموو مرۆڤێکی سیاسی و ڕیالیستی جیهان بووە. د. قاسملوو لە بەرەو پێشبردنی خەباتی سیاسی خەڵکی کورد لە ئێران، بەردەوام ڕێگای درووستی یەکیەتیی نەتەوەیی دەگەڵ هەموو خەڵکی دەویست، هەربۆیە ئەمڕۆ، هەموو ئێرانییەکان، ئەو وەک گیانبازی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی دەناسن و لە نەمانیدا وێڕای شین گێران سڵاو و سپاس دەنێرن بۆ ڕووح و ڕەوانی ئەو بلیمەتە و یادی هەردەم بەرز ڕادەگرن.



"ڕئووف کەعبی"، ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتیی فیداییانی خەڵقی ئێران

دوکتور عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو هەم بۆ کوردستان و هەمیش بۆ کۆمەڵگەی ئێران سامانێکی سیاسیی لەبڕاننەهاتوو بوو کە توانیی کاریگەریەکی زۆر لە سەر کۆمەڵگەی خۆی دابنێ. ئەم سامانە مەزنە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر مێزی گوتوبێژ لە ئێمەی ستاند، زەربەیەکی گەورە بوو بۆ سەر حیزبی دێموکرات و کوردستان و کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش. من، بەڕێزیانم بۆ یەکەم جار لە میتینگە مەزنەکەی مهاباد کە چاوپێکەوتنێکی کورت بوو دیت، ئەم دیدار و جڤینانە بەردەوام هەبوون و بەڕێزیان کەسایەتییەک بوون کە هەر جارێ کە دەمدیت، شتێکی تازەی لێ فێر دەبووم، د.قاسملوو دەگەڵ هەبوونی جیاوازی بیروڕا کاریگەری لەسەر بەردەنگەکەی خۆی دادەنا.

د.قاسملوو هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆرشی گەلانی ئێران هەوڵی ئەوە دا کە بەرەیەک لە هێزە دێموکرات و پێشکەوتن خوازەکان پێک بێنی و دواتر هێزەکان بەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە دوکتور قاسملوو وەک زەرورەتێک دەیدی، گەشتن. پێوەندیە بەربڵاوەکانی لە، پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بووە هۆی ئەوە کە بتوانێ باشتر پرس و داخوازییەکانی کورد لە کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکان باس بکا. ناوبراو لە یەکەم کەسایەتییەکانی کورد بوو کە توانیبووی بەو ئاستە بەربڵاوە پرسی کورد لە جیهاندا بێنیتە بەرباس و بیناسێنیت.

وێڕای ئەو هەمووە کێشە و گرفتەی نێو ژیانی و دووری لە نیشتمان و وڵات و خوێندن لە زانستگە و وەرگرتنی

بڕوانامە، دوکتور قاسملوو توانی ژان و دەردی خەڵکی کورد بگەیەنێتە کۆمەڵگە ئوروپاییەکان. کاتێک کە د.کوشنێر کە ئەو کات وەزیری ساخلەمیی فەرانسە بوو و لە مەراسیمی ناشتنی دوکتور قاسملوو قسەی کرد گوتی: «د.قاسملوو ماموستای دێموکراسیی من بوو». ئەمە نیشاندەری چالاکییەکانی پێشووی دوکتور قاسملوو لە بەرگری و ناساندنی خەبات و تێکۆشانی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

------------------------------------------------------

# فەراز فیرووزی: دانانی ڕەییسی لە لایەن خامنەییەوە بەمانای بەکەم زانینی شعووری گشتیی خەڵکە



ئەو هەواڵەی کە ئەم ڕۆژانە زیاتر سەرنجی عەداڵەتخوازانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا دوو حوکمی سەیروسەمەرە بوو کە یەکیان دانانی ئیبراهیم ڕەییسی بۆ سەرۆکایەتیی دەزگای دادی ئێران لەلایەن خامنەییەوە و، ئەوی تریان سەپاندنی حوکمی دوازدە ساڵ زیندان بەسەر پارێزەر نەسرین ستوودەدا بوو.

بۆیە دەڵێم دوو حوکمی سەیروسەمەرە چونکە هەر لە پڕوپاگەندەی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێران بوو کە حەسەن ڕۆحانی بە ڕووی ڕەییسی هێنایەوە کە دەستی لە گەندەڵیی ئابووریدا هەبووە و تەنانەت دژبەرانی ڕەییسی نازناوی قازیی مەرگیان بەو دابوو. ئەمە چۆنە لە دەسەڵاتێکدا کە خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر عەرز و «ولی امر مسلمین جهان» ئەزانێ، کەسێکی گەندەڵ و قاتڵ بەپێی حوکمی ویلایەتی فەقیهـ ئەبێتە سەرۆکی دەزگای داد و پارێزەرێک کە کاری داکۆکی کردن لە مافی خەڵکە دەخرێتە زیندانەوە؟ بۆ زانیاریی ورد و دروست لە پێکهاتەی دەزگای داد لە ئێران ڕووی ئەم دیمانەیە لە کاک فەراز فیرووزییە. ناوبراو کارناسیی باڵای یاسای لە زانکۆی عەلامەی تاران وەرگرتووە و ئێستە خوێندکاریی دوکتورای یاسایە لە ئاڵمان.

**فەراز فیرووزی** کە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شاری سنە لەدایک بووە، سەرەتا لەسەر چۆنیەتیی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەزگای داد بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا دەڵێ: «پێش ئەوەی بمەوێ وڵامت بدەمەوە بە پێویستی

دەزانم بەکورتی لە بارەی چوارچێوە و هەیکەلی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بدوێم. ئاشکرایە دوای دامەزرانی مەجلیسی خیبرەگان کە لە ڕاستیدا بنەماکەی بەپێی پێوەرگەلی دێموکراتیک نییە و بوون و هەڵبژاردنی ئەندامەکانی هەر لەخۆیدا جێی پرسیارە و لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم مەجلیسەش لەبیرمانە کە هەرچەند شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو دەنگی هێنابۆوە، لەبەر مەترسیی گیانیی نەیتوانی بەشدار بێ و خومەینی چاوەڕێی دەکرد کە دوکتور گەیشتە تاران نەهێڵێ بگەڕێتەوە. ئەو مەجلیسە کە لە دۆخێکی توندی سەرەتای شۆڕشدا دەستووری ئێرانی دارڕشت. پێشنووسێکی دەستوور کە دوکتور ناسر کاتووزیان و چەند مامۆستایەکی بەرزی زانکۆ نووسیبوویان؛ وەلانرا و بەبێ لێکۆڵینەوەی ورد لە بنەماگەلی سەرەکیی یاسایی ئەو پێشنووسەی کە ئایەتوڵڵا محەممەد بیهێشتی دەیویست، پەسەند کرا.

بەڕای من خراپترین ئەسڵی دەستوور کە دەیتوانی پاش بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی و بەرامبەر وەستانی «مەشرووتە» و «مەشرووعە» بەیەکەوە هەیانبێ، ئەسڵی چواری دەستووری ئێستای ئێرانە. ئەم ئەسڵە سەرچاوە و دایکی یاساگەلی نۆرماڵی ئێرانە. لەم ئەسڵەدا سەرچاوەی سەرەکیی قانوونی بنەڕەتی، فیقهی ئیسلامیی دیاری کراوە کە ئەمە بووەتە هۆی ژێر ڕکێفخستنی هەموو بەشەکانی تری قانوونی بنەڕەتی. واتە بەپێی ئەم ئەسڵە تەنانەت ڕێسایەکیش ناتوانێ بەپێچەوانەی ئەسڵی چواری دەستوور بێ. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە مەبەست لە فیقهی ئیسلامی، فیقهی ئیمامییەیە. واتە ئەگەر پارلمان پەسەندکراوێک بۆ «مەجلیسی خیبرەگان» ئەنێرێ، بەپێی فیقهی ئیمامییە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. پاش سەرنجدان بە ئەسڵی چواری دەستوور، دەبینین کە زۆر ئایدۆلۆژیک و ئیسلامییە.

لە بواری قانوونی گشتیشەوە کە لە خۆیدا لە دەستووری ڕۆژاواییەوە وەرگیراوە و هەرچەند هەندێ لە فەقیهانی ئەم دواییە باسی قانوونی گشتیی دەکەن بەڵام ناتوانرێ لەگەڵ دەستووری وڵاتانی ئورووپایی بەتایبەت فەڕانسە بەراورد بکرێ.

**بەکورتی لەگەڵ دەستوورێکی ئایدۆلۆژی لەسەر بنەمای فیقهی ئیمامییە بەرەوڕووین. بەم پێشەکییەوە کە باسم کرد دەتوانین وردتر باسی دانانی سەرۆکی دەزگای داد بکەین.**

ئەسڵی ١٥٦ و ١٥٧ی دەستووری ئێران باسی پێکهێنانی دەزگای داد و چۆنیەتیی دانانی سەرۆکی ئەو دەزگایەیە. لە ئەسڵی ١٥٦دا دەبینین کە دەزگای داد، بێجگە لە پێڕاگەیشتنە دادوەرییەکان، خۆی بە زامنی مافی تاکەکەسی و ئازادییە مەشرووعەکان دەزانێ. بە کورتە ئاوڕێک لە ڕەوتی کردەوەیی دادوەریی دەزگای دادی ئێران، کە لەسەر بنەمای فیقهی ئیمامییە و شیکردنەوەی فەقیهانی شووڕای «خیبرەگان «ـە، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا زامنی پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە کە بەپێی فیقهی ئیمامییە لە «اوجب واجبات «ـە. واتە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی بەپێی فتوایەکی بەناوبانگی خومەینی کە خۆیان پێی دەڵێن «احکام ثانویە»، پاراستنی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە «واجباتی دین»یش واجبترە.

بەسەرنجدان و زانین و ڕوونکردنەوەی کورت و پێویست لەمەڕ ئەسڵی ١٥٦ی دەستوور بەم ئەنجامە دەگەین کە ئەو ئامانجانەی باس کرا، نەپێکرا بێجگە لەو «مادە واحدە»ی کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا مەحموودی هاشمیی شاهڕوودی دەربارەی مافی شارۆمەندی پەسەند کرا؛ بەڵام ئەویش نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.
لە ئەسڵی ١٥٧ی دەستووردا هاتووە کە سەرۆکی دەزگای داد دەبێ ئەم پێنج تایبەتمەندییەی هەبێ: ئیجتیهاد، عەدالەت، ئاگاداری لە ڕەوتی دادوەری، مودیر و مودەبیریش بێ و، لەدوای ئەم تایبەتمەندییانە ئەو کات ویلایەتی فەقیه حوکمەکەی بدا. دیارە دەکرێ زۆر لەسەر ئەم تایبەتمەندییانە قسە بکرێ بەڵام من زیاتر هەوڵ ئەدەم لە بواری یاساییەوە بابەتەکە شی بکەمەوە.

«اجتهاد» لە پاش ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بەوە کورت کرایەوە کە خاوەنەکەی بتوانێ «استنباط» لە فیقهی ئیسلامی لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا بکا، بەڵام «عەدالەت» چەمکێکی ئینتزاعیی هەیە و هیچ جۆرە پێوەرێک لەبەر دەستدا نییە کە بتوانرێ عادڵبوون یان نەبوونی کەسەکە هەڵبسەنگێنێ. خاڵی گرینگ لەم پێنج تایبەتمەندییەی بۆ سەرۆکی دەزگای داد دانراوە ئەوەیە کە سەرۆکی دەزگای داد، شارەزا و پسپۆڕ بێ لە سیستم و ڕەوتی دادگا و دادوەریی، کە دانەری ئەم یاسایە لەم بەشە هەرە گرینگەدا هاتووە کەمترین ئاستی پسپۆڕی بۆ تایبەتمەندیی سەرۆکی دەزگای داد داناوە، ئەویش واتە «ئاگاداریی لە کاروباری قەزایی».

ئەم چەمکە کەمترین ئاستی پسپۆڕییە بۆ کەسێک لە پێگەی سەرۆکی دەزگای داد کە دەیەوێ لە ئێرانێکی پتر لە ٨٠ میلیۆنی و فرەنەتەوەییدا عەدالەت و یەکسانی هەبێ. ئەم چەمکە لە ڕاستیدا چەمکەکانی تری داپۆشیوە و

سیستمێکی دادوەریی بێلایەن و سەربەخۆ خەوشدار دەکا. ئاستی ئەم ئاگاداربوونە هەتا چەند دەتوانێ ببێ و زۆر پرسیاری تر کە بێ وڵامن. بەپێی ڕەواڵێک کە سەرۆکەکانی دەزگای داد لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیانبووە کەمتر دەرچووی زانکۆی یاسا بوون و خوێندنی ئاکادیمییان بووە بەڵکوو پتر خوێندنی فیقهییان بووە.

فەراز فیرووزی کە خوێندنی کارناسی و کارناسیی باڵا و مافی مرۆڤی لە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی تاران بە پلەی یەکەوە درێژە داوە و دواتر بووەتە پارێزەری «سازمان بازرسی کل کشور»، «باشگاه ورزشی شهرداری سنندج»، «مدیر گروه حقوق دانشگاه پیام نور سنندج»، «مدیر حقوقی اتاق بازرگانی سنندج»، لەسەر ناساندنی ئیبراهیم ڕەییسی و چۆنیەتیی دانانی بە سەرۆکایەتیی دەزگای داد، پێمان دەڵێ: «لەبارەی ڕەییسی بەپێی ئەو سیڤییەی باس کراوە لە بەکالۆریۆسەوە هەتا دوکتورا لە زانکۆی موتەهەری بووە بەڵام کاتێ دەڕوانیتە ئەو چەند بەرپرسیارێتییەی هاوکات بەیەکەوە هەیبووە بێگومان زەحمەتە توانیبێتی بخوێنێ.

لە پاش قەتڵوعامی زیندانییانی سیاسیی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی چەند کاتی هەبووە کە دادستانی تاران بێ و «بازرس کل کشور» بێ و... دوکتورای یاساش بخوێنێ و نامەی دوکتوراش بنووسێ؟ من ڕەییسیم لە نێزیکەوە دەناسی هیچ باوەڕی بە ڕێکخستن و تەشریفاتی دادوەری نییە. لە کۆلێژی یاسا خوێندکار نەبووە و لەو باوەڕە دایە «تەشریفاتی دادڕەسی» شتێکی بێکەلکە.

**لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەدی چۆن کەسێکی وا لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بە سەرۆکی دەزگای دادی وڵاتێک دادەنرێ، دەڵێ:**

بێگومان ئەمە پرسیارێکی بەجێیە کە چۆن دەکرێ کەسێک دەستی لە قەتڵ و کوشتاری زیندانییانی سیاسیدا بووبێ و تۆمەتبار بێ بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی، بەڵام بە سەرۆکی دەزگای داد دیاری دەکرێ. ئەمە پرسیارێکی گەورەیە بۆ یاساناسان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە. دانانی ڕەییسی لەلایەن خامنەییەوە بەمانای بەکەم زانینی شعووری گشتیی خەڵکە. ڕەییسی هیچکات بەرپرسی هۆبەیەکی دادوەریی وەئەستۆ نەبووە و هەر لە سەرەتاوە حوکمی قازیی شەرعی دەسەڵاتی هەبووە. ئەو لە سەرەتای شۆڕشی ئێران ئەندامی دەستەی چوار کەسیی دانی حوکمی ئێعدام بووە.

فیرووزی کە ئێستا لە شاری هامبوورگی ئاڵمان دەژی و خوێندکاری دوکتورایە، لە درێژەدا دەربارەی سیستمی دادوەریی ستاندارد دەڵێ: سیستمی دادوەریی ستاندارد بە یاسای گونجاو و ڕێکخستنی ئیداری و دادوەری و پارێزەریی دەناسرێتەوە کە ئەم تایبەتمەندییانە لە سیستمی دادوەریی ئێراندا بوونیان نییە.

ئەو لە کۆتاییدا لەسەر ڕۆڵ و پێگەی پارێزەر لە ئێراندا گوتی: گرنگترین بنەمای هەر دەزگایەکی داد دوو بەشی دادوەریی و پارێزەرییە کە دەبێ هەردووکیان «مصونیت »یان هەبێ، کە لە ئێرانی پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی مافی سەربەخۆیی کارکردن لە پارێزەر زەوت کرا.

لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی شووڕای شۆڕش پەسندی کرد کە پێنج کەس لە پارێزەرانی دەسنیشانکراو لەژێر سەرپەرستیی شۆڕای ئەوکاتی سەرپەرستیی دادگوستەری، سەندیکای پارێزەران تەسفییە بکەن و ئەو ڕوانگەیە زاڵ بوو کە وەکوو کارمەندێ بڕواننە پارێزەر و هەرکات پێیان خۆش بوو ئەو مافەی لێ بستێننەوە. واتە لێسەندنەوەی سەربەخۆیی لە پارێزەر و خاڵی جێی سەرنج لەم کارەساتە ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی دوو حیزبی نێهزەتی ئازادی و جیبهەی مللی، لە شۆڕای شۆڕشدا بوون و بەم هەنگاوەیان سەربەخۆیی سەندیکای پارێزەرانیان بردە ژێر پرسیارەوە. ئەم بەرتەسککردنەوە درێژەی کێشا و لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی ئەمجارەیان لە تیمێکی سێ کەسی، دوو پارێزەر و دادوەرێ لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕاسپێران کە بەناوی چاکسازی لە سەندیکای پارێزەران، پاکتاوێکی تریان دەست پێکرد. ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی یاسای وەرگرتنی مۆڵەتی پارێزەری باسی کۆمیسیۆنێک دەکا، کە ئەندامانی لە هەر پارێزگایەک بریتین لە سەرۆکی دادگوستەری، سەرۆکی سەندیکای پارێزەران و سەرۆکی هۆبەی یەکی دادگەی شۆڕش.

ئەمانە ئەژماری پارێزەران و تاقیکردنەوەی گشتیی دیاریی دەکەن هەروەها ئەم سێ کەسەن کە دیاریی دەکەن ئەو کەسەی وا خوێندنی ئاکادیمی یاسای تەواو کردووە و داوای مۆڵەتی پارێزەریی دەکا چەند و هەتا چ ڕادەیەک باوەڕمەند بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتی فەقیهە. کە خۆتان بڕواننە پێکهاتەکە بەتایبەت سەرۆکی دادگای شۆڕش کە خودی ئەم دادگایە بوونی لە بواری یاساییەوە جێی پرسیارە؛ زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. کەمایەسیی هەرە بەرچاو و گرنگ لە دەستووری ئێراندا نەبوونی دادگەی دەستوورە بۆ چاودێری بەسەر ئیجرای دەستووردا. لە دەستووری ئێراندا جێی مافی مرۆڤ بەتاڵە.

ئەوەی کە بۆچی عەلی خامنەیی ویلایەتی فەقیهی ئێران، ئیبراهیمی ڕەییسی وەک سەرۆکی دەزگای داد دادەنێ، ڕێک بەو مانایەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئەسلامیی ئێرانەوە ئەم حکوومەتە ناتەبایە لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ. کاتێ بەوردی وتەکانی ئیبراهیم ڕەییسی لە کۆبوونەوەی گشتی بۆ دەسبەکاربوونی لە سەرۆکایەتیی دەزگای داد دەبیستی بێگومان بەو ئاکامە دەگەی کە ئاسۆیەکی پڕ لە ڕۆژانی توندوتیژی بۆ عەداڵەت و دادوەری لە ئێران لە پێش دایە، چونکە ناوبراو ڕایدەگەیەنێ بنەمای دەزگای داد فەرمان و حوکمەکانی ویلایەتی فەقیهی ئایەتوڵڵا خامنەییە و؛ دوکتورینی خامنەییش بەها نەدانە بە مافەکانی مرۆڤ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

---------------------------------------------------

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧١٩ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠١٩ی زایینی**


پیرۆز بێ
٢٦ ی سەرماوەز
سڵاو لە پێشمەرگەی ژن و ژنە پێشمەرگە
٢٦
1945
ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەلە
R.N